# چل ڕێسای عیشق

## چیرۆکی شەمسی تەبریزی و جەلالەددینی ڕۆمی

## لە رۆمانەکەی ئەلیف شافاک

# چل ڕێسای عیشق

## چیرۆکی شەمسی تەبریزی و جەلالەددینی ڕۆمی

## لە ڕۆمانەکەی ئەلیف شافاك

نووسینی

د. عوسمان یاسین

٢٠١٩

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ● چل ڕێسای عیشق

(چیرۆکی شەمسی تەبرێزی و جەلالەددینی ڕۆمی لە ڕۆمانەکەی ئەلیف شافاک)

● **د. عوسمان یاسین**

● **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر

● **بەرگ:** هۆگر سدیق

● **نرخ (٢٠٠٠) هەزار**

● **چاپی یەکەم:** ٢٠١٩

● **تیراژ:** (٥٠٠) دانە

● **چاپخانەی: خانی (دهۆك)**

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٨٨٨) ساڵی(٢٠١٨)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (١٠٢٧)**



**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

# ناوەڕۆك

ئەلیف شافاك ........................................................ ٧
چل ڕێسای عیشق ..................................................... ١٧
**بەشی یەکەم:** زەوی، ئەوشتانەی کەرەقەکار و جێگر و سەختن لە ژیان .......... ٢٣
**بەشی دووەم:** ئاو، ئەوشتە شلانەی کردەگۆڕێن، ناتوانرێت پێشبینی بکرێن ........ ٤٣
**بەشی سێیەم:** با، ئەو شتانەی دەوجولێنەوە و گەشە دەکەن، سەرکێشی و مەیدانخوازی دەکەن.......... ٥٥
**بەشی چوارەم:** ئاگر، ئەو شتانەی کە زیانبەخش و وێرانکار و تێکشکێنەرن. ................ ٨١
**بەشی پێنجەم:** نەبوون (عەدەم ـ بەتاڵ): ئەو شتانەی کە لەمیانەی نادیارییانەوە ئامادە و هەن......... ١٤٠
**سەرچاوەکان** ..................................................... ٩١

# ئەلیف شافاك

## ئەو ڕۆماننووسەی بە هزری سۆفیگەرییانەوە دەنووسێت

ئەلیف شافاك(شفق) Elif Şafak نووسەری بە ڕەچەلەك تورك لە شاری (ستراسبورغ) ی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٧١ لە دایك بووە، باوكی ناوی (نوری بیلغین) و دایكی ناوی (شافاك ئتیمان)ە، ئەلیف نازناوی شافاك كە ناوی دایكییەتی بەخۆوەدەگرێت لە جیاتی ناوی باوكی، دیكی ئەلیف كارمەندی دیبۆماسی بووە وكاتێك كچەكەی تەمەنی یەك ساڵان بووە لە پیاوەكەی جیابوویتەوەو لەگەل ئەلیف بەیەكەوە ژیاون، لەبەر ئەوە لەجیاتی ناوی باوكی ئەلیف ناوی دایكی هەڵگرتووە[(١)].
ئەلیف لە بارەی سەرەتای ژیانی خۆیدا دەڵێت: لە فەڕنسا لە دایك بووم، دواتر لەگەل دایكمدا گەڕاینەوە توركیا، دوای ئەوەی لەگەل باوكمدا جیابوونەوە، دایكم پەروەردەكرتنی منی گرتە ئەستۆ،ئەمەش كاریگەرییەكی قوڵی لە سەر كەسایەتیم ونووسینەكانم هەبووە، لە كۆمەلگایەكی پەتریركی وەكو توركیا ئاسایی نییە كە دایكێك لەكاتی نەبوونی خێزانێكی گەورەدا پەروەردەكردنی كچەكەی بگرێتە ئەستۆی

---

(١) د.عوسمان یاسین، ڕۆماننووس ئەلیف شافاك: ئەو نووسەرەی بە مەیلی سۆفیگەرییانەی خۆی ئافرەتە بێ دەنگەكان بە قسە دەهێنێ و خەڵكە پەراوێزخراوەكان دەدوێنێ، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ١٩٩٤ ڕۆژی پێنج شەممە، ٢ تشرین یەكەم، ٢٠١٤، لاپەڕەكانی ١٦-١٧.

خۆی، لە تەمەنی نۆساڵی ودەساڵی مندا دایکم لەکاری دیپلوکاسی دامەزرا. بەیەکەوە لەگەل دایکم سەفەرمان کرد بۆ مەدرید و عەمان وکۆلۆنیا، بەم شێوەیە منداڵیم یەکسانە بە جیهانی هەموو دونیا، دواتر بەجیهانیبوون بووە هەلبژارنێکی کەسی خۆم، بەچەمکی جیهانیبوون ژیانم هەلبژارد، هەروەکو ئافرتێکی بەدەوی کە گەڕۆکەو هەمیشە لە کۆچکردندایە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەلیف بوویتە هاوسەری رۆژنامەنووسی تورکی ئەیوب کان، کچێکی بەناوی(زیلدا) وکوڕێکی بەناوی(زاهر)ە هەیە.

ئەلیف شافاك بە هەردوو زمانی تورکی و ئنگلیزی ڕۆمان دەنووسێت، لەم بارەیەوە دەلێت: گەورەترین مەترسی کە ڕوو بەڕووی نووسەر دەبێتەوە چادێریکردنی خودیە (الرقابە الژاتیە)، من وشەکانم خۆش دەوێت، بە رێگای سۆفییانەوە بە دوای وشەکان دا دەگەڕێم،کاتێك بە زمانی ئنگلیزی دەستم بە نووسین کرد، هەندێ کەس لە تورکیا بەوە تاوانباریان کردم کە من خیانەت لە ولاتەکەم دەکەم وواز لە زمانی دایکم دەهێنم. من پێموایە دەشێت مرۆڤ خاوەنی چەندان کلتور و زمان بێت. زمانی ئنگلیزی بە لای منەوە زۆر وەرزشکارییانەیە، بەلاَم زمانی تورکی تورکی زیاتر سۆزدارییانەیە،، من بە شێوەی جیا جیا بە هەردوو زمانی ئنگلیزی و تورکییەوە پەیوەستم،بە زمانی ئنگلیزیدا ئاسانتر دەتوانم باسی گالتەو گەپ و خۆشی بکەم، بەلاَم هێزی دەربڕین لە ئازار و ئەشەنجەدا لە زمانی تورکیدا دەبینم.

تاکو ئێستا ئەم نووسەرە چەندان ڕۆمانی نووسیوە، کە بەهۆیانەوە چەندان خەلاَتی ئەدەبی و هونەری جیهانی پێبەخشراوە، لە ڕۆمانەکانیدا سودی لە کلتور وچیرۆکی ئافرەتان و کەمە نەتەوەییەکان و کۆچبەران وەرگرتووە. گرنگی دەدات بە مێژوو وفەلسەفە و سۆفیگەری، هەروەها گرنگی بە کلتوری زارەکی دەدات. خۆی لەم بارەیەوە دەلێت: من هەمیشە گرنگیم بە چیرۆکی ئافرەتە بێ دەنگەکان داوە، ئەو چیرۆکانەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگێڕدرێنەوە، کلتوری زارەکی و حکمەتی ئافرەت سەرچاوەی ئیلهام بەخشن، لەبەرئەوە منداڵیم سەرچاوەی ئیلهامی

بەرهەمەکانمن، لەبارودۆخی خێزانێکی باوکسالاری تەقلیدی تورکی پەروەردە نەکراوم، دایکم بە تەنیا پەروەردەی کردوم، چەندان ساڵی ژیانم هەر لەگەل ئافرەتاندا بەسەر بردووە، داپیرەکانم و پلکەکانم وئافرەتە دراوسێکانمان، باوك لەماڵماندا نەبوو.

ئەم نووسەرە یەکەمین ڕۆمانی بەناونیشانی (سۆفی- *Pinhan*) لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکردەوە، کە بەهۆییەوە خەلاتی ڕۆمی لە لایەن کۆمەلەی ئەدەبی مەولوی پێ بەخشرا، ئەو خەلاتەی بە باشترین کتێب دەبەخشرێت، کە لەبواری ئەدەبی عیرفانیدا نووسرابێت. دووەم ڕۆمانی بە ناوی (ئاوێنەکانی شار- The Mirrors of the City) لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکردەوە، کە باس دەرکردنی خێزانێکی جولەکە دەکات لە ئسپانیادا کە کۆچدەکەن وپەنا بۆ ئمپراتۆریەتی عوسمانی دەبەن، هەروەها باسی تاوانەکانی دادگاکانی پشکنین لە سەدەی حەڤدەم لە ئسپانیادا دەکات، هەروەها تێیدا باسی سۆفیگەری لای جولەکە و ئیسلام لەهەمان سەردەمدا دەکات، ئەم ڕۆمانەش خەلاتی یەکێتی نووسەرانی تورکیای بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ سێیەمین ڕۆمانی بە ناوی (تێڕوانینێکی قوڵ Mahrem- **النظرة العميقة**) بڵاوکردەوە. چوارەم ڕۆمانی بە ناوی (کۆشکی کێچ (ئەسپێ)- **قصر القمل**-The Flea Palace) لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکردەوە[٢]، کەباس لە چیرۆك و ژیانی چەندان خەڵکی ناو باڵەخانەیەك دەکات، کە لەناو جەرگەی ئەستەمبول دایە.

پێنچەمین ڕۆمامی ئەلیف ویەکەمین ڕۆمانی بە زمانی ئنگلیزی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە ناونیشانی (The Saint of Incipient Insanities -**قديس الحماقات الأولى**- یەکەمین قەشەی گەمژەکان) بڵاوکردەوە، کە باس لە چیرۆکی چوار قوتابی مەغریبی وئیسپانی و تورکی و ئەمەریکی دەکات کە بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژین لە

(٢) ئەم ڕۆمانە لە دوو وەگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی هەیە، یەکەمیان لە زمانی تورکی لە لایەن عبدالقادر عبداللی بە ناونیشانی(قصر القمر) لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوە.دووەمیان لە لایەن محمد درويش بە ناونیشانی (قصر الحلوى) لە ساڵی ٢٠١٦ لە دار الآداب چاپکراوە.

ئەمەریکادا٠ ئەم ڕۆمانە باس لە کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئینتما و کلتوری ئاینی دەکات.

شەشەمین ڕۆمانی بە ناوی (منداڵە فڕێدراوەکەی ئەستەنبول- The Bastard of Istanbul-لقیگە إستانبول) لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکردەوە[٣]، کە پڕفرۆشترین ڕۆمان بوو لە تورکیا دا، باس لە خێزانێکی ئەرمەنی و خێزانێکی تورکی دەکات، ئەویش لە میانەی تێڕوانینی ئافرەتان لە ناو ئەم دوو خێزانەدا. ئەم ڕۆمانە ئاماژە بەو کۆمەڵکوژییە دەکات کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە تورکیادا بەرسەر ئەرمەنییەکاندا هاتبوو. لەبارەی ئەم ڕۆمانەیەوە ئەلیف دەڵێت: وای بۆ دەچم کە من لەبەرئەوەی منداڵیم تەمومژاوی بووە، بۆیە هەوڵمدا لە بارودۆخی ئەرمەنییەکان بکۆڵمەوە، ئەوکاتەی لە ژیانمدا دەرکم بەوەکرد کە بە بێ ڕابردوو ناتوانم پەرە بە کاروانی ژیانم بدەم، ئەمە ڕاستییەکە سەبارەت بە خەڵك ومیللەتانیش، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمیشە بە ڕابردوویەوە پەیوەستە، ناتوانین بە بێ ڕابردوو بەرەو دواڕۆژ هەنگاو بنێین وپێشبکەوین، لەو باوەڕەدام ئەوەی کە پێویستمان پێیەتی ئەوەیەکە لەیەك کاتدا بیرەوەری و لەبیرکردن بەیەکەوە ببەستینەوە، بیرەوەری بەرپرسیارەتییە، من ڕەخنە لە وڵاتەکەم دەگرم لەبەر ئەوەی نایەوێت ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ ببێتەوە، سەبارەت بە کۆمەلکوژی ئەرمەنییەکان لە لایەن تورکیاوە. هەروەها ڕێگری دەکات لە لێکۆلینەوە و گەڕان بەدوای هۆکارەکانی ئەو مەرگەساتە.

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە(منداڵە فڕێدراوەکەی ئەستەنبول) بوو هۆی ئەوەی کە ئەلیف شافاك لە لایەن داگای تورکیاوە حوکمی بەندکردنی بەسەردا بدرێت، بەهۆی ئەوەی کە گوایە سوکایەتی بە نەتەوەی تورك کردووە، بەڵام دواتر حوکمەکە پوچەڵکرایەوە، داواکەش لە لایەن کۆمەلەی مافپەروەران بەرزکرایەوە، کە پارێزەری ڕاسترەوی تورکی کمال کرینجسیز سەرۆکایەتی دەکرد، هەر ئەوکەسەش کاتی خۆی

(٣) اليف شافاك، لقيطة إستانبول، ترجمة خالد الجبيلي، منشورات الجمل، الطبعة الاولى ٢٠١٢.

داوای هاوشێوەی دژی رۆمانووس ئۆرهان پامۆك بەرزکردەوە، کە لەبەر نەبوونی بەڵگە داواکە ڕەتکرایەوە.

ڕۆمانی چل ڕێسای عیشق، کە ناونیشانە لاوەکییەکەی بریتییە لە(چیرۆکی جەلالدین ڕۆمی). بەزمانی ئنگلیزی نووسراوە، لە ساڵی ۲۰۱۰ بڵاوکراوەتەوە(٤). ئەم ڕۆمانە باس لە دوو کات دەکات، کاتێکی کۆن کە سەردەمی شمسی تەبریزی و رۆمیە، کاتێکی نوێ، کە سەردەمی ژیانی ئیلایە لەگەل عەزیز(أ. ز. زاهارا) نووسەری دەستنووسی رۆمانی کفرێکی شیرین. لەبەر ئەوە دەتوانین بلێن ئەم ڕۆمانە دوو رۆمانە لە ناو یەك رۆماندا.

لەم ڕۆمانەدا شمس تەبریزی کە دەچێتە شاری قونییە پێش ئەوەی جەلالەدینی ڕۆمی ببینێ، سەرخۆشێك و ئافرەتێکی لەشفرۆش و گەدایەك دەبینێ، کە ئەو زانایانەی لە بورجی بەرز وبالاوە دەژین نایانبینن، بەڵام شمس هەولدەدات کە گەورە زانای شاری قونییە ڕۆمی ئەم خەڵکە پەراوێزخراوانە ببینێ و هەست بە موعاناتیان بکات. دواتر لە مامۆستا و واعیزێکی ئاینی دەیکاتە شاعیرێکی سۆفیگەری.

لە ساڵی ۲۰۱۲ دا، ئەلیف شافاق ڕۆمانی (ناموس-شرف-HONOUR) بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە. لە پێشەکی ئەم ڕۆمانەدا نووسەر دەڵێت: کاتێك لە تەمەنی حەوت ساڵان دابووم، لە خانویەکی سەوزدا دەژیان، یەکێك لە دراوسێکانمان کە بەرگدرویەکی لێزان بوو، لە لێدانی ژنەکەی ڕاهاتبوو، شەوانە تا بەیانی گوێمان لە گریان ودادوفیغان بوو، بەڵام بەیانیان ئاسایی دەبوونەوە، هەموو گەڕەکەکە وا خۆیان نیشاندەدا کە شەو گوێبیستی هیچ نەبوونەو هیچیان نەبینیوە، ئەم ڕۆمانە پێشکەشە بەوانەی گوێیان لێ دەبێت و دەبینن. وەرگێڕی چاپی عەرەبی ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ۲۰۱۳ د. محمد درویش لەپێشەکیەکەیدا بە ناونیشانی (ئەلیف شافاك چاوی لە سەر کەمایەتییەکانە) دەنووسێت: ئەلیف شەفاك لە ڕۆمانی ناموسدا لاپەڕەیەکی دیکە لە

---

**(٤) اليف شافاك، قواعد العشق الاربعون، رواية عن جلال الدين الرومي، ترجمة خالد الجبيلي، دار طوى، لندن ، الطبعة الاولى ۲۰۱۲ .**

لاپەڕەکانی نائومێدی کۆمەلایەتی وئەتنی و نەتەوایەتی لەسەر ئاستی کلتوری ودەروونی و ئابووری دەخاتە ڕوو، کە لە بەشەکانی تورکیای هاوچەرخدا لەئارادایە، کە تێیدا کەمایەتی نەتەوەی کوردی دەژین وپارێزگاری لە بەها و داب ونەریتەڕەسەنەکانیان دەکەن، دەربارەی ژنهێنان وشوکردن و ناموسپارێزی و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان(٥).

لەم ڕۆمانەدا نووسەر باس لەو پەراوێزخراوانەی نەتەوەی کوردی دەکات کە لە تورکیادا دەژین، مەرگەساتەکانیان دەخاتە ڕوو. لەبارەی پەراوێزخستنی زمانی نەتەوەی کورد لەو ولاتەدا لە ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە باسی چوونە قوتابخانەی منداڵێکی کورد دەکات: پێش ئەوەی پیمبی PEMBE بچێتە قوتابخانە قوتابخانە زۆر لەوە دڵنیا بوو کە هەموو خەڵك بە زمانی کوردی دەدەوێن، بەڵام ئێستاکە دەرکی بەوە کردووە کەوا نەبوو، لەبەر ئەوەی خەلکێکی زۆر زمانی کوردی نەدەزانی(٦). ئەم پیمبیە دایکی بەزمانی کوردی ناوی لێنابوو بەخت، خوشکە جمکەکەشی ناولێنابوو بەس، دواتر باوکیان ناویانی کردە پیمبی و جەمیلە.

کاتێك بەخت-پیمبی و بەس –جەمیلە لە یەکێك لەگوندەکانی نزیك فورات، (لە نزیك شاری ئورفیە) لە دایك بوون، شەرەف زیاتر لە مانای وشویەکی دەگەیاند، بەڵکو ناوێك بوو لە ناوەکان، دەکرا کوڕێك کە لەدایك دەبوو ناو بنێی شەرەف لەبەرئەوەی کوڕە، چونکە پیاوەکان شەرەفن، هەموو گەورەکان وپیرەکان تاکو منداڵە بچوکەکانیش کە شیرە خۆرن دەگرێتەوە، بەڵام ئافرتان شەرەفیان نییە، بەڵکو لەبەرامبەردا شورەییان هەیە، کە ناوێکی خراپە و هیچ کەس ئەم ناوە لەمنداڵەکانی نانێت(٧).

---

(٥) اليف شافاك، رواية شرف، الجزء الاول ، ترجمة د. محمد درويش ، دار الآداب للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٣، ص ١٠-١١.

(٦) اليف شافاك، سةرضاوةى ثيَشوو، لاثةرِة ٢٧ .

(٧) اليف شافاك، سةرضاوةى ثيَشوو، لاثةرِة ٣٧ .

سەبارەت بەبوونی مەیلی سۆفیگەریانەی نووسەر لەم ڕۆمانەدا بەئاشکرا دەدەکەوێت، بەتایبەت لەو کاتەی کە ئەو ئافرەتە پیرەژنەی کە داوی لێدەکەن ناو لە کوڕەکەی پیمبی بنێت، کە سیری مندالّەکە دەکات پێشبینەیەك دەکات و بەدایکی دەلێت:وای دەبینم ئەو مندالّەت دلّت پارچەپارچە دەکات[٨]. دواتر ناوی ئەسکەندەر لەمندالەکە دەنێت، کە دواتر لە زیندانێکی لەندەن بە ئەلکسی تاوانبار ناو دەبرێت، کە بۆ پاراستنی شەرەفی خێزانیان دایکی (پیمبی) دەکوژێت. ئەمەش پێشبینیەکی سۆفیگەریانەیە کە دێتە دی.

هەروەها هەندێ بۆچوونی فەلسەفیانەش لەسەرزاری کارەکتەری ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی سادە دەخرێنە ڕوو: لەم دونیایەدا حەکیمێکی تەواو نییە، ئێمە هەموومان بڕێك لە لێزانی و بڕێك لە گەمژەییمان تێدایە، هیچ حیکمەتێك بەبێ گەمژەیی نابێت، هیچ خۆبەزلّزانینێکیش بە بێ شورەیی نابێت[٩].

ئەلکس نایەوێت حەقیقەتی تاوانەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسان بدرکێنێت، چونکە لای وایە ڕۆژنامەنووسان گرنگی بە ڕاستییەکان نادەن، بەلّکو تەنیا لە هەولّی ئەوە دان وکار بۆ ئەوەدەکەن بتخەنە چوارچێوەی حیکایەتێك کە لە مێشکی خۆیان دایە[١٠].

ئەلیف بیرەوەرییەکانی خۆی و ئەزموونی دایکایەتی بە ناونیشانی شیری ڕەش(الحلیب الاسود) بلاّو دەکاتەوە. کە لە سەرەتادا باس لەوە دەکات کە دایکایەتی گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەر ژیان و بیرکردنەوەی هێنا، چونکە ئەو ڕۆژەی هەستی بە وەکردووە مندالّی لە سکدایە، ئافرەتە نووسەرەکەی ناوەوەی ترسا، ئەمە

---

(٨) الیف شافاك، سەرضاوةی ثیَشوو، لاثةرِة ٥١ .

(٩) الیف شافاك، سەرضاوةی ثیَشوو، لاثةرِة ١٨٣ .

(١٠) الیف شافاك، سەرضاوةی ثیَشوو، لاثةرِة ٢٥٥ .

لەکاتێکدا ئافرەتکەی دەروەی دڵخۆش بوو، کەوتە نێو کێشمە کێشم و ملّملانێیەوە. لەوە دڵنیایە کە ئەم یاداشتەی بە شیرێکی ڕەش و مەرەکەبێکی سپی نووسیوە[١١] .

دوا ڕۆمانی ئەلیف بەزمانی ئنگلیزی بە ناونیشانی (سێ کچی حەوا Three Daughters of Eve)[١٢] کە باس لە سێ ئافرەتی مسولمان دەکات ناویان بێری(توکیا) و شیرن(ئێران) و مونا(میسر)یە، ئەو سێ ئافرەتە خەڵکی هەرسێ ولاتی تورکیا و ئێران ومیسرن، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەخوێنن. لەمیانەی ئەم سێ کەسایەتییەدا باس لە کێشە و ململانێی ئایدیۆلۆجی و ناسنامە و مەسەلەی ئیمانداری دەکرێت. ئەم سێ کەسایەتییە کە سەر بە سێ ولاتی جیاوازن، لە ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەراست، تێڕوانینی گشتگیریانەی نووسەر بۆ کێشەکانی ئەم ناوچەیە دەردەخات. لەمیانەی باسکردنی ئیمانداری و بێ ئیمانیدا لەم ڕۆمانەدا ڕێگایەکی دیکە لە ئارادایە،کە ئەویش ڕێگای سێیەمە، کەخۆی لە پەیوەندییەکان و گفتوگۆکانی هەرسێ کەسایەتیەکەدا دەنوێنێت، کە سروشتێکی فەلسەفی و دایلیکتیکی بەخۆوە دەگرن[١٣].لەم رۆمانەدا الیف باس لە دیوێکی دیکەی چەمکی ئیمان دەکات، چونکە هەروەك خۆی دەڵێت: ئێمە وەك لیبرالێکی چەپ (الیسار الليبرالى) تاکو ئێستا کارێکی باشمان ئەنجام نەداوە دەبارەی گفتوگۆکردن لەمەڕ لایەنی زانستخوازانەی ئیمان، چونکە مەرج نییە ئیمان هەر تەنیا چەمکێکی ئاینی بێت. کاتێك حەز بەوە دەکەیت بۆ ولاتێکی نوێ گەشت بکەی بە بێ ئەوەی لێکدانەوەیەکی لۆجیکیت بۆ ئەو حەزەت هەبێت، ئەمە لایەنێکی ئیمانە، کاتێك

---

**(١١)اليف شفق، حليب اسود، ترجمة احمد العلي، مسكيليانى للنشر والتوزيع، تونس العاصمة، الطبعة الاولى ٢٠١٦، ص ١٧، ١٩.**

**(١٢) ئەم رۆمانە لەساڵی ٢٠١٧ وەرطێرِدراوەتە سەرزمانی عەرەبی ، بروانە: أليف شافاك، بنات حواء الثلاث، ترجمة محمد درويش، دار الآداب، بيروت، الطبعة الاولى ٢٠١٧.**

**(١٣) ممدوح فرّاج النّابي ، أليف شفق في عمل روائي جديد: (بنات حواء الثلاث) والبحث عن طريق ثالث، صحيفة العرب، السبت ٨ يوليو/تموز ٢٠١٧، العدد: ١٠٦٨٥، ص ١٢.**

دەست بەنووسینی رۆمانێك دەكەیت بە بێ ئەوەی بیرۆكەی سەركەوتنت لەو كارە هەبێت ئەنجامی دەدەیت، ئەمە لایەنێكی دیكەی ئیمانە، كاتێك كەسێكت خۆش دەوێت، بە بێ ئەوەی بزانیت كە ئەو كەسە بەختەوەرت دەكات یاخود نا، دەكەویە داوی خۆشەویستییەوە، ئەمەش دیوێكی دیكەی ئیمانە(١٤). لە راستیدا ئەمە تێروانینی سۆفیگەریانەی نووسەرە بۆ ئیمان.لەبارەی بیركردنەوەی سۆفیگەریانەوە ئەم نووسەرە لە چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی دەڵێت(١٥): هەرچەندە لەبارەی سۆفیگەرییانەوە بخوێنیەوە، ناچارت دەكات زیاتر گوێ بگری، لە كاتێكی دیاریكراودا بە شێوەیەكی سۆزداریانەوە بە سۆفیگەرییەوە پەیوەست بووم. لە سەرەتای تەمەنمدا گرنگیم بە تێگەیشتنی دونیا نەدەدا، تەنیا دەمویست جیهان بگۆڕم، ئەویش لە میانەی فیمینیزم و نیهلیزم و ژینگەخوازی، بەڵام هەرچەندە زیاتر لەبارەی سۆفیگەریەوە دەمخوێندەوە، زیاتر هەستم بە نەزانی دەكرد، لەبەر ئەوەی سۆفیگەری ناچارت دەكات ئەو شتانە بسڕییەوە كە دەیزانی، یاخود كوێرانە باوەڕیان پێی دەهێنی، تاوەكو سەر لە نوێ دەست بە بیركردنەوە بكەیەوە، نەك بە عەقلت، بەڵكو بە دڵت بیر بكەیەوە. هەر لەو چاوپێكەوتنەدا ئەلیف كە پرسیاری داڕشتنی چڵ رێسكەی ناو رۆمانی چڵ رێسای عیشق لێ دەكرێت، لە وەڵامدا دەڵێت: ئەم رێسایانە لە میانەی سەرقاڵبوونم لە نووسینی رۆمانەكە هاتنە كایەوە، كە كەسایەتیەكانی ناو رۆمانەكە ئیلهامی ئەو رێسایانەیان پێ بەخشیم، سەمشی تەبریزی كەسایەتییەكی جوانبەخشە لە هەموو بیروباوەڕەكانی تێپەڕاندووە، دڵی بۆ سەرجەم رەگەزی

---

(١٤) مقابلة مع الروائية التركية اليف شفق: بدأت الكتابة مبكراً لأنني كنت طفلة وحيدة، ترجمة : احمد الزبيدي، ملحق جريدة المدى اليومية، ملحق اوراق، .

(١٥) الكاتبة اليف شفق: اهتمام القراء والجوائز التي نلتها اهم بكثير من العقبات التي في حياتي الادبية، ترجمة وتقديم علي عبدالامير صالح، منشور في: تاتو، جريدة ثقافية شهرية تصدرها مؤسسة المدى للاعلام والثقافة، العدد ٣١، السنة الثالثة، ١٥ تشرين الاول ٢٠١١، ص ٢٠-٢١.

مرۆڤایەتی کردۆتەوە،کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جەلالەدینی ڕۆمی هەبووە، ئەو ڕێسایانەم بە ئیلهامانە داڕشتووە کە کەوپێی بەخشیوم[١٦].

لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی (ئەلیف شافاك) دا زۆر بە ڕوون وئاشکرا دەردەکەوێت، کە ئەم نووسەرە ئافرەتە، بە مەیلێکی سۆفیگەریانە وئاسۆی بیرکردنەوەیەکی فروان هەولّدەدات باس لە خەڵکە پەراوێزخراوەکانی ولاتی تورکیا بکات، و دەنگە کپکراوەکانیان لە میانەی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکانیدا بخاتە ئاخافتن.

---

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢١ .

# چل ڕێسای عەشق

ڕۆمانی چل ڕێسای عـەشق (The Forty Rules of Love )، ئەلیف شافاك لە ساڵی ٢٠١٠ بەزمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، لە لایەن خالد الجبیلی وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ناوونیشانە لاوەکییەکەی بریتییە لە (چیرۆکی جەلالەددین ڕۆمی)، لە ساڵی ٢٠١٢ لە دەزگای تەوا چاپی یەکەمی بلاوکراوەتەوە. بەزمانی فارسی دوو وەرگێڕانی بەناوونیشانی (چهل قانونی عشق) بۆ کراوە، یەکیان لەلایەن مەرزیە ئەحەدی، کە پێدەچێت لە زمانی تورکییەوە وەریگێڕابێت، ئەوی دیکەیان لەلایەن مهرنوش عدالت وەرگێڕراوە.

هەوڵ دەدەین لەم باسکردنەدا خوێندنەوەیەکی کوردییانەی ئەم ڕۆمانە بکەین، کە تێیدا زیاتر پێداگیری لە سەر وەرگێڕانی چل ڕێساکان دەکەین، یان بەلایەنی کەم ئەو ڕووداوانەی، یان ئەو سیاقانەی کە ئەو ڕێسایانەی تێدا باس کراوە بە کورتکراوەیی بخەینە سەر زمانی کوردی، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە باسکردنە، زیاتر لە وەرگێڕانێکی کورتکراوەی دەچێت، وەرگێڕانێك کە کرۆکی ڕۆمانەکە بەخۆوە دەگرێ، نەوەك شیکردنەوەو قسەکردن لە سەر ناوەڕۆك و شێوازی ڕۆمانەکە، واتە خوێندنەوەیەکی سەربەخۆیانەمان ئەنجام نەداوە، کە تێیدا دەقئاوێزانی و شەنوکەوکردنی تێمەی ڕۆمانەکە ئەنجام بدرێن، تاوەکو خیتابی تایبەتی خوێنەر، یان ڕەخنەگر بێتە کایەوە. ئەم جۆرە باسکردنە لە میانەی وەرگێڕانێکی کورتکراوە هەرگیز ئەلتەرناتیڤی

وەرگێڕانی سەرجەم ڕۆمانەکە نییە[١٧]، زیاتر لەم باسکردنەدا پشت بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەستراوەو هەندێ جاریش وەرگێڕانە فارسییەکەی مەرزیە ئەحەدی و دەقە ئینگلیزییەکە سوودیان لێ وەرگیراوە، کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەو قسەیەی شەمسی تەبریزی دەست پێ دەکات (کاتێك منداڵ بووم، خواوەندم بینی، فریشتەم بینی، نهێنی هەردوو جیهانی سەرو و خواروم بینی، وام زانی کە هەموو پیاوەکان ئەوەیان بینیوە، بەڵام هەر زوو دەرکم بەوە کرد، کە ئەوانەیان نەبینیوە).

ئەم ڕۆمانە باس لە دوو کات دەکات، کاتێکی کۆن کە سەردەمی شەمسی تەبریزی و ڕۆمییە، کاتێکی نوێ، کە سەردەمی ژیانی ئیلایە لەگەڵ عەزیز(أ.ز.زاهارا) نووسەری دەستنووسی ڕۆمانی (کفرێکی شیرین).

سەرەتای ڕۆمانەکە نووسەر لەگەڵ خوێنەردا دەدوێت و وێنەیەك دەهێنێتە بەرچاو، کاتێك بەردێك دەخەیتە ناو ئاوی ڕووبارێك، ئاوێکی ڕۆیشتوو (FLOWING WATER) شەپۆلێکی بچووکی بازنەیی دروست دەبێت و بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئاوی ڕووبارەکە شەپۆلە بچووکەکان لەباوەش دەگرێت و قووتیان دەدات، بەڵام ئەگەر بەردێ بخەیە ناو ئاوی گۆمێك-ئاوێکی وەستاو - بازنەی شەپۆلەکان لە شوێنی بەردەکە بڵاودەبنەوە و فراوان دەبن، تا دەگەنە کەناری گۆمە ئاوەکە. بەم جۆرە بەرد خستنە ناو ئاوی ڕووبارێك کارێکی ئاساییە، جووڵەیەك

(١٧) پوختەی ئەم نووسینە پێش وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ زمانی کوردی (بڕوانە: ئەلیف شەفەق، چل ڕێساکەی عەشق، ڕۆمانێکە دەربارەی جەلالەدینی ڕۆمی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە جەلیل کاکە وەیس ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ٢٠١٥ ) بە سێ بەش لە هەر سێ ژمارەی (٢١٧ و ٢١٨ و ٢٣٤) گۆڤاری ڕامان بڵاو بوویتەوە. بە شاهێدی گۆڤاری ڕامان ئەوکاتەی ئەم بابەتەم بۆ ناردن هێشتا کتێبەکە لە لایەن مامۆستا جەلیل کاکە وەیس نەکرابووە کوردی ، بەڵام لەبەر دوور و درێژی ئەم نووسینە کورتکرایەوە، ئەمەش وایکرد کەمێك بڵاوکردنەوەی دوا بکەوێت. بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢١٩ لە ٢٠١٥/٧/٥ لاپەڕە ١٠٤.

ڕوودەدات، وەك هەر جووڵەیەكی دیكەی ناو ئاژاوەی ڕووبارەكە، بەڵام ئەگەر بەردەكە كەوتە ناو ئاوێكی وەستاو، ئەوە ئاوەكە وەك خۆی نامێنێتەوە. بەدرێژایی چل ساڵان ژیانی ئیلا وەك گۆمە ئاوێكی وەستاو وابوو[18].

خستنە ڕووی ئەم وێنەیە لە لایەن نووسەرەوە لە پێشەكی ڕۆمانەكەیدا، لە دوای تەواوكردنی ڕۆمانەكە ماناكەی دەكرێتەوە، چونكە دواتر دەردەكەوێت كە عەزیزی نووسەری دەستنووسی ڕۆمانی كفرێكی شیرین، دەبێتە ئەو بەردەی گۆمی وەستاوی ژیانی ئیلا دەشڵەقێنێ. دوای ئەوەی ئیلا عەزیز دەناسێت، ئەویش لە ڕێگای ئەو دەستنووسەی دەزگایەكی ئەدەبی پێی دەدات بۆ هەڵسەنگاندن و شیاوبوونی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی دەستنووسەكە ئیلا ژیانی دەگۆڕێت و ئاوێتەی بۆچوونەكانی شەمسی تەبریزی و ڕۆمی دەبێت، لە ڕێگای ئەو ئیمێڵەی عەزیز لەسەر دەستنووسەكەی نووسیوە ئیلا لەگەڵیدا لە پێوەندی بەردەوامدا دەبێ.

سەرەتای ڕۆمانەكە بە كاتە نوێیەكە دەست پێ دەكات، كە باس لە خێزانێكی جوولەكە دەكات بە ناوی ڕۆبنشتاین، كە لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە شاری نورسمیتۆنNorthampton لە ویلایەتی ماساشۆستسی Massachusetts ئەمەریكی دەژین، ئیلا ڕۆبنشتاینElla Rubinstein تەمەن چل ساڵە، پیاوەكەی دیڤید پزیشكێكی ددانە و سەركەوتووە لە پیشەكەی، پارەیەكی باشی بۆ خێزانەكەی كۆكردووەتەوە. كچە گەورەكەیان ناوی جانێتە Jeannette لە كۆلیژە، هەروەها كوڕ و كچێكی جمكیان هەیە، كە ناویان (ئۆرلیOrly) و (ئاڤیAvi)یە، ئەمە جگە لەوەی ئیلا سەگێكی هەیە كە ناوی سپیریتەSpirit، هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیگەڕێنێت و پیاسەی پێ دەكات. ئیلا ژیانێكی ڕۆتینی لەگەڵ دیڤیدی هاوسەریدا دەگوزەرێنێت، كە خاڵییە لە خۆشەویستی و لەیەكترگەیشتن لە نێوانیان دا نییە. كاتێك لە جەژنی

---

(١٨) **ڕوایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٧.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love,PENGUIN BOOKS,2011,P1

ڤالانتاین دیارییەکی پێشکەش دەکات، چەند ڕستەیەکی بۆ دەنووسێت، هەست دەکات ڕستەی نووسینەکانی دیڤید لە سەرەمەرگیدا دەخوێنرێتەوە.

لە گفتوگۆیەکی خێزانیدا جانێتی کچیان پێیان ڕادەگەیەنێت، کە دەیەوێت شوو بە سکۆت بکات، ئەو هەواڵە خێزانەکەی نیگەران دەکات، چونکە ئیلا هەست دەکات کچەکەی هێشتا بچووکە و بۆ شووکردنی زووە، لەبەر ئەوە پێی دەڵێت: (کچەکەم تۆ لە چ سەدەیەك دەژی؟ ئەوەت لە بیر بێت کە ئافرەت شوو بەو کەسانە ناکات کە خۆشیان دەوێت، بەڵکو ئەو پیاوانە هەڵدەبژێرێت کە دەبنە باوکێکی باش بۆ منداڵەکانیان، پیاوێك پشتی پێ ببەسترێت، خۆشەویستی هەستێکی جوانە کە پەیدا دەبێت، بەڵام هەر خێرا لە ناو دەچێت) ئەمە بۆچوونی ئیلایە سەبارەت بە ژیانی هاوسەری و خۆشەویستی، دەیەوێت بەسەر کچەکەیدا بچەسپێنێت. ئەم بۆچوونەی ئیلا، دیڤیدی هاوسەری بە قسە دەخات و پێی دەڵێت: کەواتە تۆ شووت بەو پیاوە نەکردووە کە خۆشت ویستبێت؟ (١٩)

ئیلا کە بڕوانامەی لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە، بەڵام کاری پێ نەکردووە و چەندان ساڵە خەریکی خزمەتکردنی خێزانەکەی بووە، لە تەمەنی چل ساڵیدا لە دەزگایەکی ئەدەبی کارێکی بۆ دۆزراوەتەوە، سەرەتای کارەکەشی دەستنووسی ڕۆمانێکی پێ دەدەن، کە ڕاپۆرتێك لە بارەیەوە بنووسێت و تێیدا ڕاوبۆچوونی خۆی پێشکەش بە دەزگا ئەدەبییەکە بکات. سەرەتا ئیلا زۆر بە دوودڵییەوە بەو کارە ڕازی دەبێت، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەستنووسەکە دەبینێت باس لە سۆفیگەری خۆرهەڵاتی دەکات. ئەو کات هێشتا دەستنووسەکەی نەخوێندووەتەوە، بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە ڕۆمانێکی مێژووییە دەربارەی ژیانی شاعیری سۆفیگەری بەناوبانگ ڕۆمی، کە بە شکسپیری جیهانی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت، لەبەر ئەوە ئیلا داوا لە دەزگا ئەدەبییەکە دەکات، کە نووسینی دیکەی بۆ هەڵسەنگاندن پێ

---

(١٩) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٩-٢٠. Elif Shafak, The Rules Fortyof Love, ,P10-11

بدەن، کە پێوەندی بە خۆیانەوە هەبێت، بەڵام نوێنەری دەزگاکە پێی ڕادەگەیەنێت، کە زۆر جاران پێویستە کتێبێك بخوێنینەوە کە پێوەندی بە ژیانی ئێمەوە نییە، ئیتر ئیلا ناچار دەبێت ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە کە بە ناوونیشانی (کفرێکی شیرین Sweet Blasphemy)ـە:

سۆفییەکان دەڵێن نهێنی قورئان لە سورەتی فاتحە دایە، نهێنی فاتحە لە دەربڕینی بسم الله الرحمن الرحيم دایە، کرۆکی بسم الله الرحمن الرحيم لە پیتی با دایە، کە خاڵێك لە ژێر ئەو پیتەیە.. ئەو خاڵەی ژێر پیتی با سەرتاپا گەردونی تێدا بەرجەستە دەبێت.. ب...مەسنەوی ڕۆمی بە پیتی ب دەست پێدەکات، هەروەك سەرجەم بەشەکانی ئەم ڕۆمانەش بە پیتی ب دەست پێدەکات[٢٠].

پێشەکی ڕۆمانە دەستنووسەکەی أ.ز.زاهارا باس لەو ململانێیە دەکات کە لە بوارەکانی ئایینی و سیاسی و دەسەڵاتخوازیدا لە ئەنادۆڵ لە سەدەی سێزدەدا ڕووی

---

(20) Sufi mystics say the secret of the Qur’an lies in the verse Al-Fatiha,
And the secret of Al-Fatiha lies in Bismillahirrahmanirrahim
And the quintessence of Bismillah is the letter ba,
And there is a dot below that letter….
The dot underneath the B embodies the entire universe….
The Mathnawi starts with B, ب
Just like all the chapters in this novel.. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P18.
جێگای سەرنجە کە سەرجەم بەشەکانی ڕۆمانەکە لە زمانی ئنگلیزیدا بە پیتی (ب) دەست پێدەکات، بەڵام وەرگێڕی زمانی عەرەبی ئەم ڕستەی کۆتایی وەرنەگێڕاوە، چونکە نەیتوانییوە ئەوکارامەیەی نووسەر لەزمانی ئنگلیزی بەکاری هێناوە ، ئەو لە وەرگێڕانەکەیدا بەکاری بهێنێت، تاوەکو سەرەتای بەشەکان بە پیتی (ب) دەست پێ بکات. بەڵام وەرگێڕی زمانی کوردی ڕۆمانەکە مامۆستا جەلیل کاکە وەیس، هەرچەندە لە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، بەڵام توانییوەیەتی ئەو دەستڕەنگینییەی ئەلیف شەفەقی نووسەر لە دەقە ئنگلیزییەکە بپارێزێت . چونکە کارامەیی خۆی لە وەرگێڕانەکە ئەنجام داوەو هەموو بەشەکانی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکەی بۆ زمانی کوردی بە پیتی (ب) دەست پێ دەکات.

داوه. له ڕۆژئاوادا خاچپەرستەکان قوستەنتینییەیان داگیر کردبوو، بەرەو داگیرکردنی قودس هەنگاویان دەنا، ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینییەکان دابەش بووبوو، له ڕۆژهەڵاتیشدا سوپاکەی مەغۆل بڵاوبووبووەوه و به سەرکردایەتی جەنگیزخان خەریکی پاوانخوازی بوو، لەو سەردەمه پڕ ململانێیەدا زانای ئیسلامی جەلالەددین ڕۆمی دەژیا. له ساڵی ١٢٤٤ ڕۆمی و شەمسی تەبریزی بەیەك گەیشتن، پێوەندییەکی توندوتۆڵ له نێوانیاندا دروست بوو، که بووه هۆی ئەوەی ژیانی ڕوحی ڕۆمی بگۆڕێت، له سۆفییەکی مولتەزیمەوه وەرچەرخا بۆ شاعیرێکی جۆشدار بۆ عەشق و خۆشەویستی و سەمای دەروێشانەی دەکرد. له هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەکی تەقلیدی دوورکەوتەوه و خۆی ئازادکرد. له جیاتی جیهادی دەرەکی دژی دوژمنانی ئیسلام، بانگی جیهادی ناوەوەی مرۆڤی دەکرد، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانەی مەولانا له لایەن هەموو خەڵکەوه پێشوازی لێ نەدەکرا، بەڵکو بووبووه مایەی ڕق و کینه و بەخیلی ئەو کەسانەی له دەوروبەری بوون. دوای سێ ساڵ له دیداری شەمس و ڕۆمی، به شێوەیەکی مەرگەسات ئامێز له یەکتر دابڕان، بەڵام چیرۆکەکە کۆتایی نەهات، دوای زیاتر له هەشت سەدە، ئێستاکه ڕوحی شەمس و ڕوحی ڕۆمی تا ئەمڕۆ له ژیانی ئەو سەردەمەدا خۆیان دەنوێنن، ئەم دوو ڕوحه له جەستەی کەسانی دیکەی ئەو سەردەمەدا دەخولێنەوه. لاپەڕە ٣٢.

دوای ئەم پێشەکییه نووسەری (کفرێکی شیرین) له پێش خستنەڕووی بەشەکانی ڕۆمانەکه به ناوونیشانی (بکوژ)، له سەرزمانی بکوژێکەوه باس له ئەنجامدانی کوشتنێك دەکات، که خۆی ئەنجامی داوه، ئەویش کوشتنی شەمسی تەبریزییە، پاشان دواتر بەشی یەکەمی ڕۆمانەکه دەست پێ دەکات:

# بەشی یەکەم

## زەوی، ئەو شتانەی کە ڕەقەکار و جێگیر و سەختن لە ژیان

## AND ،ABSORBED ،THE THINGS THAT ARE SOLID)
## (STILL - EARTH

لە سەرەتای ئەم بەشەدا، ساڵی ١٢٤٢ شەمس لە سەمەرقەندە، لە میوانخانەیەکدایە، خەونێکی ئیشراقی دەبینێت، لە خەونەکەدا دۆستێکی ئازیزی بە دوایدا دەگەڕێت، ئەویش کەوتووەتە ناو بیرێك، کەسەکە هاوار دەکات: کوشتیان، کوشتیان، شەمسیان کوشت، شەمس حەزی دەکرد زیاتر لە خەونەکەدا بمێنێتەوە، تا ڕوخساری ئەو کەسە ببینێت و بزانێت کێیە، بەڵام ڕایدەکشێنەوە ناو ئەم دنیایە و لە خەوەکە بە ئاگا دێت[٢١].

دواتر لە کۆتایی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، ئەو خەونەی شەمس، پێشبینییەکەو کەسەکە ڕۆمییە هاوار دەکات، کاتێك شەمس دەکوژن و دەیخەنە ناو بیر.

شەمس کە لە میوانخانەکەدایە هیچی پێ نییە و بە خاوەنەکەی دەڵێت، کە ئەو تەنیا دەتوانێت خەونان شی بکاتەوە و بەردەوام بەدوای خواوەندا دەگەڕێت. خاوەن

---

(٢١) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٤٥. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P28

مەیخانەکەش پێی دەڵێت: تۆ لێرەدا لە شوێنێکی هەڵەدا بە دوای خواوەندا دەگەڕێیت. خواوەند ئەو شوێنەی جێ هێشتووە. نازانین کەی دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا شەمس دڵەخورپە دەیگرێ، لەبەر ئەوەی کەسێك بەم شێوەیە باسی خواوەند دەکات، ئەگەر کەسێك بەخراپی باسی خواوەند بکات، ئەو کەسە بە خراپە باسی خۆی دەکات.

لەبەر ئەوەی لای شەمس خواوەند زۆر نزیکە، چونکە خۆی دەفەرموێت: (نحن أقرب اليه من حبل الوريد)، خواوەند لێمان دوور نییە و لە ئاسمانە بەرزەکان نییە، بەڵکو لە ناوەوەی هەموو ئێمەدایە، وازمان لێ ناهێنێت. کە خاوەن میوانخانەکە گوێی لەم قسانەی شەمس دەبێت، لێی دەپرسێت: ئەگەر خواوەند لێرەیەو وەستاوە و ناجووڵێت، ئێمەش لە خراپترین باردابین، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ لەم کاتەدا شەمس **یەکەم** ڕێسا لە چل ڕێساکەی دەخاتە ڕوو: **یەکەم ڕێسا**(١)ئەو ڕێگایەی خواوەندی پێ دەبینین، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە سەیری خۆمان دەکەین و خۆمانی پێ دەبینین، ئەگەر خواوەند جگە لە ترس و سەرزەنشتی هیچ شتێکی دیکە بۆ عەقڵمان نەهێنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕێکی زۆری ترس لە نەفسی خۆمان هەڵدەقوڵێت، بەڵام ئەگەر خواوەندمان بینی پڕیەتی لە خۆشەویستی و بەزەیی، هەروەها ئێمەش ئەو کاتە بەم جۆرەین)[٢٢].

*The first rule : How we see God is a direct reflection of how we see ourselves. If God brings to mind mostly fear and blame, it means there is too much fear and blame welled inside us. If we see God as full of love and compassion, so are we."*

خاوەن مەیخانەکە لە شەمس دەپرسێت: ئەو قسەیەی تۆ جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو قسەیەی کە دەڵێن خواوەند هەڵبەستراوی خەیاڵمانە؟ لەو کاتەدا دوو کەس لە

---

**(٢٢) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٤٨.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P30

مەیخانەکەدا بەشەڕ دێن و ئاژاوە دروست دەکەن، شەمس ناتوانێت وەڵامی بداتەوەو هەوڵدەدات شەڕەکە ڕابگرێت: هەر لەو کاتەی بوومەتە سۆفی سوێندم خواردووە کە ژیانی کەسانی دیکە بپارێزم، ئازار بە کەس نەگەیەنم. لەم دنیایەدا زۆر کەس بەبێ هۆ، یان بە هۆکارێکەوە شەڕدەکەن، بەڵام سۆفی لەگەڵ هیچ کەسێك شەڕناکات، تا ئەگەر هۆکارێکیشی هەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ پێویست ناکات پەنا بۆ توندوتیژی ببەیت.

کاتێك دوو خزمەتکاری میوانخانەکە دوو کەسە شەڕکەرەکە فڕێ دەدەنە دەرەوە، خاوەن مەیخانەکە بە شەمس دەڵێت: کاتێك خواوەند بەتەنیا جێمان دەهێڵێت و لەبیرمان دەکات، ئێمە پێویستە دادپەروەری بە دەستی خۆمان بە دەست بهێنین، لەبەر ئەوە ئەی دەروێش ئەگەر جارێکی دیکە قسەت لەگەڵ خواوەند کرد، پێی بڵێ کاتێك ئەو وازمان لێ دەهێنێت، نابێت چاوەڕوان بکەین و چۆك دابدەین، تا سەردەبڕێین، بەڵکو دەبینە گورگ.

شەمس پێی دەڵێت: ڕاست دەکەی بوویتە گورگ، بەڵام تۆ بە هەڵەداچووی لەوەی کە دەتوانیت بەدەستی خۆت دادپەروەری بەدەست بهێنی.

دواتر شەمس بە تێڕوانینێکی عارفانە لە چاوەکان و ناو لەپی دەستی خاوەن میوانخانەکە ڕادەمێنێت، بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو پیاوە وزەی ڕوحی تێدا نییە، بۆ قەرەبووی لەدەستدانی ئەو وزەیە، جەستەی خۆی بەهێزکردووە، کە زۆر زێدەڕۆیی دەکات لە بەکارهێنانی.شەمس مێژووی مەرگەساتی ئەو لە ناو لەپی دەستی و چاوەکانیدا دەخوێنێتەوە، کە خێزانەکەی بە منداڵەکەی زگییەوە لە دەست داوە، بەهۆی سووتانی لە ناو ماڵەکەیدا لەلایەن مەغۆلەکانەوە. کاتێك شەمس ئەو ڕاستیانەی پێ دەڵێت، ئەو سەری سوڕدەمێنێ کە چۆن بەم ڕووداوەی زانیوە، شەمس بەردەوام دەبێت لە پیشاندانی ناخی خاوەن میوانخانەکە و پێی دەڵێت: گلەیی لە خۆت دەکەی کە تازیەیەکی گونجاوت بۆ مردنی خێزانەکەت دانەناوە، تا ئێستا دێتە

خەونت، بەڵام ژن و منداڵەکەت زۆر باشن و لە جیهانی بێ کۆتاییدا، وەك دوو تیشکی ڕووناکی زۆر ئازادن.

خاوەن میوانخانەکە کە ئەو ڕاستییانە لە شەمس دەبیسێت، زۆر تووڕە دەبێت، دەستی لە ناو دەستی ئەو دەردەهێنێت و پێی دەڵێت: تۆم خۆش ناوێت، هەر ئەمشەو ڕێگات پێ دەدەم لێرە بمێنیتەوە، بەیانی زوو دەڕۆی، نامەوێت جارێکی دیکە ڕوخسارت ببینمەوە.

ژیان بەم جۆرەیە، کاتێك ڕاستییەك بە کەسێك دەڵێیت، ئەو کەسە ڕقی لێت دەبێتەوە، هەرچەندە باسی خۆشەویستی بۆ بکەی، زیاتر ڕق و کینەی لێت هەڵدەستێت[٢٣].

شەمس باسی منداڵی خۆی دەکات، کە منداڵێکی زۆر جیاواز بوو، خەونی زۆری بینیوەو چەندان دەنگی بیستووە، چەندان ڕۆژ بە بێ نانخواردن ژیانی بەسەر بردووە، لەبەر ئەوەی ئارەزووی خواردنی نەبووە، لای کەسیش باسی نەکردووە، باوکی پێی گوتووە، کە خەیاڵێکی سەرکێشی هەیە، لای کەس باسی ئەو فریشتانە نەکات، کە شەوان دێنە خەونی. دواتر ماڵی خۆیان بە جێ دەهێڵێت و ناگەڕێتەوە. دەبێتە دەروێشێکی گەڕۆك و لە دنیادا دەخولێتەوە، زۆر کەس و شوێن دەبینێ و ئەزموونێکی زۆری لا کەڵەکە دەبێت، کە لە چل ڕێسا بۆ ئایینی عەشق ئەو ئەزموونانە چڕدەکەنەوە. کە تەنیا لە ڕێگای عەشقەوە پەیڕەودەکرێن.

ڕێسای دووەم لەم بارەیەوە دەڵێت: (٢)ڕێگای ڕاستی بە دڵدا تێپەڕدەبێت، نەك بەسەر، لەبەر ئەوە دڵت نەك عەقڵت، بیکەرە ڕێنوێنیکاری سەرەکی خۆت، ڕووبەڕووی ببەوەو مەیدانخوازی بکە، لە دوماهیدا لە ڕێگای دڵتەوە بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵ بە، شارەزابوونت لە نەفسی خۆت بەرەو ناسینی خواوەندت دەبات[٢٤].

---

**(٢٣) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٥٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P33

**(٢٤) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٦٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P40

*The second Rule of the Religion of Love, said: The Path to the Truth is a labor of the heart, not of the head. Make your heart your primary guide! Not your mind. Meet, challenge, and ultimately prevail over your nafs with your heart. Knowing your ego will lead you to the knowledge of God*

شەمس دوای چەندان ساڵ ئەزموون بەو ڕێسایانە دەگات، هەست دەکات لە کۆتایی ژیانیدا نزیك دەبێتەوە، ترس و خەمی مردنی نییە، بەڵکو لەوە دەترسێ بمرێت و کولتوور و شوێنەوارێك لە دوای خوێ جێ نەهێڵێت، زۆر چیرۆك چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بیانگێڕێتەوە. دەیەوێت ئەو زانیارییانەی پێیان گەیشتووە، بە کەسێکی دیکەی بگەیەنێت. جا ئەو کەسە مامۆستا بێت، یان قوتابی، لەبەر ئەوە لە هاوشێوەی خۆی دەگەڕێت. ئەو دوعایە دەکات: ئەی پەروەردگار، هەموو ژیانم لە خولانەوەو گەشتکردن بەدنیادا بردووەتە سەر، ڕێگای ڕاستی تۆم گرتووەتە بەر، هەموو شتێکم وەك کتێبێکی والا، قورئانێکی گەشتیار بینیوە، لە بورجی بەرزی زانایان دوورکەوتوومەتەوە، ئەوەم پێ باشتر بووە کە کاتی خۆم لەگەڵ خەڵکی ڕەشوڕووت و پەراوێزخراوەکان بەسەر ببەم، لە هەموو ئەوانە پڕ بوومە، ئەی پەروەردگار هانات بۆ دەهێنم دەستم بگرە و هاوکارم بە، تا بتوانم ئەو حیکمەتانەی پێت بەخشیوم بە کەسێکی گونجاو بگەیەنم، پاشان ئەو کات چیم لێ دەکەی بیکە.

لەو کاتەی ئەم دوعاو پاڕانەوەیە دەکات، نوورێك دێتە بەر چاوی، پێی دەڵێت: بڕۆ سەفەر بکە بۆ بەغدا، داوای هاوڕێیەکت کرد، پێت دەبەخشرێت، لە بەغدا ئەو گەورەیە دەدۆزییەوە، کە بۆ ڕێگای دروست ڕێنماییت دەکات[٢٥].

شەمس لە نیسانی ١٢٤٢ دەگاتە بەغدا، لە کاتی گەیشتنی بە تەکیەی بابازەمان، گەورە قازی بەغدا لەوێ دەبێت، دوای ئەوەی وەك تەبریزی کە

---

(٢٥) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٦٣.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P41

دەروێشێکی گەڕۆکە کە بەدوای خواوەنددا دەگەڕێت خۆی بە بابا زەمان دەناسێنێت، ئەویش پرسیارێکی لێ دەکات و پێی دەڵێت:خواوەندت دۆزیوەتەوە؟

-بەڵێ، خواوەند هەمیشە لەگەڵمدایە.

لەو کاتەدا گەورە قازی بەغدا دێتە ناو گفتوگۆیەکە و بە شەمس دەڵێت: نازانم بۆچ ئێوەی دەروێشان ژیان بەم جۆرە دەبینن؟ ئەگەر خواوەند هەمیشە لەگەڵتدا بووە، لەبەر چی بەدوایدا دەگەڕێیت؟

-هەرچەندە ناکرێت هەر تەنیا بەگەڕان خواوەند بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوانەی بە دوایدا دەگەڕێن، هەر ئەوان پێی دەگەن. مەبەستم ئەوەیە ئەی گەورە قازی، کە مرۆڤ ناتوانێت خواوەند بدۆزێتەوە، ئەگەر فەروەیەکی گرانبەهاو شتومەکی حەریری وەك تۆی لەبەر بێت[٢٦].

-ئێوەی سۆفی شتەکان زۆر ئاڵۆز دەکەن، وەك فەیلەسووف و شاعیرەکان، چ پێویست بەو وشە ئاڵوزانە دەکات، مرۆڤەکان سادەن، پێویستی سادەییان هەیە، پێویستە سەرکردەکان پێویستییەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕێگاکانیان ون نەکەن، ئەمەش پێویست دەکات کە شەریعەت بە شێوەیەکی تەواو پەیڕەو بکرێت.

شەمس بەم شێوەیە وەڵامی گەورە قازی دەداتەوە: شەریعەت وەك مۆم وایە، کە ڕووناکییەکمان پێ دەبەخشێت، کە زۆر بە نرخە، بەڵام نابێت ئەوە لە یاد بکەین، کە مۆم یارمەتیمان دەدات لە تاریکیدا لە شوێنیك بچینە شوێنێکی دیکە، ئەگەر خۆمان لە بیرکرد کە ئێمە بەرەو کوێ دەچین، هەر تەنیا چاو ببڕینە مۆمەکە، ئەمە سوودی چی دەبێت؟ ڕێسای سێیەم دەڵێت: **(٣) هەر خوێنەرێکی قورئانی پیرۆز بە پێی ڕادەی قووڵیی خۆی لە قورئان دەگات، چوار ئاستی بینین و تێگەیشتن بۆ قورئان هەیە، ئاستی یەکەم، دەرەکییە، ئەو مانایەی کە زۆربەی خەڵك پێی دەگات و باوەڕیان پێیەتی، دواتر ئاستی دووەم دێت، کە ئاستی ناوەکییە، لە ئاستی سێیەمدا،**

---

(٢٦) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٧٤. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P48

**بینینی ناوەکی ناوەکی هەیە، بەڵام ئاستی چوارەم بریتییە لە قووڵایی، کە ناکرێت بە وشەکان باسی لێوە بکرێت، لەبەر ئەوە وەسف ناکرێت. ئەو زانایانەی کە پشت بە شەریعە دەبەستن و جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوانە لە مانای دەرەکی قورئان دەگەن، بەڵام سۆفییەکان لە مانای ناوەکی قورئان دەگەن، وەلی و پیاوچاکان مانای ناوەکی ناوەکی قورئان دەزانن. ئاستی چوارەمیش تەنیا پێغەمبەران و پیاوچاکە پایەبەرزەکان کە زۆر لە خواوەندەوە نزیکن دەگرێتەوە(٢٧).**

*THE THERD RULE : Each and every reader comprehends the Holy Qur'an on a different level in tandem with the depth of his understanding. There are four levels of insight. The first level is the outer meaning and it is the one that the majority of the people are content with. Next is the Batm—the inner level. Third, there is the inner of the inner. And the fourth level is so deep it cannot be put into words and is therefore bound to remain indescribable.*

گەورە قازی بەغدا بە شەمس دەڵێت: مەبەستت ئەوەیە کە سۆفییەکی ئاسایی زیاتر لە زاناکانی شەریعەت لە قورئان دەگات، ئاگادار بە، ئەو قسەیەی دەیکەی کفرکردنێکی تەواوە.

شەمس پرسیاری لێ دەکات کە لای ئەو کفرکردن چییە؟ پاشان چیرۆکی مووسا و شوانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێك مووسا لە چیادا شوانێك دەبینێت بە زمانی تایبەتی خۆی لە خواوەند دەپاڕێتەوەو دەڵێت:ئەی پەروەردگاری خۆشەویست، من زۆر لەوە زیاتر خوشم دەوێیت کە دەیزانی، هەموو شتێك لە پێناو تۆدا دەکەم، تەنیا پێم بڵێ چیت دەوێت؟ هەتا ئەگەر داوام لێ بکەی مەڕت بۆ سەردەبڕم، لەوەدا دوو دڵی ناکەم، بۆشت سووردەکەمەوە و لەگەڵ ڕۆن و برنج دەیکەمە خواردنێکی خۆش بۆت،

---

**(٢٧) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٧٧.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P50

دواتر قاچەكانت دەشۆم، گوێچكەكانت خاوێن دەكەمەوە، ئەی پەروەردگار ئەوە ڕادەی خۆشەویستیمە بۆت.

لەو كاتەدا مووسا كە گوێی لەو قسانەی شوانەكە دەبێت، بەسەریدا هاوار دەكات و پێی دەڵێت: بوەستە، ئەی پیاوی نەزان، تۆ دەزانی چی دەكەی و چی دەڵێی؟ وا دەزانی خواوەند برنج دەخوات؟ وا دەزانی خواوەند قاچی هەیە، تا بیشۆیت؟ ئەمە نوێژكردن نییە، ئەمە كفرێكی تەواوە.

شوانەكە داوای لێبوردن لە مووسا دەكا، بەڵێنی پێ دەدات كە وەك پیاوچاكان نوێژ بكات، ئەو ڕۆژەی مووسا ئەو شوانەی فێرە نوێژ كرد، لە كارەكەی ڕازی بوو، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام بۆ شەوەكەی دەنگی خواوەند هات و بە مووسای گوت: ئەوە چیت كرد مووسا؟ سەرزەنشتی ئەو شوانە هەژارەت كرد، دركت بە پلەو پایەی بەرزی ئەو لەلای من نەكرد، لەوانەیە بە شێوەیەكی دروست نوێژی نەكردبێت، بەڵام ڕاستگۆو دڵسۆز بوو لەو قسانەی دەیكرد، لەوانەیە قسەكانی لە گوێی تۆ كفر بووبێت، بەڵام سەبارەت بەمن كفرێكی شیرین بوون. لاپەڕە(٢٨) .

مووسا گەڕایەوە چیاو بەدوای شوانەكەدا گەڕاو دۆزییەوە، بینی كە بەو شێوەیە نوێژ دەكات كە ئەو فێری كردبوو، كە زۆر بە نارێكی قسەكانی دەكرد و ئەو جۆشوخرۆشەی پێشتری نەبوو، مووسا زۆر پەشیمان بووەوە، دەستی لە پشت شوانەكە دا و پێی گوت: من هەڵە بووم، تكایە لێم ببوورە، تكایە وەك پێشوو نوێژی خۆت بكە، لەبەر ئەوەی نوێژی پێشووترت لای خواوەند زۆر بەهادار بوو. .

دوای باسكردنی ئەم چیرۆكە شەمس بە گەورە قازی بەغدا دەڵێت: **هەروەك دەبینی، حوكم لە سەر ئەو ڕێگایە مەدە، كە خەڵك بە هۆیەوە پێوەندی بە خواوەندەوە دەكەن، هەر كەسێك ڕێگا و شێواز و نوێژی تایبەتی خۆی هەیە، خواوەند هەر تەنیا بەقسەكانمان وەرناگرێت، بەڵكو سەیری ناو دڵمان دەكات، ئەو ڕێو ڕەسمە**

---

(٢٨) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٧٨. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P50

**ئاینییانە وامان لێ ناکات کە ئیماندار بین، بەڵکو گرنگ دڵمانە، کە ئاخۆ لە خواپەرستی پاك و بێ گەردە، یان نا[٢٩].**

گەورە قازی بەغدا بەو قسانەی شەمس نیگەران دەبێت، بەڵام دەیەوێت بەسەر خۆی نەهێنێت، ئەو نیگەرانییەی دەشارێتەوە، بابازەمان هەست بەوە دەکات، بەشەمس ڕادەگەیەنێت، شەمسیش پێی دەڵێت: لای من ئەوە گرنگ نییە، چونکە من لەگەڵ ئەو کەسانە ڕاهاتووم کە منیان خۆش ناوێت و ڕقیان لێمە.

دواتر لە چاو و زمانی قوتابییەکی تەکییەی بابای زەمان باسی شەمس دەکرێت، ئەو کاتەی شەمس لەگەڵ بابای زەمان قسە دەکەن، شەمس ڕێسای چوارەمی دەخاتە ڕوو: **(٤) دەتوانی لە میانەی هەموو شتێك و هەموو کەسێك لەم گەردوونەدا، بەدوای سیفەتی خواوەنددا بگەڕێیت، لەبەر ئەوەی بوونی خواوەند لە مزگەوت MOSQUE و کڵێسا SYNAGOGUE و کنێس CHURCH قەتیس ناکرێت، ئەو لە هەموو جێگایەك و لە هەموو شوێنێك هەیە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت بزانیت بەڕاستی خواوەند لە کوێیە، ئەوە یەك شوێن هەیە دەتوانی بەدوایدا بگەڕێیت، ئەویش دڵی عاشقێکی خواوەندی ڕاستەقینەیە، هیچ کەسێك دوای بینینی ئەو**

---

(٢٩) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٧٩. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P52 نووسةر حةمةسةعيد حةسةن، لة كتيَبةكةيدا (توانةوة لة زةرياى عيشقى خوادا) ئةم ثةرِةطرافةى بة يةكيَك لة ضل رِيَساكة داناوة، بةلآم ئاماذةى بة ريَساى سيَيةم نةكردووة، (برِوانة: رِيَساى ٩ لة كتيَبةكةى ، لة بلآوكراوةكانى مالَى وةفايي ، ضاثي يةكةم ٢٠١٧، لاثةرِة ٢٥٠) . لة رِاستيدا ئةم ثةرةطرافة لة ضاثى ئنطليزيةكةدا بة خةتيَكى جياواز نةنووسراوة، هةروةكو ريَساكانى ديةكة، لة وةرطيَرِانةكةى مامؤستا جةليل كاكةويس ريَساى سيَيةمى بؤلَد كردوة ، هةوةك ضاثى رِةسةنى رِؤمانةكة، كة ضاثى ئنطليزيية، ثةرِةطرافي ريَساى سيَيةمى بةخةتيَكى جياواز نووسراوة، هةروةك رِيَساكانى ديكة.

**نازیت، هیچ کەسێك دوای بینینی ئەو نامرێت، هەرکەسێك بیدۆزێتەوە، بۆ هەمیشە لەگەڵیدا دەبێت[٣٠].**

*The forth rule says, You can study God through everything and everyone in the universe, because God is not confined in a mosque, synagogue, or church. But if you are still in need of knowing where exactly His abode is, there is only one place to look for Him: in the heart of a true lover.*

شەمس بە بابا زەمان دەڵێت: ئەگەر زانستی عارفان لە شوێنی دیکە بڵاوی نەکەیتەوە، وەك مانەوەی ئاوێکی کەمی ناو گۆزەیەکی لێ دێت، کە بەرە بەرە کەم دەبێتەوە و نامێنێت. ئەگەر نەڕژێنرێتە شوێنێکی دیکە، چەندان ساڵە داوا لە خواوەند دەکەم کە هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بکات تا ئەو زانستە عارفانەی هەیتم پێی بدەم، لە دواییدا لە سەمەرقەند خەونێکم بینی کە بێمە بەغدا، بە دوای چارەنووسی خۆم بگەڕێم، من دەزانم کە تۆ ناو و شوێنی ئەو هاوڕێیەی من دەزانی، ئێستاش نەبێت، دواتر هەر پێم دەڵێی.

بابا زەمان باسی شەمس دەکات، کە لە ماوەی ئەو نۆ مانگەی لای ماوەتەوە، بۆی دەرکەوتبوو، کە لە دەرویشەکانی دیکە زۆر جیاوازترە، توانایی فێربوونی سەیری هەبوو، دەیویست هەموو شتێکی نوێ و نائاسایی بزانێت، لە سروشت ڕادەماو سەیری تەونی جاڵجاڵووکەو خوناوی سەر گوڵەکانی دەکرد، ماوەیەك دەیخوێندەوە، دواتر لە خوێندنەوە دادەبڕا، ئەو هەڵسوکەوتانەی جێگای سەرنجی بابای زەمان بوو، لەم بارەوە پرسیاری لێ دەکات، ئەویش پێی دەڵێت، بیری -عەقڵ مرۆڤ پێویستی بە تێربوون هەیە، وەك منداڵێکی برسی دەبێت زانیاری بۆ پارچە پارچە بکەی و بیخەیە

---

(٣٠) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٨٩. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P58

ناو دەمی، بەڵام دەبێت مرۆڤ وریا بێت بیری گەندەڵ نەبێت، هەروەك چۆن هەندێ خۆراك بۆ هەزمكردنی گەدەی منداڵ سەختە، هەندێ زانیاریش بۆ عەقڵ سەختە، پاشان شەمس باسی ڕێسای پێنچەم دەكات[٣١] :(٥) بیر-عەقل و عەشق و خۆشەویستی لە كەرەستەی جۆراوجۆر پێكدێن، عەقڵ بە گرێبەستێك دەبەستێتەوە، بەڵام عەشق هەموو گرێبەستەكان دەتوێنێتەوە، عەقڵ هەمیشە وریایە و دەڵێت: زۆر وریابە لە نەشوە، بەڵام عەشق دەڵێت: گوێ مەدەرێ، ئەو موجازەفەیە بكە، ئەمە لە كاتێكدا عەقڵ بە ئاسانی لە ناو ناچێت، بەڵام عەشق بە ئاسانی وێران دەبێت و لە خۆڕا دەبێتە پاشماوە، بەڵام شتە بەهادارەكان و گەنجینەكان لە ناو پاشماوەكاندا شارراونەتەوە، لەبەر ئەوە دڵێكی شكاو چەندان گەنجینەی تێدایە.

**Fifth Rule:** Intellect and love are made of different materials. Intellect ties people in knots and risks nothing, but love dissolves all tangles and risks everything. Intellect is always cautious and advises, "Beware too much ecstasy," whereas love says, "Oh, never mind! Take the plunge." Intellect does not easily break down, whereas love can easily reduce itself to rubble. But treasures are hidden among ruins. A broken heart hides treasures.

بابازەمان هەرچەند زیاتر شەمسی بناسیبایە زیاتر پێی سەرسام دەبوو، وا باسی دەكات، كە هیچ هەڵەیەك بەسەر شەمس تێنەدەپەڕی، بەبی ئەوەی تێبینی خۆی لەبارەیەوە بخاتە ڕوو، لەهەر كۆڕوكۆبوونەوەیەك ئەگەر گەمژییەكی تێبینی كردبا، یەكسەر شوێنەكەی بەجێ دەهێشت و كاتی خۆی بە قسەی بێ بنەما نەدەگوزەراند، زۆر گرنگی بە ئاسوودەیی و خۆشی و ئاسایش نەدەدا، زۆر كەم قسەی دەكرد، هەندێ

(٣١) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٠٠. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P66

جار چەندان ڕۆژ هیچ وشەی نەدەدرکاند، لێرەدا بابای زەمان **ڕێسای شەشەمی** شەمس دەخاتە ڕوو[٣٢]: **(٦) زۆربەی گرفتەکانی جیهان لە هەڵەی زمان و تێنەگەیشتن سەرهەڵدەدەن، کاتێك تۆ پێ دەنێیەت ناو سنووری عیشقەوە ئەو زمانەی ئێمە دەیناسین نامێنێت، ئەو شتەی کە وشەکان ناتوانن دەریبڕن، تەنیا لە میانەی بێ دەنگییەوە دەردەبڕدرێ .**

Sixth Rule: Most of the problems of the world stem from linguistic mistakes and simple misunderstandings. Don't ever take words at face value. When you step into the zone of love, language as we know it becomes obsolete. That which cannot be put into words can only be grasped through silence.

سەعید بورهانەددین کە مامۆستاو سەرپەرشتیاری ڕۆمییە، لە قۆنییەوە نامەیەك بۆ بابازەمان دەنووسێت، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات پادشای کۆچکردوو عەلائەددین کەیقوباد، خەونی بە دروستکردنی شارێکەوە دەبینی، کە شاعیر و فەیلەسووف و زانایان ئازادانە کارەکانی خۆیان تێدا ئەنجام بدەن، زۆربەی خەڵك ئەو خەونەیان لا مەحاڵ بوو، لەبەر ئەو ئاژاوەیەی بە هۆی شەڕو داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان و خاچپەرستەکان لە ناوچەکەدا لە ئارادا بوو، بەڵام پادشا عەلائەددین سەرکردەیەکی خاوەن توانایی و وریابوو، توانی لەشاری قۆنییە ئەو خەونەی خۆی بهێنێتە دی. مەولانا جەلالەددین ڕۆمی یەکێکە لەو زاناو عارفە مەزن و بەنێوبانگانەی قۆنییە، کاتی خۆی کە منداڵ بووە، فەریدەددین عەتاری نیشابووری بینیویەتی، پێشبینی ئەوەی لێ کردووە کە ئەو منداڵە دەرگایەك لە دڵی عەشق دەکاتەوە و ئاگر دەخاتە ناو دڵی هەموو عاشقە سۆفییەکان. شێخی عارفان ئیبن عەرەبی کاتێك کە ڕۆمی

(٣٢) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق،** ص ١٠١. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P66

بینیوە لە دوای باوکی دەڕوات، گوتوویەتی: سوبحانە اللە ئۆقیانووسێك بە دوای دەریاچەیەکدا دەڕوات.

سەعید بورهانەددین بەڵێنی بە باوکی ڕۆمی داوە کە ئاگاداری کوڕەکەی بێت، گەرچی ئەو سەرپەرشتیار و مامۆستای ڕۆمییە، بەڵام لەبەر لێهاتوویی و زانایی ڕۆمی زۆر شتی لێ فێربووە، ئەو خۆی بە قوتابی ڕۆمی دادەنێت. خەونێك بەبەردەوام ڕۆمی نیگەران دەکات، لە خەونەکەیدا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت، کە لە شارێکی گەورەی دنیادا دەژیت. لەو ماوەیەدا مامۆستاکەی سەعید بورهانەددین دەستەسڕێکی بە دیاری پێ دەگات، ئەو کاتە هەست دەکات، کە ئەو کەسەی ڕۆمی خەونی پێوە دەبینێت، لە تەکییەکانی بابازەمان دەژیت، لەبەر ئەوە نامەی بۆ دەنووسێت. لە نامەکەدا ئاماژەش بەوە دەکات، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەدەوری ڕۆمیدان و خۆشیان دەوێت، ڕق و کینەیان بەرانبەر ئەو کەسە دەبێت و ئیرەیی پێ دەبەن کە دەبێتە هاوڕێی ڕۆمی، لەبەر ئەوە ئەو کەسەی کە ڕۆمی خەونی پێوە دەبینێت، ئەگەر ئەو کەسە سەفەر بکات بۆ قۆنییە، گەڕانەوەی بۆ نییە و ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێت، دەبێت ئەو کەسە لەو ڕاستییە ئاگاداربێت.

بابازەمان دەروێشەکانی کۆدەکاتەوەو باسی ئەو خەونە بەردەوامەی ڕۆمی و داواکاری مامۆستا و سەرپەرشتیارەکەی بۆیان دەکات، پێیان دەڵێت کە دەبێت یەکێکیان سەفەر بکات و بچێت ببێتە هاوڕێی ڕۆمی، لەو کاتەدا شەمس دڵەخورپە دەیگرێ و هەناسەی تەنگ دەبێت. باسی ڕێسای حەوتەم دەکات(٣٣): (٧) تەنیایی و خەڵوەت دوو شتی جیاوازن، کاتێك تەنیا دەبیٚ، ئاسانە خۆت هەڵبخەڵتێنی و خەیاڵ بکەی کە ڕێگایەکی ڕاستت گرتووەتە بەر، بەڵام خەڵوەت باشترە بۆ ئێمە، لەبەر ئەوەی خەڵوەت ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ بە تەنیای بەبێ ئەوەی هەست بکەی تەنیای، لە دوماهیدا دەبێت بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت، کەسێك کە وەك ئاوێنە وابێت بۆت.

---

**(٣٣) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١١٠.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P72

ئەوەت لە بیر بێت، کە تۆ تەنیا لە میانەی دڵی کەسێکی دیکەدا دەتوانیت بە ڕاستی خۆت ببینی و لە ناخەوەت هەست بە بوونی خواوەند بکەیت.

**Seventh Rule:** Loneliness and solitude are two different things. When you are lonely, it is easy to delude yourself into believing that you are on the right path. Solitude is better for us, as it means being alone without feeling lonely. But eventually it is best to find a person, the person who will be your mirror. Remember, only in another person's heart can you truly see yourself and the presence of God within you.

کاتێك بابازەمان پرسیار لە دەروێشەکانی دەکات، کە کامیان ئامادەن ئەو گەشتە بکەن، و ببنە هاوڕێی ئەو زاناو عارفە گەورەیە، نۆ دەروێش دەست بەرزدەکەنەوە، شەمسیش دەست بەرزدەکاتەوە و دەبنە دە کەس.

بەڵام بابازەمان بە هەر دە کەسیان دەڵێت: شتێکی دیکەش هەیە دەبێت بیزانن، پێش ئەوەی بەتەواوی بڕیاری خۆتان بدەن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سەفەرکردنە مەترسییەکی گەورەی تێدایە، لەبەر ئەوەی زەمانەتی گەڕانەوەی نییە. ئەو کاتە هەموو دەروێشەکان دەستی خۆیان داگرت، تەنیا شەمس نەبێت.

شەمس سەرەڕای ئەو مەترسییە، بڕیاردەدات ئەو سەفەرە بکات، بابازەمان سەفەرکردنەکەی وەرزێك دوادەخات، دەبێت شەمس چاوەڕوانی هاتنی وەرزی بەهار بکات، ئەو ماوەیەی چاوەڕوانی شەمس نیگەران دەکات. ئەو کات باسی ڕێسای هەشتەم دەکات[٣٤]:(٨) هیچ کات بێ ئومێد مەبە، ئەگەر هەموو دەرگاکانت لە بەردەم داخرا، لە دواییدا خواوەند دەرگایەکت بۆ دەکاتەوە، شوکرانەی خواوەند بکە، ئاسانە لە کاتی ئاساییدا سوپاسگوزاری خواوەند بکەی، سۆفی هەر تەنیا بۆ ئەو

---

**(٣٤) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١١٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P73

نیعمەتانەی خواوەند پێی دەبەخشێت سوپاسگوزاری ناکات، بەڵکو لەو کاتانەش سوپاسگوزاری خودا دەکات، کە هەموو بەخشینەکانی لێ قەدەغە دەکات.

**Eighth Rule**: Whatever happens in your life, no matter how troubling things might seem, do not enter the neighborhood of despair. Even when all doors remain closed, God will open up a new path only for you. Be thankful! It is easy to be thankful when all is well. A Sufi is thankful for not only what he has been given but also for all that he has been denied.

دوای هاتنی بەهار، بابازەمان وەرزێکی دیکە سەفەرکردنەکەی شەمس دوادەخات. ئەم دواخستنە شەمس دەحەپەسێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەنیا دەیەوێت ناوی شوێن و کەسەکە بزانێت، بەڵام بابازەمان لە چاوەڕوانی دادەنێت و پێی ناڵێت.

شەمس هەست دەکات لەم دواخستنەدا چاوەڕوانی ئاسانترە، چونکە دواخستنێکی بەدوادا نایەت، دواخستنی سەفەرکردن و نەزانینی ناوی شوێن و کەسەکە، لە بڕیارەکەی خۆی ساردی ناکاتەوە. ڕێسای نۆیەم دەڵێت[٣٥]: (٩) سەبرگرتن ئەوە ناگەیەنێت کە بەرگەی ناخۆشییەکانی چاوەڕوانی بکەی بە شێوەیەکی ناهەموار، بەڵکو سەبرگرتن وات لێ دەکات کە دووربین بیت و بڕوات بە ئاکامی کۆتایی هەر کردارێك هەبێت. سەبرگرتن چییە؟ ئەوەیە کە سەیری دڕك بکەی گوڵ ببینی، سەیری شەو بکەی ئاسۆی بەیان ببینی، بەڵام بێ سەبری، یان سەبرنەگرتن مانای ئەوەیە کە کورتبینی، ناتوانیت ئاکامەکە ببینیت، عاشقانی خودا هەرگیز بێ سەبر نینە، لەبەر ئەوەی دەزانن کە مانگی چواردە پێویستی بەکاتە تا مانگ بە تەواوی دەربکەوێ.

**Ninth Rule**: Patience does not mean to passively endure. It means to be farsighted enough to trust the end result of a process. What does

---

(٣٥) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١١٣**. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P74

patience mean? It means to look at the thorn and see the rose, to look at the night and see the dawn. Impatience means to be so shortsighted as to not be able to see the outcome. The lovers of God never run out of patience, for they know that time is needed for the crescent moon to become full.

که وەرزی پاییز دێت بابازەمان دوا بڕیار دەدات، کە شەمس ئەو دەوریشەیە دەبێت گەشت بکات و ببێتە هاوڕێی ئەو زانایە، پاشان شوێنەکەی پێ دەڵێت کە قۆنییەیە و ناوەکەشی جەلالەددینی ڕۆمییە. ئەو کاتە شەمس هەست دەکات یەکەم جارە ئەو ناوە دەبیستێت، کە دیارە زانایەکی گەورەیە، بەڵام سەبارەت بەو لوغزێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە پیتەکانی ناوی ڕۆمی لێکدەداتەوە، پیتی ڕا بەهێز و پڕشنگدارە، پیتی واو مەحمەڵییە، پیتی میم بە توانست و پڕ لە بڕوا بەخۆبوونە، پیتی یا شاراوەیە، دەبێت شەمس ئاشکرای بکات.

بابازەمان نامەیەك بۆ سەعید بورهانەددین دەنووسێت و دەیداتە شەمس، کە لەگەڵ خۆیدا بیبات و بیگەیەنێت، لە نامەکەدا باسی ئەوە دەکات، کە ئەو بەڕاستی شەمسی زۆر خۆش دەوێت، زۆر نیگەرانە کە بۆ ئەو سەفەرە پڕ مەترسییە دەینێرێت.

لە بارەی کرمی ئاوریشم قسەی لەگەڵ شەمس کردووە، باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن ئەو کرمە ئاوریشم دروست دەکات و لە دەوری خۆی دەئاڵێنێت، دوای تەواوبوونی ئاوریشمەکە و بۆ دەرچوونی لە قۆزاغەکەی و دەرهاتنی دەبێت کرمەکە بکوژرێت، واتە تا ئاوریشمەکە بەدەست بهێنرێت، پێویست دەکات کرمەکەی بکوژرێت، بۆ دروستکردنی یەك دەستەسڕی ئاوریشم سەدان کرمی ئاوریشمی بەکاردەهێنرێت.

شەمس بەیانییەکی زوو کە بابازەمان بەجێ دەهێڵێت، پێی دەڵێت: ئەو وەك کرمی ئاوریشمە، ئەو لەگەڵ ڕۆمی دەچنە ناو قۆزاغەی عەشقی خوایی، تا کاتی خۆمان نەیەت و ئاوریشمی بەهادار دروست نەبێت ناهێنە دەرەوە، لە کۆتاییشدا تا ئاوریشمەکە بەدەست بهێنرێت، دەبێ کرمەکە بمرێت.

له ٣٠ ئەیلوولی ١٢٤٣ شەمس له بەغدا دەردەچێت و بەرەو شاری قۆنییه بەڕێ دەکەوێت، هەست دەکات له سەرەتای گەشتی گەشتی خۆشەویستییەکی ناوەکیدایە. **ڕێسای دەیەم** دەڵێت[٣٦]: (١٠) جیاوازییەکی گەورە له نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، باکوور و باشووردا نییه، پێویسته ئەو گەشتەی دەیکەیت، گەشتێك بێت له ناوەوەی خۆت، که لەناوەی خۆت گەشتت کرد، ئەو کاته دەتوانی دنیای پان و بەرین ببڕیت.

Tenth Rule: East, west, south, or north makes little difference. No matter what your destination, just be sure to make every journey a journey within. If you travel within, you'll travel the whole wide world and beyond.

شەمس چاوەڕوانی سەختی و دەردەسەری و مەرگەساتێکی دەکرد که له قۆنییه بەسەریدا دێت، پێشوازی لەو چارەنووسەی خۆی دەکات، سۆفییەکی وەك ئەو فێری ئەوە بووە که له یەك کاتدا پێشوازی له دڕکێك و گوڵێك، ناخۆشی و خۆشییەکانی ژیان بکات، **یازدەیەم** ڕێسای عەشق دەڵێت[٣٧]: (١١) کاتێك مامان دەبینی دایکێك ژانی نییه، دەزانێت هێشتا کاتی منداڵبوون نەهاتووە، تا نەفسێکی نوێ له دایك بێت پێویسته ژان و ئازار هەبێت.

**Eleventh Rule**: The midwife knows that when there is no pain, the way for the baby cannot be opened and the mother cannot give birth. Likewise, for a new Self to be born, hardship is necessary. Just as clay needs to go through intense heat to become strong, Love can only be perfected in pain.

---

**(٣٦) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٢٨.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P86

**(٣٧) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٢٩.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P86

کاتێك شەمس دەیەوێت دەست بە گەشتەکەی بکات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بابازەمان هەست بەو گۆڕانکارییە دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، **دووازدەیەم ڕێسای عەشق** (١٢) دەڵێت[٣٨]: گەڕان بەدوای عەشقدا دەمانگۆڕێت، کەس نییە بەدوای عەشقدا بگەڕێت و لە گەشتی گەڕانەکەیدا نەشونما نەکات و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، هەر لەو ساتەی گەشتی گەڕان بەدوای عەشق دەستی پێ کرد، گۆڕانکاری لە ناوەوەو دەرەوە دەست پێ دەکات.

**Twelfth Rule**: The quest for Love changes us. There is no seeker among those who search for Love who has not matured on the way. The moment you start looking for Love, you start to change within and without.

پێش ئەوەی شەمس گەشت بکات بابازەمان ئەم سێ شتەی پێ دەدات: دەستەسڕێکی ئاوریشم، ئاوێنەیەکی زیوی، شووشەیەك بەلسەم، پاشان پێی دەڵێت: ئەم کەرەستانە لە گەشەکەتدا یارمەتیت دەدەن، لە کاتی پێویستیدا بە کاریان بهێنە، ئەگەر بڕوات بەخۆت نەما، بەو ئاوێنەیە جوانی ناوەوەی خۆت دەبینی، ئەگەر ناوو ناتۆرەت بۆ دروستکراو ناوی تۆیان لەکەدار کرد، ئەم دەستەسڕە پاکی و بێگەردی دڵت بە بیر دەهێنێتەوە، ئەم بەلسەمەش برینی ناوەوەو دەرەوەت سارێژدەکات.

قوتابییەکەی تەکییەی بابازەمان زۆر بە شەمسەوە پەیوەست بوو، لەبەر ئەوە دەیویست لەگەڵیدا گەشت بکات بۆ قۆنییە، بەڵام شەمس پێی دەڵێت: من ڕاهاتووم بە تەنیا گەشت بکەم، من نامەوێت موریدو قوتابیم هەبێت، لەبەر ئەوەی پێشەوا و ڕابەری هیچ کەس نیم، بە تایبەتی تۆ، ئەگەر دەتەوێت لە داهاتوودا بە دوای

---

(٣٨) **روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٢٩.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P87

مامۆستایەکدا بگەڕێیت، ئەو ڕێسایە زێڕینییەت لە بیر بێت کە دەڵێت[٣٩]: **سێزدەهەم ڕێسا** (٣١) لەو دنیایەدا زۆر مامۆستا و ڕێبەری سەختەکار هەن، کە لە ئەستێرەکانی ئاسمان زیاترن، ئەو دوو جۆرە کەسە تێکەڵ بە یەکتر مەکە: ئەو خۆپەرستانەی بۆ دەسەڵات بەدەستهێنان کار دەکەن، لەگەڵ مامۆستا ڕاستەقینەکان. مامۆستای ڕاستەقینە سەرنجت بۆ لای خۆی ڕاناکێشێت، و داوای چوونە ژێر ڕکێفێکی ڕەهای خۆیت لێ ناکات، یان ئەو جۆرە مامۆستایە ئەوە نییە تۆ پێی سەرسام بیت، بەڵکو مامۆستای ڕاستەقینە یارمەتیت دەدات کە ناوەوەی خۆت هەڵبسەنگێنی و ڕێزی بگریت، مامۆستا ڕاستەقینەکان زۆر شەفافن، کە ڕووناکی خواوەند بە ناویاندا تێپەڕ دەبێت.

**Thirteenth Rule**: There are more fake gurus and false teachers in this world than the number of stars in the visible universe. Don't confuse power-driven, self-centered people with true mentors. A genuine spiritual master will not direct your attention to himself or herself and will not expect absolute obedience or utter admiration from you, but instead will help you to appreciate and admire your inner self. True mentors are as transparent as glass. They let the Light of God pass through them.

قوتابییەکە زۆر پێداگیری دەکات لەگەڵ شەمسدا سەفەر بکات، شەمسیش داواکارییەکی لێ دەکات کە کارێك ئەنجام بدات، بەڵام قوتابییەکە لەبەر قسەی خەڵك پێی شەرمە ئەو کارە بکات، ئەو کاتە شەمس پێی دەڵێت: تۆ زۆر گرنگی بە ڕاوبۆچوونی خەڵك دەدەی لە بارەی خۆتەوە، بەڵام دەزانی لەبەر ئەوەی زۆر حەزدەکەی ڕەزامەندی ئەوان بەدەست بهێنی، هەرگیز لە ڕەخنەکانیان دەرباز نابیت، هەرچەند

---

(٣٩) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٣٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P88

هەوڵ بدەی. هەر کەسێك بیەوێت ڕێگای خۆی بگرێت، دەبێت واز لە پارەو دەسەڵات و نێوبانگ بهێنێت، واتە دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بیت کە لە ژیاندا لات شیرینن، بەڵام شەمس هەست دەکات ئەو قوتابییە ئەو ئامادەییەی لێ بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوە داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە لای باوکی سەرقاڵی کار و کاسبی بێت.

# بەشی دووەم

## ئاو، ئەو شتە شلانەی کە دەگۆڕێن، ناتوانرێت پێشبینی بکرێن.

**WATER, THE THINGS THAT ARE FLUID, CHANGING, AND UNPREDICTABLE**

ئەو بەشە وەك ناوونیشانەکەی -ئاو- گۆڕانگاری تێدا ڕوودەدات، بەڵام هەروەك چۆن ناتواندرێت پێشبینی ئاوبکرێت، وا پێ دەچێت، کە ناتوانرێت پێشبینی ڕووداوەکانیش بکرێت.

قۆنییەی ساڵی ١٢٤٤ ڕۆمی گەورە زانانی شەریعەت و گوتاربێژییەتی. لە سەرەتای ئەو بەشەدا ڕۆمی خەونێکی ناخۆش هەمدیس هەراسانی کردووە، بەڵام ئەم جارە خەون بە دەروێشێکەوە دەبینێ کە شەمعەدانێکی پێنج مۆمی بەدەستەوەیە، دواتر کە ڕۆمی دەیەوێت چامەیەکی شیعری خۆی بۆ بخوێنێتەوە، ئەم پێنج مۆمە دەبنە دەستی ڕاستی، کە بڵێسەی ئاگرەکە لە هەر پێنج پەنجەی دەستی هەڵدەگیرسێن، بە ترسەوە ڕۆمی لەدەوری خۆیدا بە دوای ئاودا دەگەڕێت، تا ئاگرەکە

بکوژێنێتەوە، بەڵام ئاوی دەست ناکەوێت و عەباکەی خۆی دادەکەنێت و بۆی دەهاوێت، بەڵام لەو کاتەدا دەروێشەکە ون دەبێت.

ڕۆمی تەمەنی لە چڵ ساڵی نزیك بووەتەوە، پەروەردگار سێ نیعمەتی پێ بەخشیوە، مەعریفەت، فەزیلەت، توانایی هاوکاری خەڵکان لە گەڕان بەدوای خواوەندا. لەو ساڵەدا شەمس دەگاتە قۆنییە، لەبەر ئەوەی ئەو لە ژیانی کۆچەری ڕاهاتووە، مانەوەی لە شار تا ڕادەیەك نیگەران و پەرێشانی دەکات، بەڵام ڕێسایەکی گرنگی عەشقی بەبیردا دێتەوە، کە دەڵێت[٤٠]: چوادەخەم رێسا (١٤) هەوڵ مەدە بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییانە ببیتەوە کە دێنە سەر ڕێگای ژیانت، بەڵکو لە ژیان بگەڕێ کە لە تۆدا بژیت، نیگەران مەبە ئەگەر ژیانت سەرەو ژێر بوو، چون دەتوانی بزانی ئەوەی کە لەژیانتدا لەگەڵیدا ڕاهاتووی باشترە لەوەی کە لە داهاتوودا دێتە پێشت؟

**Fourteenth Rule**: Try not to resist the changes that come your way. Instead let life live through you. And do not worry that your life is turning upside down. How do you know that the side you are used to is better than the one to come?

شەمس لە نزیك ئەو شارەدا -قۆنییە- پشوویەك دەدات، جووتیارێك بەلایدا دێت کە گالیسکەیەکی پێیە، دەگاتە شەمس دوای سڵاو لێ کردنی داوای لێ دەکات بە گالیسکەکەی بیگەیەنێت، ئەگەر ئەسپەکەی ماندوو بووە، شەمس سوپاسی دەکات، جووتیارەکە هەست دەکات شەمس گامێشەکەی کە گالیسکەکە ڕادەکێشێت بە شایستە نازانێ، بۆیە پێی دەڵێت: گامیشەکەم زۆر بەهێزە، هەرچەندە پیر دیارە، بەڵام خۆشەویستترین هاوڕێمە. شەمس هەست دەکات دڵی جووتیارەکەی شکاندووە، یەکسەر هەڵدەستێت بە ڕێزەوە سەری بۆ دەچەمێنێتەوە، داوای لێبوردن لە

---

(٤٠) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٤٨. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P101

جووتیارەکەو گامێشەکە دەکات، چونکە ئەو خۆی بە مرۆڤێکی سادە دەزانێت، چون ڕێز بۆ بوونەوەرەکان دانانێت، جا ئەو بوونەوەرە ئاژەڵ بێت، یان مرۆڤ. جووتیارەکە تووشی شۆك دەبێت کە ئەم هەڵوێستە دەبینێت، چونکە لە ژیانیدا کەس داوای لێبوردنی لێ نەکردووە، تەنانەت کاتێك هەڵەیان بەرانبەر کردووە، ئەو داوای لێبوردنی لێ کردوون. شەمس مرۆڤ بە شایەستەی ڕێزێکی زۆر دەزانێت، چونکە خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (ولقد خلقنا الآنسان فی أحسن تقویم)، ڕێسای پازدەم دەڵێت[٤١]: **پازدەهەم ڕێسا**(١٥) خواوەند زۆر سەرقاڵی دروستکردنی مرۆڤ بووە، دروستکردنی ناوەوەو دەرەوەی، تا بە شێوەیەکی تەواو دروستی بکات، هەموو مرۆڤێك کارێکی بەردەوامەو بە شێوەیەکی هێدی دەجووڵێتەوە، هەر یەك لە ئێمەی مرۆڤ بریتییە لە کارێکی هونەری ناتەواو، لە هەوڵ و کۆششداین بۆ کامڵبوون، خواوەند بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ هەر یەکەمان دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی تابلۆیەکی جوانەو وێنەکێشێکی زۆر بلیمەت نەخشەی کێشاوە، هەموو خاڵێکی ئەو تابلۆیە وەك یەك بۆ تەواو بەخشینی سیمای تابلۆکە گرنگن.

**Fifteenth Rule**: God is busy with the completion of your work, both outwardly and inwardly. He is fully occupied with you. Every human being is a work in progress that is slowly but inexorably moving toward perfection. We are each an unfinished work of art both waiting and striving to be completed. God deals with each of us separately because humanity is a fine art of skilled penmanship where every single dot is equally important for the entire picture.

---

(٤١) **روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص** ١٥٠. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P102

جووتیارەکە شەمس دەگەیەنێتە ناو شاری قۆنییە و باسی ڕۆمی بۆ دەکات کە گوتاری هەیە و ئەگەر زوو نەچێت شوێنی دەست ناکەوێت. شەمس کە لە ناو ئەو شارە دەخولێتەوە، جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکی زۆر دەبینێ، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم شارە هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە، لەبەر ئەوەی بە زۆربەی زمانەکان قسە دەکەن، فەڕەنسی و سەکسۆنی و یۆنانی و فارسی و تورکی و کوردی و ئەرمەنی و عیبری و چەندان زمانی دیکە، کە شەمس نەیدەناسین، لە ناو ئەو جەنجاڵەی شاردا لە سووچێکدا بە هێمنی دەوەستێت و لە خەڵکەکە ڕادەمێنێت. یەکێك لە ڕێسا زێڕینییەکانی بە بیر دێتەوە کە دەڵێت[٤٢]: (١٦) ئاسانە خواوەندێکت خۆش بوێت کە سیفەتێکی پاك و بێگەردی هەیە، بەڵام زۆر ئەستەمە برای مرۆڤت بەو هەموو خەوشە و ناکۆکییەکانییەوە خۆش بوێت، ئەوەت لە یاد بێت کە مرۆڤ تەنیا ئەو کەسە دەناسێت کە دەتوانێت خۆشەویستی بکات، هیچ حیکمەتێك بەبێ خۆشەویستی و عەشق نییە، تا فێر نەبیت چۆن خەڵقی خوات خۆش بوێت، هەرگیز ناتوانیت خۆشەویستی بکەیت و پەروەردگار بناسیت.

**Sixteenth Rule**: It's easy to love a perfect God, unblemished and infallible that He is. What is far more difficult is to love fellow human beings with all their imperfections and defects. Remember, one can only know what one is capable of loving. There is no wisdom without love. Unless we learn to love God's creation, we can neither truly love nor truly know God.

کە شەمس لە ناو شاری قوونییە دەسووڕێتەوە، گوێی لێ دەبێت کە هەموو کەس باسی ڕۆمی دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو پیاوە چەند بە نێوبانگە، لە سووڕانەوەیەکیدا دەگاتە شوێنێکی لەشفرۆشتنی ئافرەتان، دەیەوێت بچێتە ژوورەوە،

---

**(٤٢) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٦٠.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P110

دەرگاوانە نێرە مووکەکە ڕێگری لێ دەکات و پێی دەڵێت: ئەی دەروێش نازانیت ئێرە شوێنی لەشفرۆشتنی ئافرەتانە؟ ئێرە پیسترین شوێنی ئەو شارەیە. لێرەدا شەمس باسی ڕێسایەکی دەکات کە دەڵێت[٤٣]: (١٧) پیسی ڕاستەقینە لەناوەوەی مرۆڤە، پیسی دیکە بە شووشتن پاك و خاوێن دەبێتەوە، بەڵام پیسییەك هەیە کە بە ئاوی پاك خاوێن نابێتەوە، ئەویش پیسی ڕق و کینەو دەمارگیرییە، کە ڕوحی مرۆ نەگریس دەکەن، دەتوانین جەستەمان بە زوهدو ڕۆژوو پاك بکەینەوە، بەڵام تەنیا عەشق و خۆشەویستی دڵمان خاوێن دەکاتەوە.

**Seventeenth Rule**: Real filth is the one inside. The rest simply washes off. There is only one type of dirt that cannot be cleansed with pure waters, and that is the stain of hatred and bigotry contaminating the soul. You can purify your body through abstinence and fasting, but only love will purify your heart.

دەرگاوانەکە ڕێگری لە شەمس دەکات و ناهێڵێت بچێتە ژوورەوە و هەڕەشەی لێ دەکات کە لەو شوێنە دووربکەوێتەوە، ئەویش پێی دەڵێت: ئێستاکە دەڕۆم، بەڵام دەگەڕێمەوە ئێرە، من لەو جۆرە خواپەرستانە نیم کە هەموو ژیانم لەسەر بەرماڵ و نوێژکردن ببەمە سەر و چاوم لە جیهانی دەرەوە بنووقێنم و دڵیشم دابخەم، ئەو جۆرە کەسانەی کە ڕووکەشانە قورئان دەخوێننەوە، من قورئان لە میانەی پشکنینی گوڵ و باڵندە کۆچەرەکان دەخوێنمەوە. ڕێسای عەشق دەڵێت[٤٤]: (١٨) هەموو گەردوون لە ناوەوەی هەموو مرۆڤەکاندایە، هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرتدان و دەیانبینی، ئەوانەی کە خۆشت ناوێن، تا ئەو کەسانەی کە ڕقت لێیانە، ئەوانە هەموو بە پلەی

---

(٤٣) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٦٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P111

(٤٤) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ١٦٥.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P112

جیا جیا لە ناوەوەی تۆدا دەژین و هەن، لەبەر ئەوە لە دەرەوەی خۆت بەدوای شەیتاندا مەگەڕێ، شەیتان هێزێکی دەرەکی نییە هێرشت بۆ بهێنێت، بەڵکو دەنگێکی ئاساییە لە ناوەوەی خۆتدا هەڵدەقوڵێت، ئەگەر بە تەواوی خۆتت ناسی، بە ڕاستگۆیی و بە توندی ڕووبەڕووی تاریکی و ڕووناکی ناوەوەی خۆت بوویتەوە، ئەو کاتە لە باڵاترین شێوازەکانی هۆشیاری دەگەیت، کاتێك خۆت دەناسیت، ئەو کاتە خواوەندیش دەناسیت.

Eighteenth Rule: The whole universe is contained within a single human being—you. Everything that you see around, including the things you might not be fond of and even the people you despise or abhor, is present within you in varying degrees. Therefore, do not look for Sheitan outside yourself either. The devil is not an extraordinary force that attacks from without. It is an ordinary voice within. If you get to know yourself fully, facing with honesty and hardness both your dark and bright sides, you will arrive at a supreme form of consciousness. When a person knows himself or herself, he or she knows God.

دواتر لە زاری ئافرەتێکی لەشفرۆشەوە (گوڵی بیابان) و پیاوێکی گەدا (حەسەن دەرۆزەکەر) و پیاوێکی سەرخۆش (سلێمان سەرخۆش) باس لە مەوکبە گەورە و گوتارەکەی ڕۆمی دەکرێت، ئەو سێ کەسەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگاو شارەکەدا دەژین، ڕۆمی دەبینن، بەڵام ڕۆمی لە بورجی بەرز و باڵای زانایاندا ئەوانە نابینێت، دواتر شەمس لەو بورجە دایدەبەزێنێت، تا ئەو جۆرە خەڵکانە ببینێت.

حەسەنی گەدا کە لە مزگەوتدا خەریکی دەست پانکردنەوەو دەرۆزەکردنە، لەهەمان کاتدا گوێ لە گوتاری ڕۆمی دەگرێت، بەڵام گوتارەکەی نیگەرانی دەکات، بەتایبەت لەو کاتەی باس لە ئازار و موعانات دەکات، حەسەنی گەدا پێی وایە

ڕۆمی زۆر لەو بارەیەوە نازانێت، لەو کاتەی کە لەبەردەرگای مزگەوت دانیشتووە بۆ یەکەم جار چاوی بە شەمس دەکەوێت، دەزانێت کە دەروێشێکی نامۆیە لەو شارە، سەری سوڕ دەمینێ کە سلاّوی لێ دەکات، چونکە زۆر لە مێژە کەس سلاّوی لێ نەکردووەو قسەی لەگەڵ کەس نەکردووە، شەمس خۆی پێ دەناسێنێت و پرسیاری ناوی لێ دەکات، ئەویش بە پێکەنینەوە کە کەسێکی وەك ئەو ناوی بۆ چییە؟ شەمسیش بە نارِەزاییەوە پێی دەڵێت، هەموو کەسێك ناوێکی هەیە، خواوەند چەندان ناوی هەیە کە ناژمێررێن، ئێمە تەنیا نەوەد و نۆ (٩٩) ناوی دەزانین، ئەگەر خواوەند ناوی هەبێت، چۆن دەبێت مرۆڤ ناوی نەبێت، کە لە شێوەی خواوەند دروست کراوە، پاشان حەسەنی گەدا دەڵێت: ڕۆژانێك دایکێك و ژنێکم هەبوو پێیان دەگوتم حەسەن. شەمس ئاوێنەیەکی زیوینی دەداتێ و پێی دەڵێت: ئەم ئاوێنە بپارێزە لاّی خۆت، پیاوێکی باشی بەغدا پێی داوم، تۆ لەمن زیاتر پێویستت پێیەتی، ئەم ئاوێنەیە بەبیرت دەهێنێتەوە کە تۆ خۆشەویستی خواوەندت لە ناوەوەی خۆت هەڵگرتووە.

لەو کاتەدا کە شەمس و حەسەنی گەدا بەیەکەوە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەراو هۆریایەك لە مزگەوتدا ڕوودەدات، سەرەتا حەسەن وا دەزانێت دیسان دزێکیان گرتووە، دواتر دەردەکەوێت، کە ئافرەتێکیان بە جلوبەرگی پیاوان لە ناو مزگەوتدا دەستگیر کردووە.

گوڵی بیابان بەپۆشاکی پیاوان دەچێتە مزگەوت بۆ ئەوەی گوێی لە گوتاری ڕۆمی بێت، گوێی لێ دەبێت کە ڕۆمی لە گوتارەکەیدا دەڵێت: خوداوەند موعاناتی دروست کردووە تا بەختەوەری لە میانەی دژەکەی دەربکەوێت، شتەکان لەمیانەی دژەکان دەردەکەون، لەبەر ئەوەی خوداوەند دژی نییە، بۆیە بەشاراوەیی دەمێنێتەوەو دەرناکەوێت.

(دیارە حەسەنی گەداش گوێی لەم قسەیەی ڕۆمی بووە لەبەر ئەوە نیگەرانە لەم جۆرە باسکردنەی ئازار و موعانات لاّی ڕۆمی) دواتر ئەو ئافرەتە چاوی ئەو پیاوانەی کە لەشی خۆی پێ فرۆشتوون ئاشکرای دەکەن و هاوار دەکەن کە چۆن دەبێت

ئافرەتیکی لەشفرۆش بچێتە مزگەوت؟ لەبەر ئەوە گوڵی بیابان تووشی گرفتێکی گەورە دەبێت، بەڵام شەمس فریای دەکەوێت و دەربازی دەکات، ئەو ئافرەتە دەیەوێت لەو ژیانەی تێیدایە دەربچێت و خەون بەژیانێکی شەرەفمەندانەوە دەبینێت، بەڵام هەست بە نائومێدی دەکات، بە تایبەت ئەو کاتەی لە مزگەوت ئاشکرا دەبێت و ناهێڵن گوتارەکەی ڕۆمی ببیستێت. لەبەر ئەوە خۆی زۆر بەکەم دەزانێ و هەست دەکات شایستەی ژیانێکی پڕشنگدار نییە، لەو کاتەدا شەمس باسی ڕێسای نۆزدەمی بۆ دەکات[٤٥]: نۆزدەهەم ڕێسا(١٩) ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ خەڵکدا بگۆڕێت، دەبێت یەکەم جار شێوازی مامەڵەی لەگەڵ خۆیدا بگۆڕێت، ئەگەر فێر نەبێت کە چۆن خۆی خۆش بوێت، خۆشەویستییەکی تەواو و ڕاستگۆیانە، هیچ ڕێگایەکی دیکە لە ئارادا نییە کە بتوانێت خۆشەویستی و عەشق بکات، بەڵام کاتێك مرۆڤ بەو قۆناغە دەگات، ئەو کاتە سوپاسی هەموو دڕکێك دەکات کە خەڵکانی دیکە بۆی دەهاوێژن، ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە کاتێکی نزیکدا گوڵباران دەکرێت.

**Nineteenth Rule:** If you want to change the way others treat you, you should first change the way you treat yourself. Unless you learn to love yourself, fully and sincerely ,there is no way you can be loved. Once you achieve that stage, however, be thankful for every thorn others might throw at you. It is a sign that you will soon be showered in roses.

دواتر شەمس پرسیار لە گوڵی بیابان دەکات: چۆن دەبێت مرۆڤ گلەیی لە خەڵك بکات کە ڕێزی لێ ناگیرێت، ئەگەر بێتو خۆی هەست نەکات شایستەی ڕێزگرتنە، پاشان ئەو دەستەسڕە ئاوریشمەی کە بابازەمان پێی دابوو پێش گەشتکردنەکەی

---

**(٤٥) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٢٠١.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P135

دەیداتێ و پێی دەڵێت: ئەم دەستەسڕە لە لای خۆت بپارێزە، پیاوێکی باش لە بەغدا پێی داوم، بەڵام تۆ لە من زیاتر پێویستت پێیەتی، ئەم دەستەسڕە ئەوەت بە یاد دەهێنیتەوە کە دڵت پاکەو عەشق و خۆشەویستی خوداوەندی تێدایە. دواتر داوای لێ دەکات ئەو شوێنەی لەشفرۆشی بەجێ بهێڵێت، بەڵام ئافرەتەکە لێی دەپرسێت بۆ کوێ بچێت، چۆن ڕابکات؟ ئەو شوێنێکی نییە بۆی بچێت، شەمس پێی دەڵێت: ئەمە گرفت نییە، باسی ڕێسای بیستەمی بۆ دەکات:[٤٦] **بیستەم ڕێسا** (٢٠) گرنگی بەوە مەدە کە ڕێگاکە بەرەو کوێت دەبات، بەڵکو گرنگی بە هەنگاوی یەکەم بدە، کە قورسترین هەنگاو دەبێت بەرپرسیاریەتی بگریتە ئەستۆ، هەر کە دەستت بەو هەنگاوەی یەکەم کرد، لێی گەڕێ با هەموو شتێك بە شێوەی ئاسایی خۆی بڕوات، هەنگاوەکانی دیکە خۆیان بەدوایدا دێن، لەگەڵ شەپۆلەکەدا مەڕۆ، بەڵکو خۆت ببە بە شەپۆلێك.

**Twentieth Rule:** Fret not where the road will take you. Instead concentrate on the first step. That's the hardest part and that's what you are responsible for. Once you take that step let everything do what it naturally does and the rest will follow. Do not go with the flow. Be the flow.

هەر لە شاری قۆنییە شەمس تووشی سلێمانی سەرخۆش دەبێت، کە لەلایەن پاسەوانانی شەو لێی دەدرێت و زامداری دەکەن، چونکە بە سەرخۆشی دەیبینن، شەمس فریای دەکەوێت، پێی دەڵێت: تۆ زامداری و خوێنت لێ دێت، هەر لە دەرەوە زامدار نیت، بەڵکو لە ناوەوەش زامداریت. دوای ئەوەی ئەو شووشە بەلسەمەی بابازەمان پێی دابوو دەیداتێ و پێی دەڵێت:بەو مەرهەمە زامەکانت سارێژ بکە، پیاوێکی باش لە بەغدا پێی داوم، بەڵام تۆ لەمن زیاتر پێویستت پێیەتی، تۆ زامی

---

(٤٦) **روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٢٠٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P136

ناوەوەت زۆر قووڵە، ئەوە دەبێت نیگەرانت بکات، ئەو مەرهەمە بەبیرت دەهێنێتەوە کە خواوەندت لە دڵدایە.

سلێمانی سەرخۆش باسی ئەوەی بۆ دەکات کە پاسەوانانی شەو بە قامچی لێیان داوە و پێیان گوتووە کە شایستەی ئەو لێدانەیە. شەمس پێی دەڵێت: هیچ کەسێك مافی نییە وات لێ بکات، هەر کەسێك لە خودی خۆیەوە بە دوای خواوەنددا دەگەڕێت، ڕێسای بیست و یەك دەڵێت[٤٧]: **بیست ویەکەم ڕێسا** (٢١) خوداوەند ئێمەی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموومان لەیەکتر جیاوازین، لەو دنیایەدا دوو کەس وەك یەك نییە، دوو دڵ بەیەك ڕیتم لێ نادەن، ئەگەر خودا بیویستبایە ئێمە وەك یەك بین وای دروست دەکردین، لەبەر ئەوە ڕێزنەگرتنی جیاوازییەکان و سەپاندنی بیروباوەڕی خۆت بە سەر کەسانی دیکەدا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێز لە سیستمێکی پیرۆز ناگرین، کە پەروەردگار دایمەزراندووە.

**Twenty-First Rule**: We were all created in His image, and yet we were each created different and unique. No two people are alike. No two hearts beat to the same rhythm.If God wanted everyone to be the same, He would have made it so. Therefore, disrespecting differences and imposing your thoughts on others tantamount to disrespecting God's holy scheme.

سلێمانی سەرخۆش لە ئەزموونی ژیانی خۆیدا بۆی دەرکەوتووە کە خەڵك جیاوازن لە شێوازی خواردنەوەی مەی، کەسانێك دەخۆنەوە دڵخۆش دەبن و گۆرانی دەڵێن، پاشان دەخەون، کەسانێکی دیکە دەخۆنەوە دەبنە دڕندە، هەرچەندە چەند دڵۆپێکی کەم دەخۆنەوە، جا ئەگەر هەندێك کەس بە مەی دڵخۆشبن و هەندێ کەس ببنە دڕندە

---

(٤٧) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٢٠٧.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P140

و شەڕانگێز، دەبێت گلەیی لەو کەسە بکەین کە دەخواتەوە، نەك گلەیی لە خودی شەرابەکە؟ پاشان ئەو شیعرەی خەییام دەڵێتەوە:

مەی بنۆشە، لەبەر ئەوەی نازانی لە کوێ هاتووی بۆ چی هاتوویتە دنیا،

مەی بنۆشە، لەبەر ئەوەی نازانیت بۆچ دەڕۆیت و بۆ کوێ دەڕۆی.

سلێمان بە شەمس دەڵێت: هەمیشە لە خۆم دەپرسم لەبەر چی سۆفییەکان لە هۆنراوەکانیاندا باسی مەی دەکەن، ئاخۆ ئەم شەرابە ڕاستەقینەیە، یان مەجازییە؟ شەمس وەڵامی دەداتەوە: ڕێسای عەشق لەم بارەیەوە دەڵێت[٤٨]: **ڕێسای بیست و دووەم** (٢٢) کاتێك عاشقی خواوەند دەچێتە مەیخانە، ئەم جێیە دەبێتە شوێنی نوێژکردنی، بەڵام بۆ کەسێکی ئاسایی مەیخانە تەنیا شوێنی سەرخۆشبوونیەتی، لە هەموو کردارێکدا کە ئەنجامی دەدەین، دڵەکانمان گرنگن نەوەك ڕوخساری دەرەکیمان، سۆفییەکان لەسەر ڕوخساری دەرەکی بڕیار لەسەر مرۆڤەکان نادەن، سۆفی کاتێك لە کەسێك ڕادەمێنێ، بە چاوی سێیەم سەیری دەکات و دەیبینێ، ئەو چاوەی کە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ دەبینێ.

**Twenty-Second Rule**: When a true lover of God goes into a tavern, the tavern becomes his chamber of prayer, but when a wine bibber goes into the same chamber, it becomes his tavern. In everything we do, it is our hearts that make the difference, not our outer appearances. Sufis do not judge other people on how they look or who they are .When a Sufi stares at someone, he keeps both eyes closed and instead opens a third eye—the eye that sees the inner realm.

---

**(٤٨) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص ٢٠٩.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P141

# بەشی سێیەم

## با، ئەو شتانەی دەجولێنەوە و گەشە دەکەن، سەرکێشی و مەیدانخوازی دەکەن

## WIND،THE THINGS THAT SHIFT ،EVOLVE ،AND CHALLENGE

سەرەتای ئەم بەشە، مامۆستایەکی قوتابخانەی شاری قۆنییە کە نووسەری دەستنووسی ڕۆمانەکە (عەزیز) بە (دەمارگیر) ناوی دەبات، باسی خۆی دەکات، شانازی بەوەوە دەکات کە کوڕی برایەکەی خۆی بەناوی بیبرس بەخێوکردووەو بووەتە پاسەوانی شار و شەوانە ئێشکگری دەکات و شار لە تاوانبار و پیاو خراپان، دز و سەرخۆشەکان دەپارێزێت، ئەم مامۆستایە لای وایە شار لە ئاژاوەدایە، لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی تەنیا بە ناو موسڵمان ماون، دەستیان بە ئایینەکەیانەوە نەگرتووە، لە سزای ئەمەشدا خودا مەغۆلییەکانی وەك تۆڵە لێکردنەوەیەك بۆ ناردوون، ئەگەر مەغۆلییەکانی نەناردبایە، لەوانە بوو لافاوێك، یان زەمین لەرزەیەك، یان برسێتییەکی بەسەر ئەم شارەدا بهێنابایە، ئەم مامۆستا دەمارگیرە ڕقی لە سۆفییەکانە کە شەریعەتیان لە لا تەنیا قۆناغێکی ڕێگاکەیە، پشت بەوە دەبەستن کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کاتێك لە شەڕێك گەڕاوەتەوە فەرموویەتی لە جیهادی بچووك

گەڕاینەوە بۆ جیهادی گەورە، کە جیهادی نەفسە، لایان وایە کە نەفس دوژمنی سەر سەختی موسڵمانانە و دەبێت شەڕی لەگەڵدا بکرێت، ئەو سۆفیانە لایان وایە ڕیزبەندی لە ئیسلامدا نییە و هەموو کەسێك دەتوانێت بە دوای خواوەنددا بگەڕێت، قورئانیش پڕیەتی لە ڕەمزی شاراوە و پێویستە بە ڕێگای سۆفیگەرییانە ئاشکرا بکرێن، تەنانەت هەندێك لە سۆفییەکان لایان وایە کە مرۆڤ خۆی قورئانێکی قسەکەرە، ئەمە بە پێی بۆچوونی مامۆستای دەمارگیر کفرکردنە.

فەیلەسووفەکانیش لای ئەم دەمارگیرە لە سۆفییەکان باشتر نین، چونکە وا دەزانن بە عەقڵی سنوورداریان دەتوانن هەموو شتێك بناسن، چیرۆکی سۆفییەك و فەیلەسووفێك هەیە، فەیلەسووفەکە دەڵێت: هەموو ئەوەی کە دەیزانم دەیبینم. سۆفییەکەش دەڵێت: هەموو ئەوانەی دەیبینم دەیزانم-دەیناسم-. بەم جۆرە سۆفی لای وایە دەیبینێ و فەیلەسووفیش لای وایە دەزانێ، بەڵام ئەو مامۆستایە لای وایە ئەوانە نە شتێك دەبینن و نە شتێك دەزانن، چونکە لەوە ئاگادار نین کە مرۆڤ بوونەوەرێکی فانییە، توانایی سنووردارەو چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت لەوە زیاتر بزانێت کە دەیزانێ، لەبەر ئەوە ئەرکی مرۆڤ نییە بەرنامەو ڕێساکانی خوا تەفسیر بکات، بەڵکو تەنیا لەسەریەتی بچێتە ژێر ڕکێفیانەوە و پیادەیان بکات، ئەو قسانە گفتوگۆی شەوانەی ئەو مامۆستایەو بیبرسی برازایەتی.

لەبەر ئەوە نووسەری دەستنووسی ڕۆمانەکە بە دەمارگیر ناوی دەبات، چونکە نموونەی مامۆستای تەقلیدی و پیاوانی دەسەڵاتە، بیبرسی برازای کە خۆی پەروەردەی کردووە پاسەوانی دەسەڵاتە و بەناو موسڵمانە، بەڵام لە ڕابواردنی لەگەڵ ئافرەتانی لەشفرۆش دریغی ناکات، بە تایبەت لەگەڵ گوڵی بیابان، دواتر ئەم مامۆستا دەمارگیرە لەگەڵ شەمسدا لە قوتابخانە دەکەونە گفتوگۆکردن و شەمس ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دەدات، کە بەڕاستی مامۆستایەکی دەمارگیرە.

شەوی پێش ئەوەی شەمس لەگەڵ ڕۆمی بەیەکتر بگەن، خەریکی بیرکردنەوەیە و زۆر دڵخۆشە بەو گەردوونەی کە خواوەند لە سەر شێوازی خۆی دروستی کردووە، لە

هەر لایەك ڕووی تێ دەكەی دەتوانی بەدوای پەروەردگاردا بگەڕێیت، بەڵام زۆر دەگمەن مرۆڤەكان هەست بەمە دەكەن و ئەم كارە دەكەن. شەمس بیر لەو سێ كەسە دەكاتەوە كە لەو شارەدا تووشیان بووە، گەدایەك، ئافرەتێكی لەشفرۆش، سەرخۆشێك، ئەمانە خەڵكێكی ئاسایین و نەخۆشییەكی هاوبەشیان هەیە، ئەویش جیابوونەوەیانە لە یەكێكی تاك (SEPARATION FROM THE ONE) ئەو كەسانە لە ناو كۆمەڵگادا پەراوێزخراون، كە زانایان لە بورجێكی بەرزدا دەژین نایانبینن. شەمس پرسیار لە خۆی دەكات: ئاخۆ ڕۆمی جیاوازی لەگەڵ ئەو زانایانە هەیە؟ جیاوازی لەگەڵ ئەو زانایانە نییە، دەبێت شەمس ببێتە نێوانەی ڕۆمی و ئەو كەسە پەراوێزخراوانەی كۆمەڵگا. شەمس چیرۆكی ئەو دەروێشەی بەیاد دێتەوە كە دەچێتە شارێك پێی دەڵێن: بڕۆ لەو شارە هیچ كەسێك لێرە ناتناسێت، ئەویش بەهێمنی وەڵامیان دەداتەوە: بەڵێ ڕاستە، بەڵام من خۆم دەناسم، بڕوام پێ بكەن ئەگەر وانەبێت زۆر خراپ دەبێت. لەبەر ئەوەی شەمس خۆی دەناسێت كارەكان باش بەڕێوە دەچن، ئەوەی خۆی بناسێت، یەكی تاك و تەنیاش (خواوەند) دەناسێت. كاتێك شەمس لە مانگەشەوێكدا خەریكی بیركردنەوە و تێڕامانە، ڕووناكی مانگ دڵخۆشی دەكات، هەست دەكات خۆشییەك باوەش بەشارەكەدا دەكات، سوپاسگوزاری خواوەند دەكات بۆ ئەو ساتە موبارەكە، هەست دەكات ژیان كورتە، ڕێسایەكی عەشقی بەبیردا دێت، **ڕێسای بیست و سێیەم** (٢٣)(٤٩): ژیان قەرزێكی كاتییە TEMPORARY LOAN، ئەو دنیایەش هیچ نییە جگە لە لاسایی كردنەوەیەكی سادەو ڕووكەشیانەی حەقیقەت، SKETCHY IMITATION تەنیا منداڵان گەمەو ڕاستی تێكەڵ دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت مرۆڤ خوو بەو گەمەیەوە بگرێت، یان ئەو گەمەیە تێكبشكێنێت و تووڕی هەڵبدات، لەم ژیانەدا لە هەموو زێدەڕۆییەك دووربكەوێتەوە،

---

(٤٩) روایه قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٢٢٧. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P153

لەبەر ئەوەی هاوسەنگی ناوەوەی تێکدەشکێنێت. سۆفی هەمیشە میانڕەوە و ڕوحی لێبوردەیی هەیە.

**Twenty-Third Rule**: Life is a temporary loan, and this world is nothing but a sketchy imitation of Reality. Only children would mistake a toy for the real thing. And yet human beings either become infatuated with the toy or disrespectfully break it and throw it aside. In this life stay away from all kinds of extremities, for they will destroy your inner balance. Sufis do not go to extremes. A Sufi always remains mild and moderate.

بەیانییەکەی لە مزگەوت شەمس ڕۆمی دەبینێ و گوێی لێ ڕادەگرێت، لەگەڵ خۆی بیر دەکاتەوە، لەوانەیە گوتاربێژێکی مەزن بێت، وەك خەڵك باسی لێوە دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا گرنگی و نێوبانگی هەموو گوتاربێژەکان بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەبێت کە گوێی لێ دەگرن، لەوانەیە قسەکانی ڕۆمی وەك باخچەیەکی خۆڕسك وابێت، کە پڕیەتی لە گژوگیا و دار سنۆبەر و دار و دەوەنی دیکە، هەر کەسێك مافی خۆیەتی حەزی لە چییە ئەوە هەڵبژێرێت، هەندێك گوڵەکان هەڵدەبژێرێت، کەسێکی کەم گرنگی بە ڕووەکە دڕکاوییەکان دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا لەم جۆرە ڕووەکە دڕکاوییانەدا داوودەرمانی زۆر گرنگ دروست دەکرێن. هەمان شت لەسەر باخچەی عەشق پەیڕەو دەکرێت، زۆر ئاسانە شتە جوانەکان هەڵبژێرین و شتە ناشیرینەکان بە لاوە بنێین، هەموو کەسێك دەتوانێت وا بکات، بەڵام مەیدانخوازی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ شتە جوان و ناشیرینەکان لە یەك کاتدا خۆش بوێت، نەوەك لەبەر ئەوەی کە دەبێت شتەکان وەك خۆی بە تاڵی و شیرینییەوە قبوڵ بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی لەو خەسڵەتە تێبپەڕێنێ، دەبێت سەرتاپا خۆشەویستی و عەشق قبووڵ بکات.

له ٣١ ئۆکتۆبەری ١٢٤٤ کاتێك ڕۆمی گوتارەکەی تەواو دەکات لە مزگەوتی گەورەدا بە مەوکبێکی گەورەوە بەرەو ماڵ بە ڕێ دەکەوێت، لە ڕێگادا زۆربەی خەڵك لەگەڵ مەوکبەکەدا دەڕۆن، هەندێك داوای لێ دەکەن دوعایان بۆ بکات، کە لە دوکانی مەیفرۆشەکاندا نزیك دەبێتەوە، ڕۆمی دەروێشێکی گەڕۆك لە ناو قەرەباڵغەکەدا دەبینێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کەسێکی بە سەلیقە و لەخۆبوردوو دەردەکەوێت، لە ئەسپەکەی ڕۆمی نزیك دەبێتەوە و چرپەیەك بە گوێچکەیدا دەکات، ئەسپەکە تووشی هەناسەبڕکێ دەبێت، بەڵام کە بەدەستی ئاماژەیەکی بۆ دەکات، ئەسپەکە ئاسایی دەبێتەوە، خەڵکەکە سەریان سوڕدەمێنێ، هەندێك دەڵێن ئەمە جادووکردنە، دەروێشە گەڕۆکەکە شەمسی تەبرێزییە بەبێ ئەوەی گوێ بە خەڵکی دەوروبەر و مەوکبەکەی ڕۆمی بدات ڕوو لە ڕۆمی دەکات و پێی دەڵێت: ئەی گەورە زانای خۆرهەڵات و خۆرئاوا، زۆرم لەبارەتەوە بیستووە، ئەمڕۆ هاتوومەتە ئێرە پرسیارێکت ئاراستە بکەم، ڕێگەم پێ دەدەی؟ ڕۆمی پێی دەڵێت فەرموو. شەمس پێی دەڵێت دەبێت لە ئەسپەکەت دابەزیتە خوارەوە، تا لە یەك ئاستدا بین، دوای دابەزینی ڕۆمی لە ئەسپەکەی شەمس پرسیارەکەی لێ دەکات: پێم بڵێ کامە لەم دووانە مەزنترن: پێغەمبەر (د.خ)، یان بایەزیدی بستامی سۆفی؟

ڕۆمی لە وەڵامدا دەڵێت: ئەم پرسیارە چییە؟ چۆن دەتوانین بەراوردکاری بکەین لە نێوان پێغەمبەرێکی مەزن (د.خ) لەگەڵ سۆفییەك کە نێوبانگێکی خراپی هەیە؟

شەمس پێی دەڵێت: تکایە بیر لەبابەتی پرسیارەکە بکەوە، پێغەمبەر (د.خ) نەیفەرمووە ئەی پەروەردگار لێم ببوورە کە دەستەوەستانم لە ناسینی تەواوی تۆ، بەڵام بستامی گوتوویەتی خواوەند لە ناو جوبەکەی مندایە، جا ئەگەر کەسێك هەست بە بچووکی بکات بەرانبەر خوا، بەڵام کەسێکی دیکە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە خواوەندی لە ناوەوەی خۆی هەڵگرتووە؟ کامەیان مەزنترن؟

ڕۆمی دڵە خورپە دەیگرێ و هەست دەکات پرسیارەکە لوغزێکی تێدایە، ئەو دەروێشە شێت نییە ئەو پرسیارە دەکات، کە ئەو پێشتر بیری لێ نەکردووەتەوە، لەبەر

ئەوە هەوڵ دەدات وەڵامی بداتەوە، بە شەمس دەڵێت: ئەم دوو جۆرە قسانەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، هەرچەندە وادەردەکەوێت قسەکەی بستامی بەهادارتر و بەرزترە، بەڵام ئەوەت بۆ ڕوون دەکەمەوە کە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. خۆشەویستی خواوەند زەریایەکە و سنوور و کۆتایی بۆ نییە، مرۆڤ هەوڵ دەدات چەند بکرێت بڕێکی زۆر لە ئاوی ئەو زەریایە بخواتەوە، بەڵام هەرکەسێك بە پێی جامەکەی خۆی بڕی ئەو ئاوەی دەست دەکەوێت، هەندێك جامەکیان زۆر گەورەیە و هەندێك جامەکەیان بچووکە، جامەکەی بستامی نەختێك بچووك بوو، بە قومێك ئاوی ئەو زەریایە تینوویەتی شکا، بەختەوەرییەکی زۆر دایدەگرێت، گەیشتە ئەو قۆناغەی بەختەوەری خۆی لەبیر کرد، وای زانی خواوەند لە ناوەوەی ئەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی خواوەند و خۆی لەیەکتر جیا بکاتەوە، بەڵام پێغەمبەر(د.خ) کە خواوەند بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵیبژاردووە جامەکەی زۆر گەورەبوو، زۆری دەویست تا پڕ بێت، لەبەر ئەوە خواوەند لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی (الم نشرح لك صدرك) سوورەتی الشرح ئایەتی (١)، بەم شێوەیە خواوەند سینگی کردەوە، جامەکەشی زۆر گەورەبوو، تێنوویەتییەکەی لە ئاوی زەریاکە نەشکا، لەبەر ئەوە سەیر نەبوو کە فەرمووی(ئێمە وەك پێویست ناتناسین)، هەرچەندە ئەو وا خواوەند دەناسێت کە کەسێکی دیکە وەك ئەو نایناسێت.

شەمس کە گوێی لەم وەڵامەی ڕۆمی دەبێت، ڕێز لە ڕۆمی دەگرێت و بۆی دەچەمێتەوە، ڕۆمیش بۆی دەچەمێتەوە، هەست دەکات ڕۆمی پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، کە ئاخۆ جامەکەی ئەو چ قەبارەیەکی هەیە؟ کاتێك لە ڕوخسار و چاوەکانی ئەو دەروێشە دەڕوانێت، هەست دەکات ئەو کەسە لەلای نامۆ نییە، ئەوەی دەهاتە خەونەکانی، ئیتر ڕۆمی بۆی دەردەکەوێت کە هاوڕێی خۆی دۆزیوەتەوە، دڵخۆش دەبێت، بەڵام ترسێکی گەورە دایدەگرێت، لەبەر چارەنووسی ئەو دەروێشەی دەهاتە خەونەکانی.

دواتر چل ڕۆژان ڕۆمی و شەمس لە خەڵوەت دەبن، کە تێیدا باسی چل ڕێسای عەشق دەکەن، شەمس کوڕە گەورەی ڕۆمی (سوڵتان وەلەد)باش دەبینێت، کە لەسەر ڕێگای باوکییەتی، بەڵام کوڕە بچووکەکەی (عەلائەددین) پێچەوانەی براکەیەتی. کاتێك شەمس ئەو قسانە بە ڕۆمی دەڵێت، کوڕە بچووکەکەی گوێی لێ دەبێت و پێی سەیر دەبێت ئەو دەروێشە چۆن ئەو دەناسێت.

ڕۆمی دەپاڕێتەوەو نزادەکات: ئەی باتنی خواوەند، ئەی ڕوخساری شاراوەی خواوەند، عەقڵم بکەرەوە تا بتوانم حەقیقەت ببینم، هەر لەو کاتەی شەمس پرسیار لە ڕۆمی دەکات، ڕۆمی هەست دەکات هەر تەنیا ئەو دوو کەسە لەسەر ڕووی زەمیندا ماون و دەژین، حەوت قۆناغ لەسەر ڕێگای حەقیقەت بۆیان ئاوەڵا کرا، کە حەوت مەقامات بوون، دەبێت هەموو ڕوحێك هەوڵ و کۆششی بۆ بکات، تا بە وەحدانییەت بگات:

**مەقامی یەکەم:** نەفسی گەمارۆدراو، کە توندترین قۆناغی سەرەتایی و بەربڵاوە لە بووندا، ئەو کاتەی ڕوح بەدنیاوە پەیوەست دەبێت، زۆربەی خەڵك لەم قۆناغەدان، کە هەوڵ و کۆششی ئەوە دەکەن خزمەتی خودی خۆیان بکەن، بەڵام بەرپرسیاریەتی دەخەنە ئەستۆی کەسانی دیکە، کە لە مەڕ هۆکاری ماندووبوونی بەردەوامیان.

**مەقامی دووەم:** مەقامی سڕینەوەی خود، کاتێك مرۆڤ هەست بە دارِمانی ڕوحی دەکات هەوڵ و کۆشش دەکات و جیهادی نەفس دەکات، تا لەو قۆناغەی یەکەمدا تێبپەڕێنێت، لەو کاتەدا خودی خۆی دەسڕێتەوە، بەرەو پاکییەتی ناوەکی هەنگاو دەنێت.

**مەقامی سێیەم:** نەفسی ئیلهام بەخش، لەم قۆناغەدا مرۆڤ گەشەو نەشونما دەکات، نەفسی دەبێتە ئیلهام بەخشی، تەنیا لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی وشەی چوونە ژێر ڕکێف (**خضوع**) بزانێت. لەم قۆناغەدا مرۆڤ لە دۆڵی زانستەکانی خواوەندی دەخولێتەوە، سەبر و حیکمەتی دەبێت، دەبێتە خاکی، جیهان لای نوێ و پڕ ئیلهام دەبێت، زۆربەی ئەوانەی بەو قۆناغە دەگەن، حەزدەکەن تێیدا

بمێننەوە، جوانی و پیرۆزی تێدا بەدی دەکەن، بەڵام ئەوانەی حەز بەپلەیەکی باڵاتر بکەن، تێیدا نامێننەوە.

**مەقامی چوارەم:** دۆڵی حیکمەت، ئەو کەسانەی لەقۆناغی سێیەم تێدەپەڕێنن، بە دۆڵی حیکمەت دەگەن، نەفسی دڵنیاکراوە دەناسن.

**مەقامی پێنچەم:** تەنیایی -یەکبوون **(الوحدة)** ئەوەی بەم قۆناغە بگات، زۆر ڕازییە کە خواوەند لە هەر بارودۆخێکی دابنێت. کاروباری دنیای بە هیچ شێوەیەك لا گرنگ نییە، چونکە بە نەفسێکی ڕازی دەگات.

**مەقامی شەشەم:** نەفسێکی ڕازیکراو، مرۆڤ لەم قۆناغەدا دەبێتە چرای ڕووناکی مرۆڤایەتی، وزە بە هەر کەسێك دەبەخشێت ئەگەر داوای لێ بکات، خەڵك فێر دەکات و ڕۆشنیان دەکاتەوە، هێزێکی ئەبەدی دەبێت، بۆ هەر شوێنێك بچێت کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکانی دیکە بەجێ دەهێڵێت، لەمیانەی خزمەتکردنی کەسانی دیکەدا مەبەستی سەرەکی خزمەتکردنی خواوەندە.

**مەقامی حەوتەم:** نەفسێکی بێگەرد، لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەبێتە مرۆڤێکی تەواو (الأنسان الكامل)، بەڵام کەس زانیاری زۆری دەربارەی ئەو مەقامە لا نییە، تەنانەت ئەوەی پێی دەگات قسەی لەبارەوە ناکات.

باسکردنی ئەم حەوت قۆناغە ئاسانە، بەڵام زۆر قورسە پێیاندا بڕۆین و بیانبڕین، ئەم قۆناغانە ڕێگایەکی ڕاستی پێداڕۆیشتنیان نییە، بەڵکو زۆر جاران مرۆڤ دەگەڕێتەوە قۆناغی یەکەم، کەسانێکی زۆر کەم لە هەر سەدەیەکی مێژووی مرۆڤایەتی بە قۆناغی حەوتەم-کۆتایی دەگەن.

جا کاتێك شەمس پرسیاری لە ڕۆمی کرد، مەبەستی بەراوردکردنی نێوان پێغەمبەر(د.خ) و بایەزیدی بوستامی نەبوو، بەڵکو دەیویست بزانێت تا چ ڕادەیەك ڕۆمی ئامادەباشی ئەوەی هەیە کە کەسایەتیی خۆی لە پەروەردگاردا بتوێنێتەوە، پرسیارێکی شاراوەش لە ناو پرسیارەکەی (شەمس)دا هەبوو، ئەویش ئەوە بوو: کە

ئاخۆ ڕوحی لە چ قۆناغێکی حەوت قۆناغەکەدایە؟ ئاخۆ ئازایەتی تێدا هەیە تا کۆتایی بەردەوام بێت؟ قەبارەی چامەکەی چەندە؟

**کیرا** خێزانی ڕۆمی باس لەوەدەکات کە ڕۆمی کتێبەکانی زۆر خۆش دەویست، بەتایبەتی کتێبەکانی بەهائەددینی باوکی، لەبەر ئەوە گوتبووی: کتێبەکانی باوکم بە چەندان توورەگە زێر نادەم. هەر کتێبێك کولتوورێکی بەهادارە لە باوانمانەوە بۆم بەجێ ماوە، من لە باوکم بۆم ماوەتەوە، منیش بۆ منداڵەکانم بە جێیان دەهێڵم.

ڕۆژێك کیرا دەچێتە کتێبخانەکەی و خەریکی خاوێنکردنەوەی کتێبەکان دەبێت، ڕۆمی دەیبینێت و پێی دەڵێت: تکات لێ دەکەم دەست لە کتێبەکانم مەدە، باشتر وایە جارێکی دیکە نەچیتە ئەم ژوورە. لەو ڕۆژەوە کیرا ناچێتە کتێبخانەکە، ئەو بەوە ڕازی دەبێت کە جیهانی کتێب جیهانی ئەو نەبووە و نییە، بەڵام کاتێك شەمسی تەبریزی دێتە ماڵیان و چل ڕۆژان لەگەڵ ڕۆمی پیاوی لە خەڵوەت دەبن، کیرا هەست دەکات برینێك لە سینگی خوێنی لێ دەتکێت.

**کیرا** کە ئافرەتێکی بەڕەچەڵەك فەلەیە، لەگەڵ هاتنی شەمس بۆ ماڵیان، هەست دەکات شەوق و پەرۆشی بۆ ئایینەکەی خۆی و دایکە مریەم زیاد دەکات، حەز دەکات نوێژ بۆ دایکە مریەم بکات، ئەمە تەنیا نهێنییەك بوو نەیدەویست بۆ کەسی باس بکات، جگە لە پیاوەکەی ڕۆمی، بەڵام ئەویش لەبەر سەرقاڵی بە شەمسەوە دەرفەتی بینینی نەمابوو.

**کیمیا** کچە جووتیارێکی هەژار و سادەیە، ڕۆمی لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا کە باوکی دەیهێنێتە لای بۆ فێربوون و زانست دەیکاتە کچی خۆی، لەبەر ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کچێکی ژیر و نائاساییە و خێزانەکەی نەیاندەتوانی فێری خوێندنی بکەن.

ئەو کاتەی کە باوکی کیمیا لەگەڵ کچەکەی دەچێتە لای ڕۆمی، کیمیا ڕوحی جەوهەرەی خێزانی کۆچکردووی ڕۆمی دەبینێت و لەگەڵیدا دەدوێت، کاتێك ڕۆمی

درك بەمە دەكات بە باوكی كیمیا دەڵێت: ئێستاكە دەزانم لەبەرچی هەموو دەڵێن كچەكەت بەهرەمەندە.

شەمسی تەبریزی وای بۆ دەچێ كە ئیمانداری لە ڕۆژگاری ئەودا لە ئاڵۆزیدایە، ئەو ئیماندارەی ئەگەر ئەركە ئاینییەكانی وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەجكردن بەجێ بگەیەنێت، دڵیشی خۆشەویستی ڕاستەقینەی خواوەندی تێدا نەبێت سوودی چییە؟

ئەوكاتە ئیمانداری تەنیا وشەیەكە بە بێ خۆشەویست، دەبێ ئەو خەڵكە وا بزانن كە خواوەند هەر تەنیا لە مەككە و مەدینە و مزگەوتەكاندایە؟ چۆن دەبێت خواوەند هەر تەنیا لە شوێنێكدا، یان چەند شوێنێكی دیاریكراودا بێت؟ پەروەردگار خۆی دەفەرموێت: ئاسمان و زەوی جێگای منی لێ نابێتەوە، بەڵام لە دڵی ئیماندارێكی ڕاستەقینەدام.(دیارە ئەمە حەدیسێكی قودسییەو بیروبۆچوونی جیای لەسەرە) ڕێسای عەشق دەڵێت[٥٠]: **بیست و چووارەم ڕێسا** (٢٤) مرۆڤ پلەوپایەیەكی بەرزی لە لایەن خواوەندەوە پێ دراوە، لەبەر ئەوە فەرموویەتی: بەڕوحی خۆم فووم داوە (ونفخت فیه من روحی)، هەموو مرۆڤەكانمان بە بێ جیاوازی خولقاندووە، تا ببێتە جێنشینی خواوەند لەسەر ڕووی زەوی، لەخۆت بپرسە ئەی مرۆڤ چەند جار وەك جێنشینی پەروەردگار هەڵسوكەوتت كردووە؟ ئەگەر وات كردووە، ئەوە بەیادی خۆت بێنەوە كە پێویستە هەموومان ئەو ڕوحە خواوەندییە لە ناوەوەی خۆماندا بدۆزینەوە، تا بەپێی ئەو ڕوحە بژین.

**Twenty-Fourth Rule**: The human being has a unique place among God's creation. "I breathed into him of My Spirit," God says. Each and every one of us without exception is designed to be God's delegate on earth. Ask yourself, just how often do you behave like a

---

(٥٠) روایە قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٢٦٨. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P181

delegate, if you ever do so? Remember, it falls upon each of us to discover the divine spirit inside and live by it.

ئاييندارە دەمارگیرەکان لە جیاتی ئەوەی خۆیان لە خۆشەویستی خواوەندا بتوێننەوە، دێن شەڕ لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەن و توندوتیژی و ترس بڵاودەکەنەوە، بە چاوی ترسەوە سەیری گەردوون دەکەن، جا کاتێك زەوی لەرزەیەك، یان وشکە ساڵییەك، یان کارەساتێك ڕوودەدات، ئەمە بەبەڵگەی تووڕەبوونی خواوەند دادەنێن، بەڵام ئەوەیان لەبیر نییە، کە خودا بەزەیی و ڕەحمەتی لە پێش تووڕەبوونیدایە. هەر ئەو دیندارە دەمارگیرانە لە جیاتی ئەوەی لە جەوهەری قورئان بکۆڵنەوە، چەند ئایەتێك هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی خۆیاندا بگونجێن، کە پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێن، هەر تەنیا باس لەوە دەکەن کە مرۆڤەکان لەڕۆژی زیندووبوونەوە و هەستانەوە-قیامەت بەسەر پردی سیراتدا دەڕۆن، کە زۆر باریکەو تاوانباران لێی دەرباز نابن و دەکەونە ناو دۆزەخ و بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، بەڵام ئیمانداران دەتوانن لەو پردە بپەڕنەوەو بەبەهەشت شادبن. بەم شێوەیە ئەو جۆرە دیندارانە سەیری دوارۆژ دەکەن، هەوڵ و کۆشش هەر تەنیا بۆ ئەو دوارۆژە دەکەن و خواوەند لەبیر دەکەن، لەبەر ئەوەی ئاگایان لەو ڕێسایە نییە کە دەڵێت(٥١): **بیست وپێنچەم ڕێسا** (٢٥) دۆزەخ لێرەیەو لەو ساتەی ئێستادا هەیە، هەروەها بەهەشتیش بەهەمان شێوە، واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنن بۆ دۆزەخ بەترس و خەویش بەبەهەشتەوە، ببینن، لەبەر ئەوەی لە ساتی ئێستادا دۆزەخ و بەهەشت بوونیان هەیە، لە هەر ساتێك کە دڵمان پاکەو خۆشەویستی پێ دەکەین، بۆ ئاسمان بەرزدەبینەوە. هەموو ساتێکیش کە ڕق و قینەمان لەدڵدایەو ئیرەیی دەبەین و لەبەرانبەر ئەوانی دیکەدا شەڕانگێزین، ئەو کاتە دەکەوینە ناو دۆزەخ.

---

(٥١) روایە قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٢٦٩. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P182

**Twenty-Fifth Rule**: Hell is in the here and now. So is heaven. Quit worrying about hell or dreaming about heaven, as they are both present inside this very moment. Every time we fall in love, we ascend to heaven. Every time we hate, envy, or fight someone, we tumble straight into the fires of hell.

لێرەدا شەمس پرسیار دەکات: ئاخۆ دۆزەخێك لەوە پڕ ئازارتر هەیە، کاتێك مرۆڤ هەست دەکات ویژدانی ئازاری دەدات کە تاوانێکی گەورەی کردووە؟ پرسیار لەو کەسە بکەی پێت دەڵێت دۆزەخ چییە، ئاخۆ بەهەشتێك لەوە خۆشتر هەیە لەو ساتە دەگمەنانەی ژیان کە هەست دەکەی گەردوون بۆت والآیە و نهێنی نەمری دەزانی و لەگەڵ خواوەند تەبا دەبی، لەو کەسەی لەو حاڵەتەدایە بپرسە پێت دەڵێت بەهەشت چییە؟

لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناکات نیگەران بیت کە چی لە ژیانتدا ڕوودەدات، سۆفییەکان لەبەر سزای ئاگر خواوەندیان خۆش ناوێت، هەروەها لەبەر پاداشتی بەهەشتیش خۆشیان ناوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خواوەند تاك و تەنیایە، واتە خۆشەویستییەکی پاك و بێ گەرد و بەبێ هیچ سوود و بەرژەوەندییەك.

خۆشەویستی هۆیە و خۆشەویستی ئامانجە (الحب هو العله والحب هو المعلول- Lvoe is the reason . Lvoe is the goal ) کاتێك خواوەندت خۆش دەوێت، کاتێك هەموو بوونەوەرەکانت لەپێناو ئەودا خۆش دەوێت، لە شکۆمەندی ئەوەدا جیاوازییەکان و دابەشبوونەکان دەتوێنەوە، ئەو کاتە هیچ شتێك بەناوی (من) نامێنێت و دەتوێتەوە.

کە شەمس لەگەڵ ڕۆمی ئەم باسانە دەکەن، ڕۆمی قووڵ بیردەکاتەوە، لە ناکاو چاوەکانی دەخاتە سەریەك و چەند دێڕە شیعرێك دەڵێت، ڕۆمی وا دەزانێت ناتوانێت ببێتە شاعیر، بەڵام شاعیرێتی لەناوەوەیدایە و ئەو ساتە دەردەکەوێت کە هەست

دەكات ئەو سەر بە هەموو ئایینەكانە و نە خۆرهەڵاتییە و نە خۆرئاواییە، ئەو سەر بەمەملەكەتی خۆشەویستییە.

ڕۆمی هەست دەكات شەمس فەرهەنگی ژیانی گۆڕیوە، دەبێت سەرلەنوێ پێناسەی شتەكان بكاتەوە، نازانێت ئەوەی ئەو لە شەمسی بینیوەو لێی فێر بووە بۆ خێزانەكەی و دەوروبەرەكەی باس بكات، یان نا، چونكە خەڵك زیاتر پشت بە قسە هەڵبەستراوەكان دەبەستن، كە لەبارەی شەمسەوە گوتراون و گوایە دەروێشێكی سەیرە و قسەكانی لەكفركردن دەچن. لەو كاتەدا ڕۆمی چیرۆكی هاروونە ڕەشیدی خەلیفەی عەباسی و لەیلای بەبیردێتەوە، ئەو خەلیفەیەی عەباسی كاتێك گوێی لەوە دەبێت كە شاعیرێكی بەدەوی كە ناوی قەیسە شێتی لەیلا بووە، دەیەوێت ئەو لەیلایە ببینێت و بزانێت چ ئافرەتێكی شۆخ و جوانە؟! كاتێك داوای دەكات بۆی پەیدا دەكەن و دەیهێنن، دەبینێت لەیلا ئافرەتێكی ئاساییە، زۆر سادەیە وەك هەر ئافرەتێكی ئاسایی دیكە، خەلیفە سەری سوڕدەمێنێت كە ئەو ئافرەتە قەیسی شێت كردووە، لێی دەپرسێت: تۆ ئەو لەیلایەی كە قەیست شێت كردووە، چ جادوویەكت هەیە كە وات كردووە ئەو پیاوە شێت بكەی؟ تۆ ئافرەتێكی ئاساییت. لەیلا وەڵامی خەلیفە دەداتەوە و دەڵێت: بەڵێ من لەیلام، بەڵام تۆ قەیسی شێت نیت. دەبێت بەچاوی قەیس سەیرم بكەی، پاشان ئەو لوغزەت بۆ دەردەكەوێت، كە پێی دەگوترێت خۆشەویستی.

ڕۆمی چۆن بتوانیت ئەو لوغزەی بۆ برادەر و قوتابی و خێزانەكەی خۆی سەبارەت بە شەمس باس بكات، كە دەبێت بە چاوی ئەو، بەچاوی شێت سەیری بكەن، ئاخۆ هۆكارێك هەیە بۆ تێگەیشتن لە مانای خۆشەویستی بەبێ ئەوەی یەكەم جار خۆشەویستیت كردبێت، خۆشەویستی تەفسیر ناكرێت، تەنیا دەبێت تێیدا بژیت و ئەزموونی بكەیت، هەرچەندە خۆشەویستی تەفسیر ناكرێت، بەڵام خۆشەویستی هەموو شتێك تەفسیر دەكات.

بەیانییەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢٤٥ دوای ئەوەی ڕۆمی و شەمسی تەبریزی نوێژی بەیانی بەیەکەوە دەکەن، هەریەکیان سواری ئەسپێك دەبن و لەگەڵ کازیوە بەرەو دەشتایی دەڕۆن و لەناو باخچەی دۆڵەکاندا دەسوڕێنەوە، هەست بە لەزەتی سروشت دەکەن، ڕۆمی لەو گەشتەیدا بە شەمس ڕادەگەیەنێت کە ئەو ئارەزووی گوتاردانی نەماوە، هەرچەندە پێشتر پێیان گوتووە، کە کاریگەری وشەکانی لە خەڵك ئەفسووناوین. شەمس پێی دەڵێت: وشەکانت یارمەتی خەڵك دەدەن، منیش هەموو هەوڵ و کۆششێك دەکەم بۆ یارمەتیدانت، من خزمەتکاری تۆم، بەڵام ئەوەی من نیگەران دەکات ئەو نارێکییەیە کە تێیدا دەژیت، لەبەر ئەوەی گوتاربێژێکی بە نێوبانگی و خەڵکانێك لە دەورت کۆدەبنەوە، بەڵام ئاخۆ چ لە بارەی خەڵکی ڕەمەکی دەزانیت؟ سەرخۆش و گەدا و دز و جەردە و ئافرەتی لەشفرۆش و قومارچییەکان، ئەوانەی لە کۆمەڵگادا پەراوێزخراون، تووشی گەورەترین ناخۆشی و ستەم و نائومێدی دەبن، ئاخۆ دەتوانین هەموو ئەوانەمان خۆش بوێت؟ ئەمە تاقیکردنەوەیەکی قورسە، کەسانێکی زۆر کەم دەتوانن وابکەن.

ڕۆمی لە بەردەم شەمسدا دان بەوەدا دەنێت کە ژیانێکی خواپێداوانە و پادشایانە ژیاوە، ئاگاداری ئەوە نەبووە کە خەڵکی ئاسایی چۆن دەژین، دواتر شەمس مستێك خۆڵ هەڵدەگرێت و دەڵێت: ئەگەر بتوانین هەموو گەردوون لەباوەش بگرین بە هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکانییەوە، ئەو کاتە هەموو شتەکان دەتوێنەوە و دەبنە یەك شت. دواتر شەمس گەڵای دارێکی وشك هەڵدەگرێت و لەدەوری دار بەڕوویەك بازنەیەکی گەورە دەکێشێت، پاشان هەردوو باڵی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە، وەك ئەوەی بیەوێت پەتێکی نەبینراو بگرێت، هەر نەوەد و نۆ ناوەکانی خوداوەند دەڵێتەوە و بەهێمنی بەدەوری بازنەکەدا دەخولێتەوە، بەرەبەرە سوڕانەوەکەی خێراتر دەکات، دواتر بە خێرایی هێزی گەردەلوولێك دەخولێتەوە، ڕۆمی چاودێری ئەو سەما سەرسووڕهێنەرە دەکات، هەست دەکات هەموو گەردوون لەگەڵ شەمسدا دەخولێتەوە، دوایی بەرە بەرە هێمن دەبێتەوە تا لە سووڕانەوە دەوەستێت، لەو سەماکردنەدا تەواو دەگۆڕێت،

وەك بلێی لە دنیایەكی دیكە هاتبێتەوە، پاشان باسی ئەو ڕێسایە دەكات[٥٢]: **بیست و شەشەم ڕێسا**(٢٦) ئەو گەردوونە یەك بوونەوەرە، هەموو شتێك و هەموو كەسێك بە تۆڕێكی نەبینراو لە چیرۆكەكان پەیوەستن، هەست پێ بكەین، یان نا، ئێمە هەموومان بەشداری لە قسەكردنێكی بێ دەنگانە دەكەین، زیان بە كەس مەگەیەنە، بە بەزەیی بە، نەمیمی مەكە، تا ئەگەر وشەكانیشت بێ تاوان بن، لەبەر ئەوەی ئەو وشانەی لە دەممان دەردەچن، لە ناو ناچن، بەڵكو لە فەزای بێ كۆتاییدا دەمێننەوە، لە كاتی گونجاودا بۆمان دەگەڕێنەوە، ئازار و موعاناتی مرۆڤێك هەموومان ئازار دەدات، خۆشی و شادی كەسانێك هەموومان بە خەندە دەهێنێ.

**Twenty-Sixth Rule**: The universe is one being. Everything and everyone is interconnected through an invisible web of stories. Whether we are aware of it or not, we are all in a silent conversation. Do no harm. Practice compassion. And do not gossip behind anyone's back—not even a seemingly innocent remark! The words that come out of our mouths do not vanish but are perpetually stored in infinite space, and they will come back to us in due time. One man's pain will hurt us all. One man's joy will make everyone smile.

دواتر شەمس بە ڕۆمی دەڵێت: لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە میانەی وشەكانتەوە، بە دەنگی خۆشەویستی دەناسرێیت، نەك لە میانەی گوتار و وانەكانت، بەڵكو بەهۆی شیعرەكانتەوە.

---

(٥٢) روایه قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٣٠٤. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P207-208

ئەو کاتە ڕۆمی سەری سوڕدەمێنێت، دەڵێت: من شیعر نازانم، من زانایەکی ئایینیم، شەمس پێی دەڵێت: تۆ دەبیتە جوانترینی ئەو شاعیرانەی کە دنیا دەیناسێت، هەرچەندە من حەزدەکەم لەگەڵتدا بم، بەڵام تۆ دەبێت بە تەنیا بەردەوام بی، ئەمەش بەدەست من نییە. لەو کاتەدا کە ڕۆمی گوێی لەم قسانەی شەمس دەبێت، دڵی دادەخورپێت، ئازارێکی سەخت دەکەوێتە سینگی، دەزانێت کە شەمس بە جێی دەهێڵێت.

سوڵتان وەلەد کوڕە گەورەی ڕۆمی پێوەندی باوکی و شەمس بە پێوەندی مووسا و خدر دەچوێنێت، کە خودا لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (الکهف) باسی لێوە دەکات، بەڵام خەڵکەکەی دەوروبەری باوکی لەم مەسەلەیە ناگەن، لەبەر ئەوە زۆر لە شەمس تووڕەبن و ڕقیان لێ دەبێتەوە.

شەمس لە دەرگای ژووری ڕۆمیدا دەوەستێت و ناهێڵێت هەموو کەسێك بچێتە لای ڕۆمی، بە تایبەتی ئەو کەسانەی شت و مەك و پارە و مافووری بۆ دەهێنن، ڕۆژێك کەسێکیان تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت: کێ ئەو مافەی بە تۆ داوە کە دەرگای مەولانامان لێ بگریت، شەمس پێی دەڵێت: من خۆم بەو بەخشیوە، سەرم لە پێناو ئەودا داناوە.

سوڵتان وەلەد ڕۆژێك بە شەمس دەڵێت: بەو تووڕەییەی خەڵك نیگەران نابێت؟ دوژمنی زۆرت بۆ خۆت پەیداکردووە.ئەویش وەڵامی دەداتەوە: لەوانەیە عاشقانی خوداوەند ڕەخنەگریان هەبێت و ململانێ و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام دوژمنیان نییە، لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بەشەڕ نایەم، بەڵکو لەگەڵ هەستەکانیان شەڕدەکەم، کە خۆیان زۆر پف داوە، پاشان باسی ئەو ڕێسایە دەکات[٥٣]: **بیست و حەوتەم ڕێسا** (٢٧) ئەو دنیایە وەك ئەو چیایە وایە کە بەفری تێکەوتووەو دەنگی خۆت دەداتەوە، هەر قسەیەك بکەی چاك، یان خراپ، بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ

---

(٥٣) روایە قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٣٠٩. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P207-211

خۆت دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێك بە خراپە قسەی لەگەڵتدا کرد، ئەگەر تۆش بە خراپە وەڵامی بدەیەوە، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، ئەو کاتە خۆت دەبینییەوە کە بوویتەتە تەڵەو بەندیخانەی ڕقوکینەکان، لەبەر ئەوە چل ڕۆژ و شەو بەباشە بیر لەو کەسە بکەوە، دواتر هەموو شتێك لە کۆتاییدا جیاواز دەبێت، لەبەر ئەوەی تۆ لە ناوەوەی خۆتدا جیاواز دەبی.

Twenty-Seventh Rule: This world is like a snowy mountain that echoes your voice. Whatever you speak, good or evil, will somehow come back to you. Therefore, if there is someone who harbors ill thoughts about you, saying similarly bad things about him will only make matters worse. You will be locked in a vicious circle of malevolent energy. Instead for forty days and nights say and think nice things about that person. Everything will be different at the end of forty days, because you will be different inside.

سوڵتان وەلەد بە شەمس دەڵێت کە خەڵك زۆر بە خراپە باسی پێوەندی ئەو لەگەڵ باوکی دەکەن، هەندێ قسەیان لەبارەوە دەکەن و باسی پێوەندییان دەکەن وەك دوو پیاو کە ناکرێت باس بکرێن. شەمس زەردەخەنە دەیگرێ و ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە: دوو پیاو بەیەکەوە سەفەریان کرد، تووشی جۆگەیەکی لافاوی باران هاتن، بینییان ئافرەتێکی جوان و شۆخ وەستاوەو ناتوانێت لە جۆگەکە بپەڕێتەوە و پێویستی بەیارمەتی هەیە، پیاوێکیان فریای دەکەوێت و لە جۆگەلەکە دەیپەڕێنێتەوە، دواتر بە جێی دەهێڵن، بەڵام پیاوەکەی دیکە زۆر لێی نیگەران دەبێت، کە بە ڕێگادا دەڕۆن ماوەیەکی زۆر قسەی لەگەڵ ناکات، لەدواییدا بەخۆی ناوەستێت و پێی دەڵێت: لەبەرچی دەستت گەیاندە ئەو ئافرەتەو لەباوەشت کرد و پەڕاندتەوە، لەوانە بوو ئیغرات بکات، حەرامە پیاو دەست بداتە دەستی ئافرەتی نامەحرەم.

پیاوەکەش وەڵامی دایەوە: هاوڕێی ئازیزم ئافرەتەکەم لەوبەری جۆگەکە پەڕاندەوە ئەو بەر و لەوێم دانا و بە جێم هێشت، بەڵام تۆ تا ئێستا ئەو ئافرەتت لە ناوەوەی خۆت هەڵگرتووە.

پاشان شەمس بە سوڵتان وەلەد دەڵێت: هەندێك خەڵك وان، مەترسییەکان و بیروبۆچوونەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن، ئەو بارگرانییە لە ناویان دەبات، ئەگەر گوێت لێ بوو کەسێك ناتوانێت لە پێوەندی من و باوکت بگات، داوای لێ بکە دەماغی خۆی بشوات.

گوڵی بیابان دوای ڕووداوی دەرکردنی لە مزگەوتی ڕۆمی هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکات، ئەم ڕووداوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەن لەشفرۆشخانەکە بەندی بکات و نەهێڵێت بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەم بەندکردنە نیگەرانی ناکات، چونکە ئارەزووی لە هیچ شتێك نامێنێت، خۆی بە تەواوی فەراموش دەکات و گرنگی بە خۆ پۆشتەکردن نادات، لەبەر ئەوە زۆر پێی سەیر دەبێت کاتێك کەسێك داوای دەکات، کە دەزانێت کەسەکە بیبرسە زۆر دڵتەنگ دەبێت، پێی دەڵێت: پاسەوانێکی وەك تۆ لێرە چی دەکات؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە:هاتنی من بۆ ئێرە سەیرتر نییە لەوەی کە ئافرەتێکی لەشفرۆش دەچێتە مزگەوت. گوڵی بیابان پێی دەڵێت: ئەو ڕۆژە دەتویست بمکوژی، بەڵام قەرزاری شەمسی تەبرێزیم کە فریام کەوت. بیبرس بەناوهێنانی شەمس زۆر نیگەران دەبێت، چونکە پێی وایە ئەو زەندیق و کافرە، بەڵام گوڵی بیابان پێی دەڵێت: کە شەمس پیاوێکی زۆر باشە و ئیمانداریێکی ڕاستەقینەیە و بۆ یەکەم جار ئەو نهێنییە لای بیبرس دەدرکێنێت کە شەمس سەردانی کردووە و پێی سەیر بووە کە چۆن هاتووەتە ناو لەشفرۆشخانەکە بە بێ ئەوەی خاوەنی لەشفرۆشخانەکە پێی بزانێت، هەندێك دەیانگوت شەمس جادووکەرە و جادوو لە خەڵك دەکات، بەڵام گوڵی بیابان لای وابوو ئەمە ڕاست نییە، چونکە پیاوێکی زۆر باشە و ئیماندارەو خاوەن بەهرەی تایبەتی خۆیەتی، جگە لە دایکی هیچ کەسێك وەك شەمس بەسۆز و میهرەبانییەوە بەبێ

بەرانبەر مامەڵەی لەگەڵ نەکردووە، فێری کردووە کە ڕەشبین نەبێت، کاتێك پێی دەڵێت چۆن ڕابردووی خۆی لە بیر بکات؟ شەمس باسی ڕێسای بیست و حەوتەمی بۆ دەکات[٥٤]: **بیست و هەشتەم ڕێسا** (٢٨) ڕابردوو تەفسیرە، دواڕۆژیش وەهمە، جیهان وەك هێڵێکی ڕاست لەمیانەی زەمەنەوە ناجووڵێتەوە، کە ڕابردوو بەرەو داهاتوو ببات، بەڵکو زەمەن لە میانەی ئێمەوە لە ناوەوەی ئێمەدا بە بێ کۆتایی جووڵە دەکات، سەرمەدییەت مانای زەمەنی ڕەها ناگەیەنێت، بەڵکو مانای نەمرییە. ئەگەر دەتەوێت ڕۆشنایی هەمیشەیی هەڵبژێریت، دەبێت بیروبۆچوونت دەربارەی ڕابردوو و داهاتوو لە عەقڵتدا دەربکەی، لەو ساتەی ئێستاکەدا کە تێیدا دەژیت بمێنیتەوە.

Twenty-Eighth Rule: The past is an interpretation. The future is an illusion. The world does not move through time as if it were a straight line, proceeding from the past to the future. Instead time moves through and within us, in endless spirals. Eternity does not mean infinite time, but simply timelessness. If you want to experience eternal illumination, put the past and the future out of your mind and remain within the present moment.

هەروەها شەمس بەگوڵی بیابانی گوتبوو: هەروەك دەبینیت ساتی ئێستاکە بریتییە لەوەی کە بووە و لەوەی کە دەبێت، کاتێك ئەو ڕاستییە دەزانیت، هیچ شتێك لە ئارادا نابێت کە لێی بترسێیت، ئەو کاتە دەتوانیت ئەو لەشفرۆشخانەیە بەیەکجاری بە جێ بهێڵیت.

دوای ئەوەی گوڵی بیابان بە دڵی بیبرس هەڵسوکەوت ناکات بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، لەلایەن ئەوەوە تووشی لێدانێکی زۆر دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە هەست بەمردن دەکات، بەڵام لەگەڵ تێهەڵدان و شوڵاقلێدانی لەلایەن بیبرس هەست

---

(٥٤) روايه قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٣١٧-٣١٨. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P207-216

دەکات ڕوحی لە جەستەی جیادەبێتەوە و وەك کۆلارەیەکی قژقاقەز ئازادانە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و ترسی لە مردن نامێنێت، لەبەر ئەوە نیگەرانی کەم دەبێتەوە، چونکە پێشتر لێدان و تێهەڵدان نیگەرانی کردبوو، کە ڕێگر بوو لە هەڵاتن لە لەشفرۆشخانەکە، لەبەر ئەوە ئیتر ترسی لێدان و مردنی نامێنێت، بە دڵێکی فراوان درکی بەوەکرد کە دەتوانێت ئەو کونە جورجە بەجێ بهێڵێت. هەستی کرد شەمس ڕاستی دەگوت کە پیسایەتی ڕاستەقینە لە ناوەوەی مرۆڤدایە، چاوەکانی دەخاتە سەر کەسایەتییەکی دیکەی جیاوازی خۆی، کە کەسایەتییەکی پاك و بێ گەردە، ئەم شوێنە پیسە جێ دەهێڵێت و ژیانێکی نوێ هەڵدەبژێرێت، کە پڕیەتی لە خۆشەویستی، هەرچەندە خوێن لە جەستەی دەچۆڕایەوە، بەڵام بەردەوام بوو لەو خەونەی.

کیمیا کە بووبووە کچ و قوتابی ڕۆمی، دوای هاتنی شەمس دەرفەتی دیداری لەگەڵ ڕۆمی کەم بووبووەوە، هەستی دەکرد ڕۆمی فەرامۆشی کردووە و وانەی پێ نالێتەوە، بەڵام لێی دڵگران نەبوو، چونکە وەك باوکێك و مامۆستایەك خۆشی دەویست و ڕێزی لێ دەگرت، بەڵام هەستی دەکرد کە شەمسی تەبرێزی نهێنییەکی گەورەیە کە ڕۆمی سەرقاڵ کردووە، لەبەر ئەوە لەو نیگەران بوو، بەڵام حەزیشی دەکرد بیناسێت، ڕێکەوت ئەو دەرفەتەی ڕەخساند، کاتێك خەریکی قورئان خوێندن بوو، هەندێ پرسیاری لە بارەی سوورەتی (**النساء**) لا دروستبوو، ویستی بچێتە ژووری ڕۆمی پرسیارەکانی لێ بکات، بەڵام کە دەچێتە ژوورەکە ڕۆمی لەوێ نییە و شەمس لەوێیە، کاتێك شەمس دەزانێت کیمیا بۆ پرسیارکردن هاتووەتە لای ڕۆمی پێی دەڵێت: پرسیارەکەت بکە لەوانەیە من بتوانم یارمەتیت بدەم. ئەویش هۆکارێك نابینێت کە پرسیارەکە لەو نەکات، لەبەر ئەوە پێی دەڵێت کە گرفتی لە تێگەیشتنی سوورەتێك هەیە. شەمس وەك بڵێی لەبەر خۆیەوە قسە بکات دەڵێت: قورئان وەك بووکێکی شەرمن وایە، پەردەکەی سەر ڕوخساری هەڵنەداتەوە تا دەبینێت ئەو کەسەی کە سەیری دەکات دڵنەرم و دڵ پڕ سۆز و خۆشەویستییە. شەمس ڕوو لە کیمیا دەکات پرسیاری لێ دەکات گرفتی لە تێگەیشتنی کامە سوورەت هەیە؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: لە سوورەتی نیسائدا، لە هەندێ ئایەتدا خودا دەفەرموێت پیاوەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئافرەتەکانەوە هەیە تا دەتوانن لە خێزانەکانیان بدەن، ئایا ئەمە ڕاستە وایە؟

شەمس تەفسیری ئەو ئایەتەی بۆ دەکات بە بێ ئەوەی ئاماژە بە لێدانی ئافرەتان بکات، هەروەها بە کیمیا دەڵێت: کە قورئان ڕووبارێکی نەوەستاوە، ئەوانەی لە دوورەوە سەیری دەکەن تەنیا یەك ڕووبار دەبینن، بەڵام ئەوانەی مەلەی تێدا دەکەن، چوار شەپۆلی تێدا دەدۆزنەوە[٥٥]، هەروەك جۆرە جیاوازەکانی ماسی، هەندێك لە ڕووە تەنکەکەی ڕووبارەکە مەلەدەکەن، هەندێکی دیکە دەچنە قووڵایی ئاوی ڕووبارەکە بۆ مەلەکردن. ئەوانەی حەزدەکەن لە تەنکایی ڕووبارەکە مەلە بکەن، ئەوە بەدەرکەوتنی مانای ئاسایی قورئان ڕازین، زۆربەی خەڵك لەم جۆرەن، ئایەتەکانی قورئان بە شێوەیەکی حەرفی تەفسیر دەکەن، لەبەر ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە کاتێك ئەم جۆرە کەسانە سوورەتێکی وەك سوورەتی نیسا دەخوێننەوە وای بۆ دەچن کە باس لەوە دەکات پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە، یان پیاوەکان پلەو پایەیان بەرزترە لەوان، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە هەروای دەبینن، بەڵام سێ شەپۆلەکەی دیکەی خوێندنەوەی قورئان جیاوازن لە شەپۆلی یەکەم، شەپۆلی دووەم قووڵترە لە شەپۆلی یەکەم، بەڵام ئەویش لە ڕووە تەنکاییەکەی ڕووبارەکە نزیکە، هەرچەندە پلەی هۆشیاریت فراوان بێت پلەی تێگەیشتنت بۆ قورئان فراوان دەبێت. شەپۆلی سێیەم خوێندنەوەیەکی ناوەکی قورئانە (**القراءة الباطنية**). ئەگەر سوورەتی ئەلنیسائت خوێندەوە و چاوی ناوەوەت کراوە بوو، ئەو کاتە دەبینی کە ئەم سوورەتە باسی ئافرەت و پیاو ناکات، بەڵکو باسی مێیایەتی و نێرایەتی دەکات، کە ئەم دوو سیفەتە لە هەمووماندا هەیە، بەمن و تۆشەوە، بەپلەی جیاواز ئەم دوو سیفەتە لە

---

(**٥٥**) پێشتر شەمس لە ڕێسای سێیەم باسی چوار شەپۆل یاخود چوار ئاستی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزی کردووە.

هەموو مرۆڤدا هەن. کاتێك دەزانیت چۆن لەم دوو سیفەتە بگەی، ئەو کاتە هەست بە بینینی یەکێتییەکی تەبایی و هۆرمۆنی دەکەی.

بەم شێوەیە شەمس بە کیمیا دەڵێت کە هەموو پیاوێك ڕادەیەك لە مێیایەتی تێدایەو هەموو ئافرەتێك ڕادەیەك نێرایەتی تێدایە، دوای ئەم گفتوگۆ کردنە شەمس و کیمیا زۆر لەیەکتر نزیك دەبنەوە و هەست بەهەناسەی یەکتر دەکەن، کاتێك شەمس دەیەوێت دەست لە لێوەکانی کیمیا بدات یەکسەر دووردەکەوێتەوە و پێی دەڵێت: ئازیزەکەم ئێستا پێویستە بڕۆی، کیمیا بە شڵەژاوی دەردەچێت و لەبیری دەچێت پرسیاری شەپۆلی چوارەمی خوێندنەوەی قورئانی لیّ بکات، ئاخۆ دەبێت خۆێندنەوەی ئەم شەپۆلە چەند قووڵ بێت؟ ئەو کەسانەی لەو شەپۆلە مەلەدەکەن(یاخود بەو ئاستە دەگەن) چییان بەسەر دێت؟

کیمیا لە دیدارێکی دیکەیدا لەگەڵ شەمس ئەم پرسیاری لیّ دەکات و ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە کە شەپۆل(ئاست)ی چوارەم لە خوێندنەوەی قورئان ئاستێکە لە خوێندنەوە کە ناتوانرێت باسی لێوە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا هێشتاکە زمان دەرهەقی باسکردنی ئەم ئاستە نایەت، کاتێك دەچیتە ناو هەرێمی عەشق پێویستت بە زمان نابێت. ئەو کاتە کیمیا بەشەرمەوە دەڵێت: خۆزگە ڕۆژێك دەمتوانی بگەمە هەرێمی عەشق، تا بتوانم بە قووڵی قورئان بخوێنمەوە. شەمس پێی دەڵێت: ئەگەر لە ناوەوەت ئەمە هەبێت دەتوانیت لەگەڵ شەپۆلی چوارەمدا مەلە بکەی تا دەگەیتە مەرام. کیمیا لێی دەپرسێت: مەبەستت چییە ئەگەر لە ناوەوەت هەبێت؟ مەبەستت چارەنووسە؟ شەمس وەڵامی دەداتەوە: بەڵیّ ڕاستە، بەڵام چارەنووس یانی چی؟ ناتوانم باسی چارەنووست بۆ بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە چارەنووس چ نییە، دەتوانم ئەو ڕێسایەت پیّ بڵێم [٥٦]: **بیست و نۆهەم ڕێسا (٢٩)** چارەنووس مانای ئەوە نییە کە ژیانت بە چارەنووسێکی حەتمی دیاری کراوە، لەبەر

---

**(٥٦)** روايه قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٣٢٥. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P221

ئەوەی وازهێنان لە هەموو شتێك خۆدانە دەست چارەنووس و بەشداری نەکردن لە ژەنینی مۆسیقای گەردوون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ لە نەزانینێکی ڕەهادا دەژیت. مۆسیقای گەردوونی لە هەموو شوێنێکدا هەیە و بڵاوبووەتەوە، ئەم مۆسیقایە لە چل ئاستی جیاواز پێکدێت، چارەنووسی تۆ ئەو ئاستەیە کە ئاوازی خۆتی تێدا دەژەنیت، ئامێری مۆسیقایەکە ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا ئەو پلیکانە دەگۆڕێت و دەچیتە ئەو پلیکانەیەی(ئاستەی) کە دەتوانیت تێیدا مۆسیقاکەت-ئاوازەکەت بژەنی.

**Twenty-Ninth Rule:** Destiny doesn't mean that your life has been strictly predetermined. Therefore, to leave everything to fate and to not actively contribute to the music of the universe is a sign of sheer ignorance. The music of the universe is all-pervading and it is composed on forty different levels. Your destiny is the level where you will play your tune. You might not change your instrument but how well to play is entirely in your hands.

شەمس بە کیمیا دەڵێت ژیان بەم شێوەیە ڕوون و ئاشکرا نییە کە بۆی دەچین، بەڵام خواوەند دەیەوێت ئێمە ڕوون و ئاشکرا بین، لەبەر ئەوە چەمکەکانی حەرام و حەڵاڵ، بەهەشت و دۆزەخ هاتنە کایەوە، وای بێنە بەر چاوت ئەگەر خەڵك لە ئاگری دۆزەخ نەترسابانایە، یان خەڵکانێك هان نەدرابانایە بە پاداشتی چوونە بەهەشت، ئەو کاتە ئەو دنیایە زۆر خراپ دەبوو، بەڵام من لە سەرووی حەڵاڵ و حەرامەوە سەیردەکەم، من پێم باشترە ئاگری دۆزەخ بکوژێتەوە و خەڵك خۆشەویستییەکی پاك و بێ گەردیان بۆ پەروەردگار هەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان تەسکە وا دەزانن ئەم قسانە کفرکردنن.دوای ئەم گفتوگۆیانە کیمیا هەست دەکات شەمسی تەبریزی خۆش دەوێت.

شەمس لەگەڵ خۆی بیردەکاتەوە... نەمیمەت و قسە هەڵبەستن و جوێندان سروشتی دیکەی مرۆڤە، هەرچەندە قورئان ئەمانە بەگوناهی گەورە دادەنێت، بەڵام خەڵك زۆر کەم خۆی لێیان دووردەخاتەوە، خەڵك دژی سەرخۆشی و لەشفرۆشی ئافرەتان دەوەستن، بەڵام کاتێك نەمیمەت و قسە بۆ خەڵکانی دیکە هەڵدەبەستن، نازانن کە تاوانێکی گەورە دەکەن. کاتێك بە سۆفییەك دەڵێن ئەوە سینییەك خۆراك لە کۆڵاندا دەگێڕن، سۆفییەکە دەڵێت بە ئێمە چی، چ کارێکمان بەسەرەوەیە؟ بەڵام دواتر پێی دەڵێن سینییەکە بەرەو ماڵی ئێوە چوو، پاشان سۆفییەکە پێیان دەڵێت: بە ئێوە چی؟ بەداخەوە خەڵك بەزۆری سەرقاڵی چاودێریکردنی خەڵکانی دیکەن، لەجیاتی ئەوەی گرنگی تایبەتی بەخۆیان بدەن، قسە لەسەر خەڵك دەکەن، لەبەر ئەوە خەڵکی قۆنییە بەخراپی باسی ئەو (شەمسی تەبرێزی) دەکەن و ناووناتۆرەی بۆ دەبیننەوە، هەندێك بەسەرۆکی نهێنی حەشاشییەکانی دادەنێن، هەندێکی دیکە بە جادووکاری دادەنێن، گوایە جادووی لە ڕۆمی کردووە. شەمس هەست دەکات سوڵتان وەلەد (کە دەبێتە جێگرەوەی باوکی) و کیمیا و ڕۆمی لەم قسەو باسانەدا لەسەر ئەو نیگەرانن.

جوانییەکی زۆر لە ناوەوەی ڕۆمیدایە، بەڵام شەمس هەست دەکات لە ناوەوەی خۆیدا بڕێك جوانی و بڕێك پیسیی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو زیاتر لە ڕۆمی تەحەمولی پیسی خەڵك دەکات، بەڵام زانایەکی گەورەی وەك ڕۆمی چۆن بتوانێت ڕووبەڕووی ئەم نەزانانە ببێتەوە؟ شەمس وای بۆ دەچێت کە لەوانەیە ئەم ناووناتۆرەو قسە هەڵبەستنە سوودێکی بۆ ڕۆمی هەبێت، قسە هەڵبەستن و ناووناتۆرە شتەگەلێکی ئازاربەخشن، بەڵام بۆ هاتنە کایەوەی وەرچەرخان لەناوەوەی ڕۆمی پێویستن، چونکە بە درێژایی ژیانی هەموو خەڵك ڕێزیان لێ گرتووە و پێی سەرسام بوونە، هیچ کەسێك ئەو شکۆمەندییەی ئەوی بریندار نەکردووە، بەڵام ئێستا پێویستی پێیەتی، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئازاربەخشە، لەبەر ئەوەی ناووناتۆرە و قسە هەڵبەستان بۆ دەروێشێکی

گەڕۆك سوودیان هەیە. ڕێسای سییەم دەڵێت[٥٧]: **سیهەم ڕێسا** (٣٠) سۆفی ڕاستەقینە سەبری هەیە و بەرگەی ناخۆشی دەگرێ، تا ئەگەر بەناڕەوایی تاوانباریش بکرێت و لە هەموو لایەکەوە هێرشی بکرێتە سەر، ئەو هیچ وشەیەکی ناشیرین ئاراستەی ڕەخنەگرانی ناکات، سۆفی گلەیی لە کەس ناکات، چونکە دەبێت دژەبەر و ڕکابەرایەتی، یان خەڵکانی دیکە لەئارادا هەبن، لەکاتێکدا لە مەقامی یەکەمدا نەفس نییە، چۆن دەبێت سۆفی گلەیی لە کەسێك بکات لەکاتێکدا یەك بوونی تاك و تەنیا هەیە؟

**Thirtieth Rule**: The true Sufi is such that even when he is unjustly accused, attacked, and condemned from all sides, he patiently endures, uttering not a single bad word about any of his critics. A Sufi never apportions blame. How can there be opponents or rivals or even "others" when there is no "self" in the first place? How can there be anyone to blame when there is only One?

(٥٧) روایە قواعد العشق الاربعون، المصدر السابق، ص ٣٣٠. Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P225

# بەشی چوارەم

## ئاگر،ئەو شتانەی کە زیانبەخش وێرانکار و تێکشکێنەرن.

## Fire،THE THINGS THAT DAMAGE ،DEVASTATE ،AND DESTROY

ڕۆمی لەسەر داواکاری شەمس دەچێتە مەیخانە، سلێمانی سەرخۆش بەبینینی سەری سوڕدەمێنیّ، ڕۆمی پێی دەڵێت: من بە ئەزموونێکی سۆفیگەرییانەدا تێدەپەڕم، شەمس منی ناردووە بۆ ئێرە، تا ناووناوبانگم لەکەداربێت. سلێمانیش پێی دەڵێت: جا ئەمە شتێکی باشە؟ ڕۆمی وەڵامی دەداتەوە: ئەمە پێوەندی بەچۆنیەتی ڕوانینی مەسەلەکەوە هەیە، هەندێ جار دەبێت هەموو پەیوەستەکان تێك بشکێنێت تا بەسەر خۆتدا سەربکەوی، ئینجا ئەگەر پێوەندییەکانمان بەخێزانمانەوە توندوتۆڵ بێت، پلەوپایەی بەرزمان لەناو کۆمەڵگادا هەبێت، ئەمانە هەمووی ڕێگرن و دەبنە بەربەست لەسەر ڕێگای گەیشتنمان بە خواوەند، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان ئەو پەیوەستانە هەپروون بەهەپروون بکەین، پێویستە ژیانمان لە هەموو شتێك پاك بکەینەوە تا بە عەشقی خواوەند بگەین.

.. ئەگەر کەسێك دڵ پاك و دڵنەرم بێت، لە مەستیدا زیاتر دڵ پاك و دڵنەرم دەبێت، ئەگەر کەسێکیش قین لە دڵ و دڵ ڕەش بێت، بە مەست بوون خراپتر دەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك ئەمەی دواییانن، بۆیە شەراب لە هەمووان حەرام کراوە.

ڕۆمی ڕوو لە هەموو ئامادەبووانی مەیخانە دەکات و پێیان دەڵێت: هاوڕێیانم مەی شەرابێکی بێ تاوان نییە، لەبەر ئەوەی خراپترین شت لەناوەوەمان فڕێ دەدات، لەو

باوەڕەدام کە دەبێت لە شەراب دوور بکەوینەوەو نەیخۆینەوە، لەبیرتان بێت کە ناکرێت گلەیی لە مەی بکرێت لەسەر ئەو کردارەی کە مەیخۆر ئەنجامی دەدات، پێویستە هەموو تووڕەیی و ڕق و کینەیەك لە ناوەوەی خۆمان نەهێڵین، لە دواییشدا هەرچی دەیەوێت با مەی بخواتەوە، ئەوەی نایەوێت با نەیخواتەوە، مافی ئەوەمان نییە کە ڕەفتاری خۆمان بەسەر کەسانی دیکەدا بچەسپێنین، زۆرلێکردن لە ئاییندا نییە(٥٨).

❈ ❈ ❈

عەلائەددین چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد تا بە باوکی بڵێت کیمیای بۆ داخوازی بکات، تا ببێتە هاوسەری، ئەگەر گوتیشی وەك خوشکت وایە، وەڵامی دەداتەوە کە پێوەندی خوێنیان لە نێواندا نییە، بەڵام کاتێك باوکی دەبینێت بە بوتڵێك شەراب دەگەڕێتەوە ماڵ، سەری سوڕدەمێنێ و پێی دەڵێت: وات لێهات ئەی مەولانای مەزن؟ بەو پیرییە مەی دەخۆیتەوە؟!

لەوکاتەدا شەمس پەیدا دەبێت و بە عەلائەددین دەڵێت: کە بەڕێزەوە قسە لەگەڵ باوکت بکە، من پێم گوت بچێتە مەیخانە، دەتوانین قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، ئەگەر تووڕەییت بینایی نەگرێت، ئینجا باسی ئەم ڕێسایەی بۆ دەکات(٥٩): **(ڕێسای سی و یەك)** (٣١) ئەگەر دەتەوێت باوەڕت بەهێز بکەی، پێویستە لە ناوەوەی خۆت نەرمونیان بیت، چونکە بۆ تۆکمەبوونی بڕوات وەك شاخێك پێویستە دڵت سووك و سادە بێت وەك پووشەڵەیەك. هەموو کەسێك دەتوانێت فێری دڵنەرمی بێت، ئەگەر تووشی ڕووداوێك، یان نەخۆشییەك بیت، یان زیانێکت پێ بکەوێت، ئەم ڕووداوانە فێرمان دەکەن چۆن کەمتر خۆویست بین و زیاتر حەکیمانە و دڵسۆزانە بیر بکەینەوە، هەرچەندە ئێمە فێر دەبین چۆن بە چاوێکی دادپەروەرانە سەیری شتەکان بکەین، بەڵام کەسانێکیش هەن دڵیان ڕەقە و زیاتر فێری توندوتیژی دەبن. ئەو هۆکارەی کە وات

---

**(٥٨) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٣٥٠.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P241

**(٥٩) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٣٥٣.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P244

لیّ دەکات زیاتر لە ڕاستی نزیك بیتەوە، ئەوەیە کە دڵت فراوان بکەی، تا هەموو مرۆڤایەتی لەباوەش بگریت و ئەو دڵە ببێتە ڕووبەرێکی فراوانی خۆشەویستی.

Thirty-First Rule: If you want to strengthen your faith, you will need to soften inside. For your faith to be rock solid, your heart needs to be as soft as a feather. Through an illness, accident, loss or fright, one way or another, we all are faced with incidents that teach us how to become less selfish and judgmental, and more compassionate and generous. Yet some of us learn the lesson and manage to become milder, while some others end up becoming even harsher than before.The only way to get closer to Truth is to expand your heart so that it will encompass all humanity and still have room for more Love.

کاتێك شەمس و ڕۆمی لە کۆڕی مەستبووندان شەراب دەخۆنەوە، ڕۆمی دەڵێت: بیروباوەڕ و کۆت و بەندە ئایینییەکان گرنگن، بەڵام پێویستە نەبنە قەدەغەکراوەکان-حەرامکراوەکان...دوای سەرخۆشی عەشقی ڕاستی و سەنگینییەکی عەقڵ هەیە[٦٠] .

دواتر شەمس باسی ڕێسای سی و دوو دەکات[٦١]: **(ڕێسای سی و دوو) (٣٢)** پێویستە هیچ شتێك بەربەستی نێوان تۆ و خواوەند نەبێت، نە گەورە زانایانی ئایینی و قەشە و کاهینەکان، یان هەر ڕێنیشاندەرێکی ئایینی دیکە و گەورەپیاوە ڕوحانییەکان، تەنانەت بیروباوەڕی خۆشت. متمانەت بە بەها و پرەنسیپەکانی خۆت

---

**(٦٠)** چل ڕێساکەی عەشق، ڕۆمانێکە دەربارەی جەلالەدینی ڕۆمی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە جەلیل کاکە وەیس ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ٢٠١٥ ، لاپەڕە ٣٢٨.

**(٦١) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٣٥٦.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P246

هەبێت، بەڵام بەسەر خەڵکانی دیکەدا مەیانچەسپێنە، ئەگەر تۆ دڵی کەسانی دیکەت شکاند، خاوەن هەر باوەڕێکی ئایینی بیت، ئەوە باوەڕێکی باشت نییە.

Thirty-Second Rule: Nothing should stand between yourself and God. Not imams, priests, rabbis, or any other custodians of moral or religious leadership.

Not spiritual masters, not even your faith. Believe in your values and your rules, but never lord them over others. If you keep breaking other people's hearts, whatever religious duty you perform is no good. Stay away from all sorts of idolatry, for they will blur your vision. Let God and only God be your guide. Learn the Truth, my friend, but be careful not to make a fetish out of your truths.

دواتر شەمس بە ڕۆمی دەڵێت: لە بتپەرستی بە هەموو جۆرەکانییەوە دووربکەوە، لەبەر ئەوەی بینینت لێڵ دەکات، باخواوەند بەتەنیا ڕێنوێنیت بکات، هاوڕێکەم فێری ڕاستی بە، بەڵام ئاگاداربە کە ئەو ڕاستییانەی لات دروست دەبن، نەبنە ڕاستی کۆنکریتی.

❀ ❀ ❀

گوڵی بیابان دەچێتە ماڵی ڕۆمی و بەدوای شەمسدا دەگەڕێت، سەرەتا کە کیرای خێزانی ڕۆمی دەیبینێت ئەم ئافرەتە بەم شێوەیە خۆی پێشکەش دەکات: من ئافرەتێکی لەشفرۆش بووم، ئەو شوێنە پیسەم بە جێ هێشتووە، چل جاران خۆم شوشتووە، چل جاران نوێژم کردووە، سوێندم خواردووە کە واز لەپیاوان بهێنم و نەهێڵم تخونم بکەون، لەمە بەدوا ژیانم بۆ خواوەند تەرخان دەکەم.

کیرا هەواڵی هاتنی ئەو ئافرەتە بە ڕۆمی دەگەیەنێت، شەمس دەزانێت گوڵی بیابانە، دەڵێت بابێتە ژوورەوە، کیرا پێی دەڵێت: بەڵام خەڵك چیمان پێ دەڵێن ئەگەر ئافرەتێکی وا بێتە بنمیچی ماڵەکەمان؟ شەمس وەڵامی دەداتەوە دەست بۆ ئاسمان

بەرزدەکاتەوە: ئێمە هەموومان لەژێر یەك بنمیچدا ناژین؟ پاشا و گەدا و پاکیزە و لەشفرۆش، هەموومان لەژێر یەك ئاسماندایین. کیرا هەست دەکات شەمس بۆ هەموو پرسیارەکان وەڵامی ئامادەی هەیە.

کاتێك گوڵی بیابان دێتە ماڵی ڕۆمی، شەمس دڵخۆشی خۆی پێ ڕادەگەیەنێت، بەڵام ئەو ئافرەتە لە خاوەن لەشفرۆشخانەکە دەترسێت کە وازی لێ نەهێنێت، ئەو کاتە شەمس پێی دەڵێت: عەقڵت ساف بکە کچەکەم، ئەو ڕێسایەت لەبیر بێت[٦٢]:

(**ڕێسای سی وسێ**) (٣٣) هەرچەندە مرۆڤ لەم جیهانەدا تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گرنگ، بەڵام بەمردنی، هەموو شتێك لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، تۆ کە لە نەبوونییەوە ئامانجت گەیشتنە بە قۆناغێکی باڵا، لەو ژیانەدا تەنك و بەتاڵ وەك ژمارەی سفر بژی، ئێمە جیاوازیمان لەگەڵ مەنجەڵدا نییە، جوانکاری دەرەوە نا، بەڵکو بەتاڵی-بۆشایی ناوەوەمان وامان لێ دەکات کە بەهێز بین، هەروەك ئەمە، هۆشیاری بە نەبوونی، نەوەك ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدەین، وامان لێ دەکات کە بەردەوامی بە ژیان بدەین.

Thirty-Third Rule: While everyone in this world strives to get somewhere and become someone, only to leave it all behind after death, you aim for the supreme stage of nothingness. Live this life as light and empty as the number zero. We are no different from a pot. It is not the decorations outside but the emptiness inside that holds us straight. Just like that, it is not what we aspire to achieve but the consciousness of nothingness that keeps us going.

گوڵی بیابان لەلایەن شەمسی تەبریزی و ڕۆمی پێشوازی لێ دەکرێت و لای خۆیان دەیهێڵنەوە، کیرا شوێنی حەوانەوەی لە ماڵەوەی خۆیان پێ نیشان دەدات و

---

**(٦٢) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٣٨٤.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P266

دەگەڕێتەوە. شەمس پێی دەڵێت: دەبێت بەیانی ئامادەی ئەو سەمایە بیت کە پێشکەشی دەکەین. کیرا سەری سوڕدەمێنێ و پێی دەڵێت: چ سەمایەك؟

-سەمایەکی ڕوحی کە پێشتر نەتبینیوە، ئەم سەمایە سەمای دەروێشەکانە و پێی دەگوترێت (سەماع)، پێشوازی لەهەر کەسێك دەکەین کە بێتە ناو ئەو سەمایە، ئەوانەی خولیای خۆشەویستی خواوەندیان هەیە.

سوڵتان وەلەدی کوڕی ڕۆمی باسی ڕۆژی نمایشکردنی سەماکە دەکات و دەگێڕێتەوە کە شەمس گوتوویەتی: جوانی لە چاوی تەماشاکارانەوەیە، خەڵك هەمووی سەماکە دەبینن، بەڵام هەر کەسێك بە جۆرێك دەیبینێ، کەواتە نیگەرانی بۆ چییە؟ هەندێك حەزی لێ دەکەن، هەندێکی دیکە حەزی لێ ناکەن و خۆشیان ناوێت.

سوڵتان وەلەد بە شەمس دەڵێت: من دەترسم کەس ئامادەی نمایشی سەماکە نەبێت.

- نیگەران مەبە، لەوانەیە خەڵکانێکی ئەم شارە منیان خۆش نەوێت، تەنانەت باوکیشتیان خۆش نەوێت، بەڵام ناتوانن فەرامۆشمان بکەن، فزوڵیان وایان لێ دەکات، کە ئامادە بن.

بەڵام ئێوارەکەی کاتی نمایشکردنی سەماکە هۆڵەکە پڕ خەڵك دەبێت، پادشا کەیخەسرەو لەگەڵ ڕاوێژکارانی لە پێشەوە دادەنیشن.

سەرەتا دەنگی مۆسیقای نای دێت، دوای ماوەیەك بەرە بەرە دەنگەکە کەم دەبێتەوە و نامینێت، ڕۆمی دەردەکەوێت و بەخێرهاتنی ئامادەبووان دەکات، دواتر شەش دەروێشی خۆی بەدوایدا دێن، کە بەرگێکی سپی درێژیان لەبەردایە، دەستیان لەسەر سنگیانە، بۆ ڕۆمی دەچەمێنەوە، تا بەرەکەتی لێ وەربگرن. مۆسیقای نای دەست پێ دەکاتەوە، هەریەکەیان بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، لای خوارەوەی کراسەکەی بەریان (کە وەك تەنوورە وایە) وەك گوڵی لۆتس دەکرێنەوە، بەخێرایی بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە، دەنگی ڕەبابە و دەف لەگەڵ نای تێکەڵ بەیەکدی دەبن،

شەمس کە پۆشاکێکی ڕەشی لەبەرە، وەك بایەکی بیابان دێتە ناو سەماکە. سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن و خەڵك پێیان سەرسام دەبن، دوای تەواوبوونی ساماکە ڕۆمی ڕوو لە ئامادەبووان دەکات و پێیان دەڵێت: ئەو سەمایەی دەروێشان پێی دەگوترێت (سەماع)، لەمە بەدوا هەموو دەروێشەکان لە هەموو زەمانەکاندا ئەم سەمایە دەکەن، دەستێکیان ڕووەو ئاسمانە و دەستێکی دیکەیان ڕووەو زەمین، هەر خاڵێکی خۆشەویستی کە لە خواوەندەوە بەدەستی دەهێنین، بەڵێن دەدەین کە بەسەر هەموو خەڵکدا دابەشی دەکەین و دەیبەخشینەوە.

پاشا کەیخەسرەو کە دڵخۆشییەکی زۆری پێوە دیارە، پێش ئەوەی شوێنەکە بەجێ بهێڵێت، کیسەیەك پارە فڕێ دەداتە شوێنی نمایشکردنی سەماکە، پارەکە هەمووی بەو شوێنەو بن قاچی خەڵکەکەدا بڵاو دەبێتەوە. ئەمە شەمس نیگەران دەکات و بە کارێکی نەشیاو و شوورەیی دەزانێت، لەبەر ئەوە بە پادشا کەیخەسرەو دەڵێت: ئێمە بۆ پارە سەما ناکەین، سەماع سەمایەکی ڕوحییە، تەنیا لە پێناوی خۆشەویستی خواوەندا دەیکەین، لەبەر ئەوە ئەی خاوەن شکۆ پارەکەت لەگەڵ خۆت بەرەوە، پارەکەت بۆ ئێرە سوودی نییە. ئەم قسەیە پادشا کەیخەسرەو ڕیسوا دەکات و بە تووڕەیی شۆێنەکە بە جێ دەهێڵێت.

❃ ❃ ❃

شەمس لە بارەی سەماکەوە (سەماع)دەدوێت، ئەوانەی دەمارگیر و ئاسۆی بیرکردنەوەیان تەسکە دەڵێن سەماکردن حەرامە، بەڵام من دەڵێم کە خواوەند مۆسیقای بە هەموو شێوەکانییەوە پێ بەخشیوین، چۆن لێمانی حەرام دەکات. ئەی نابینن هەموو سروشت گۆرانی دەڵێت؟ هەموو شتێك لەم گەردوونەدا بە ڕیتم دەجووڵێتەوە، لێدانەکانی دڵ، شەقەی باڵی باڵندەکان، هەڵکردنی با لە شەوانی گەردەلوولاوی، دەنگەکانی لێدانی چەکوشی ئاسنگەر، ئەو دەنگانەی کە لە ناو ڕەحمی دایکی دەوری کۆرپەلە دەدەن. هەموو ئەمانە نەغمەیەك دەڵێن، سەمای دەروێشەکانیش ئەڵقەیەکە لەو زنجیرە هەمیشەییەی هۆرمۆنی گەردوون. هەروەك

چۆن ئاوی دەریا هەموو زەریای لە ناوەوەی خۆی هەڵگرتووە، سەمای ئێمەش ڕەنگدانەوەی نهێنییەکانی گەردوون و داپۆشینەکانیەتی. چەند کاتژمێرێك پێش ئەوەی سەماکە دەست پێ بکات، من و ڕۆمی چووینە ژوورێکی هێمن و خەریکی لێوردبوونەوەکانمان بووین، دواتر شەش دەروێش هاتنە لامان، دەستنوێژمان شوشت و هەموومان بەیەکەوە نوێژێکی جەماعیمان کرد، دواتر پۆشاکەکانمان پۆشی، هەر ڕەنگێك لە پۆشاکەکانمان مانای خۆی هەبوو، ڕەنگێکی سادەمان هەڵبژارد کە ڕەنگی زەوی بێت، کڵاوە ڕەنگ عەسەلییەکانمان کێلی قەبرمان بوون، تەنوورەسپییەکەمان کفنمان بوون، عەبای ڕەشیش هێمای قەبرە، سەماکردنەکەش هێمای ئەوەیە کە چۆن سۆفییەکان نەفسی خۆیان دەتاوێننەوە. سەماکە بەدەنگی نای دەست پێ دەکات.

بشنو از نی چون حکایت می کند
از جدایی ها شکایت می کند
گوێ بگرە نەی چۆن بەسەرهات دەگێڕێتەوە
سکاڵا لە جیابوونەوەکان دەکات

شەمس لەو قسەیە پەشیمان نەبوو کە دوای سەماکە بە پادشا کەیخەسرەوی گوتبوو، بەڵام لەوە دڵتەنگ بوو کە ڕۆمی خستە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزەوە، ڕۆمی ڕێز و حورمەتێکی زۆری لە لایەن خەڵکی قۆنییە هەبوو، بە تایبەتی پادشاکەی، بەڵام ئێستاکە ڕۆمی کەمێك لەبارەی ژیانی خەڵکی ئاسایی دەزانێت، کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداراندا هەیە. شەمس هەست دەکات ئێستاکە لەو شارەدا لە کۆتایی ژیانی نزیك دەبێتەوە.

هەموو خۆشەویستی و هاوڕێیاتییەکی ڕاستەقینە چیرۆکی وەرچەرخانێکی چاوەڕوان نەکراوە، ئەگەر دوای خۆشەویستی هەروەك خۆمان ماینەوە، دیارە وەك پێویست خۆشەویستیمان نەکردووە. بەهۆی شیعر و مۆسیقا و سەماوە تا ڕادەیەکی باش وەرچەرخانی ڕۆمی بەرەو کامڵ بوون چوون، چونکە زانایەکی توندڕەو بوو، حەزی بە شیعر نەدەکرد، تەنیا گوتاربێژێك بوو بۆ خەڵك، بەڵام ئێستا بووەتە شاعیر.

شەمسیش لەوەرچەرخاندایە، لە بوونەوەرێکەوە بەرەو نەبوونی، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، لە ژیانەوە بەرەو مردن دەچێت.

شەمس دەڵێت: هاوڕێیەتی من و ڕۆمی زۆر پیرۆز بوو، بەخششێك بوو خودا پێی بەخشیبووین، بەیەکەوە نەشونمامان کرد، دڵشاد بووین و گەشەمان کرد، هەر یەکەمان لەزەتمان لە هاوڕێیەتی یەکتر برد، ئێستاکە قسەکەی بابای زەمانم بەبیر هاتەوە، کە پێی گوتبووم، بۆ ئەوەی ئاوریشم بە دەست بهێنین، دەبێت کرمی ئاوریشم بمرێت، هەست دەکەم لە کۆتایی هاوڕێیەتی ڕۆمی دام، وەك ئاوێنە بۆ یەکتر وابووین، هەست بە دڵتەنگی دەکەم، ئەو پەندە کۆنە هێشتا ڕاستە کە دەڵێت، لەو شوێنەی خۆشەویستی هەیە، دڵتەنگی و ناخۆشیش هەیە.

# بەشی پێنجەم

## نەبوون (عەدەم-بەتاڵ): ئەو شتانەی کە لەمیانەی نادیارییانەوە ئامادە و هەن

## The Void: THE THINGS THAT ARE PRESENT THROUGH THEIR ABSENCE

تەمووزی ١٢٤٦ قۆنییە

ڕۆمی بە پەلە و هەناسەبڕکێوە دەچێتە لای سوڵتان وەلەدی کوڕی و هەواڵی ڕۆیشتنی شەمسی پێ ڕادەگەیەنی. ئەم هەواڵە تاڕادەیەك کوڕەکەی دڵخۆش دەکات، چونکە هاتنی شەمس نیگەرانییەکی خستبووە ناو ژیانیان، باوکی بەهۆی ئەوەوە دوژمنێکی زۆری بۆ پەیدابوو، حەزی دەکرد بارودۆخەکە بگەڕێتەوە پێش ئەو کاتەی شەمس هاتبووە ناو ژیانیان.

ڕۆمی وەك ئەوەی ناوەوەی کوڕەکەی خوێندبێتەوە پێی دەڵێت: ئەوەت لەبیر نەچێت کە شەمس لای من مانای زۆری هەیە، من و ئەو یەك شتین، مانگ دوو لایەنی هەیە، لایەنی ڕووناکی و لایەنی تاریکی، شەمس لایەنی ڕووناکی منە، بۆیە داوات لێ دەکەم کە بەدوایدا بگەڕێی و بۆم بگەڕێنیتەوە، ئەگەر دۆزیتەوە پێی بڵێ کە ڕۆیشتنی غەمباری کردووم، پێی بڵێ ڕۆیشتنی ئەو دەمکوژێ.

سوڵتان وەلەد بەڵێن بە ڕۆمی باوکی دەدات کە شەمس بدۆزێتەوە و بۆی بگێڕێتەوە. لەکاتی گەڕانی بەدوای شەمسدا، بۆی دەردەکەوێت کە خەڵکانێکی زۆری شاری قۆنییە شەمسیان خۆش دەوێت، سەری لەمە سوڕدەمێنێت، ئەو کەسانەی کە ئەو نەیدەبینین، کەسە پەراوێزخراوەکانی شار، شەمس زۆر هاوکاری کردبوون.

دوای ئەوەی سوڵتان وەلەد لە شاری قۆنییە شەمس نادۆزێتەوە، دەچێتە دیمەشق، لەوێ دەیدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیگێڕێتەوە بۆ شاری قۆنییە.

لە غیابی شەمسدا ڕۆمی زۆر دڵتەنگ و نیگەران دەبێت، بە شیعر خەمەکانی دووری شەمس دەردەبڕێت، دوای ڕۆیشتنی هەموو کاتی خۆی بە تەنیا لە کتێبخانەکەیدا بەسەر دەبات. هەمیشە بیر لە شەمس دەکاتەوە. قسەکەی ئەوی بەبیر دێتەوە کە پێی گوتبوو ڕۆژانێك دادێ دەبیتە دەنگی خۆشەویستی.

ڕۆمی لەگەڵ خۆیدا بیر دەکاتەوە، هەر ڕووداوێك کە ڕوودەدات، گەورە بێت، یان بچووك، هەر ناخۆشییەك کە بەسەرمان دێت، ئەمانە هەمووی لایەنێکە لە پلانێکی پەروەردگار کە دەبێت ڕووبدەن. هەوڵ و کۆشش و موجاهەدەکردن ڕەگوڕیشەی لە نەفسی مرۆڤایەتیدا داکوتاوە، لەبەر ئەوە خواوەند لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (**سنريهم ايتنا في الافاق وفي انفسهم حتي يتبين لهم انة الحق اولم يكف بربك انة علي كل شئ شهيد**) سورەتی فصلت ئایەتی (٥٣). هیچ شتێك لە تەدبیری خواوەندا ڕێکەوت نییە. لەبەر ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە دوو ساڵ لەمەوبەر شەمس ڕێگای لێ گرتم و پرسیارەکەی لێ کردم. ئەو خۆی پێی گوتم من بە بایەك نەهاتووم تا بەبایەك بڕۆم، ئینجا ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە: سۆفییەکی گەورە هەبوو، زۆر زانا بوو، بەڵام تەنیا یەك قوتابی هەبوو، ئەم قوتابییەی حەزی دەکرد خەڵك زۆر لە دەوری مامۆستاکەی کۆ ببنەوە، تا هەست بە گەورەیی ئەو بکەن، ئەم داواکارییە لە مامۆستاکەی دەکات و پێداگیری دەکات،ئەویش قبوولی دەکات، ڕۆژێك مامۆستاکە دەچێتە بازاڕ و دەبینێت شیرینییەك لە شێوەی باڵندە دروست کراوە، فوویەکی لێ دەکات وەك باڵندە دەفڕێت، خەڵك هەمووی پێی سەرسام دەبن و بەدوای دەکەون،

دواتر خەڵکانێکی زۆر دەبنە قوتابی ئەو، قوتابییەکەی یەکەم بەزۆربوونی قوتابی مامۆستاکەی نیگەران دەبێت، چونکە مامۆستاکەی دەرفەتی خۆتەرخانکردنی بۆ ئەو کەم دەبێتەوە، داوا لە مامۆستاکەی دەکات ئەو قوتابییە زۆرەی کە هەیەتی لەلای خۆی دەریانبکات، مامۆستاکەی ئەم جارەشیان بە گوێی دەکات. ڕۆژێك لە کاتی وانە گوتنەوەدا مامۆستاکە بایەکی لێ بەردەبێتەوە، هەموو قوتابییەکان مامۆستاکەیان لەبەرچاو دەکەوێت و بەجێی دەهێڵن، تەنیا قوتابییەکەی یەکەمی نەبێت، مامۆستاکەشی لێی دەپرسێت لەبەرچی ئەو ماوەتەوە بە جێی نەهێشت؟ قوتابییەکەش وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: من بەبایەك نەهاتووم تا بەبایەك بڕۆم.

ڕۆمی دەڵێت: شەمس هەر ڕەفتارێکی کە لەگەڵ مندا کردوویەتی بۆ ئەو مەبەستە بووە تا بە پلەی کەمال بگەم، بەڵام خەڵکی ئەم شارە هەرگیز لەوە نەگەیشتوون، ئەو مەبەستی خۆی هەبوو لە ورووژاندنی مەسەلەکان، قسە و حیکمەتی وای دەگوت گوێچکەی ئاسایی پێی کفر بوو، لەبەر ئەوە خەڵکەکە تووشی شۆك بووبوون و ڕقیان لێ دەبووەوە، هەموو کتێبەکانمی خستە ناو ئاو، ناچاری کردم هەموو ئەوەی دەمزانی لەبیریان بکەم، ڕەخنەی لە شێخ و زاناکان دەگرت، خەڵکێکی کەم دەیانزانی شەمس دەریاوانێکە لە زانستی تەفسیرکردن، شارەزاییەکی باشی لە کیمیا و جادوو و فەلەك و لاهووت و فەلسەفە و لۆجیك هەبوو، بەڵام ئەو زانستانەی لە چاوانی نەزانان دەشاردەوە، هەرچەند زانایەکی گەورە بوو، بەڵام وەك دەروێشێکی سادە هەڵسوکەوتی دەکرد، دەرگای ماڵەکەمانی بۆ ئافرەتێکی لەشفرۆش واڵا کرد و کردی بەهاوبەشی ژیانمان، داوای لێ کردم بچمە مەیخانە و لەگەڵ سەرخۆشان تێکەڵ ببم، جارێکیان داوای لێ کردم لەبەرانبەر مزگەوت سواڵ بکەم، ناچاری کردم لەبەر دەرگای مزگەوت شوێنی گەدایەکی نەخۆش بگرمەوە. سەرەتا لە خەڵکانی پێ سەرسام بووم دووری خستمەوە، دواتر لە دەستە و تاقمی دەسەڵاتداران. وای لێ کردم لەگەڵ خەڵکی سادە و ساکار تێکەڵ بم، بەهۆی ئەوەوە خەڵکانێکم ناسی کە پێشتر

نەمناسیبوون. شەمس بڕوای وابوو کە پێویستە هەموو ئەو بتانە تێك بشکێنرێت کە بەربەستن لە نێوان بەندە و خوادا، لەو بتانەش نێوبانگ و ماڵ و موڵك و پلەوپایە، تەنانەت تا زێدەڕۆیی ئایینیش. شەمس لەو هەموو کۆتوبەندانە ڕزگاری کردم کە ژیانیان بەندکردبووم، پێویستە هەموو ئەو ڕێسا و یاسایانە تێك بشکێنرێت تا هەموومان لەبەرانبەر یەکدا بین و ببینەوە یەك، ئەو کات تەنیا یەك عەشق دەمێنێت، کە ئەویش عەشقی خودایە.

شەمس لای وابوو من بە قۆناغێك تێدەپەڕم کە قۆناغی ئەزموون و هەڵەیە، خەڵکانێکی زۆر پێم سەرسام بوون، بەڵام ئێستا لەو هەستە دەربازم بووە، کە پێویستم بە خەڵکانی سەرسام بوو لە دەوروبەرم هەبێت. بەرە بەرە شەمس نێوبانگی زڕاندم و تێکی شکاندم، بەهۆی ئەوەوە لە بەهای شێتی گەیشتم، تامی تەنیایی و دەستەوەستانی و گۆشەگیری و دواتریش تامی ئازارم کرد. ئەگەر ئەو ئازارە بەشێك بێت لە تاقیکردنەوە و ئەزموون، بەڵام ئێستاکە تاکە هیوام بەدەستهێنانەوەی شەمسە، ئامادەم واز لە کتێبەکانم بهێنم کە زۆر خۆشەویستن لەلام، واز لە گوتاربێژی و خێزان و ماڵ و موڵکم،تەنانەت ناو و شوورەتم بهێنم، لە پێناو بینینی ڕوخساری ئەودا. چەند ڕۆژێکە کیرای خێزانم پێم دەڵێت: بەزۆر بوویتە شاعیر، هەرچەندە من پێشتر زۆر گرنگیم بە شیعر نەدەدا، خەریکە شیعر لەدەمم دەبارێت، بەڕاستی بوومەتە شاعیر، پادشای زمان، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم شیعرانە هیچ پێوەندیان بەمنەوە نییە، من تەنیا هۆکارێکم بۆ گواستەنەوەی ئەو وشانەی خراونەتە سەر زارم. وەك پێنووسێك کە فەرمانی نووسینی پێ دەکرێت کە بنووسێت، یان ئەو نایەی کە نۆتەیەکی مۆسیقی پێ دەژەنرێت، منیش هەروا، ئەوە دەکەم کە پێویستە لەسەرم بیکەم. ئەی شەمسی مەزن لە کوێی. ڕووناکی بیناییم، دەرمانی دەردەکانم خۆری تەبریزی لە کوێیە؟

❋ ❋ ❋

له نیسانی ١٢٤٧ دوای نۆ مانگ له کۆچکردنی شەمس و جێهێشتنی شاری قۆنییە، سوڵتان وەلەد لە دیمەشق دەیدۆزێتەوە. شەمس دەڵێت: لە ژێر ئاسمانێکی سافی شیندا لەگەڵ گاورێك کە ناوی فرانسیس بوو، یاری شەترەنجم دەکرد، ئەو گاورە بە ئاسانی و زوو تووڕە نەدەبوو، پیاوێك بوو لە مانای خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوون بە خوا گەیشتبوو، ئیسلام واتە ئاشتی ناوەوەی مرۆڤ، ئەم وشەیە لە خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوون بە قاپی خواوە هاتووە، لەبەر ئەوە فرانسیس زۆر لەو کەسانەی بەناو موسڵمان بوون موسڵمانتر بوو.

ڕێسای سی و چوار دەڵێت[٦٣]: ((**ڕێسای سی و وچوار** (٣٤)تەسلیم بوون بە ڕەزای هەق، مانای لاوازی و کلۆڵی مرۆڤ نییە، مانای باوەڕبوون بە قەزا وقەدەر و دەستەوەستانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ڕێك پێچەوانەی ئەمانەیە. لەبەر ئەوەی هێزێکی ڕاستەقینە لە تەسلیمبووندا هەیە، کە هێزێکی هەڵقوڵاوە لە ناوەوەی مرۆڤ. ئەوانەی لە ژیاندا تەسلیمی گەوهەری خودایی و ڕەزای هەق دەبن، هەست بە دڵنیایی و ئاشتی دەکەن، تەنانەت لەو کاتەشدا کە جیهان تووشی پەشۆکاوی و ئاژاوەگێڕی دەبێت.

Thirty-Fourth Rule: Submission does not mean being weak or passive. It leads to neither fatalism nor capitulation. Just the opposite. True power resides in submission—a power that comes from within. Those who submit to the divine essence of life will live in unperturbed tranquility and peace even when the whole wide world goes through turbulence after turbulence.

شەمس خەریکی گەمەی شەترەنجەکەیە لەگەڵ فرانسیس، وەزیر دەجووڵێنێت تا بەرانبەرەکەی ناچار بکات پادشا بگوێزێتەوە شوێنێکی دیکە، بەڵام فرانسیس بە

---

**(٦٣) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٢٠.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P292

بڕیارێکی خێراو ئازایانه قەڵا دەجووڵێنێت، ئەو کاتە شەمس هەست دەکات، کە یارییەکە دەدۆڕێنێت، کە سەر بەرزدەکاتەوە سوڵتان وەلەد دەبینێت کە بەدوایدا دەگەڕێت.

سوڵتان وەلەد عەودالّی باوکی بە شەمس ڕادەگەیەنێت و داوای لێ دەکا بگەڕێتەوە قۆنییە، شەمس کە ئەم داواکارییەی لێ دەکرێت چەندان بیر و بۆچوون بە مێشکیدا دەگوزەرێ، نەفسم بۆ ئەوە ناچێ بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی کە خەڵکەکەی زۆر پێم ڕازی نین، گوێ بەم داواکارییە نادەم و من ئەرکی خۆم بە جێ گەیاندووە، پێویست ناکات بگەڕێمەوە قۆنییە، قسەی بابای زەمانم بە یاد هاتەوە، زۆر مەترسیدار بوو، کە پێی گوتبووم: ئەگەر گەڕایتەوە ئەو شارە جارێکی دیکە بە سەلامەتی لێی دەرناچی. حەزدەکەم بەردەوامی بە گەشتەکانم بە دنیادا بدەم، خەڵکی دیکە ببینم، دیمەشقم خۆش دەوێت، دەمەوێت وەرزێکی دیکە تێیدا بمێنمەوە، گەشتکردن زۆر جاران بۆ شوێنێکی نوێ مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ و تەنیایی و ترس دەکا، بەڵام من لە خەڵوەتیدا خواوەندم لەگەڵدایە، لەبەر ئەوە هەست بەخۆشی و بەختەوەری دەکەم. سەرەڕای ئەمانە من قۆنییەم خۆش دەویت، زۆر پەرێشانی دیداری ڕۆمیم، چی بکەم لە شوێنێکی دیکە کە ڕۆمی لێ نەبێت، ڕۆمی لە کوێ بێت دڵی من لەو شوێنەیە.

لەو کاتەی شەمسی تەبریزی خەریکی ئەو بیرکردنەوانەیە و یاری شەترەنج دەکا، پادشاکەی دەجووڵێنێ، فرانسیس واقی وڕدەمێنێ کە دەزانێ یارییەکە دەدۆڕێنێ. شەمس دەڵێت: ژیان وەك گەمەی شەترەنجە، دەبێ هەندێ جووڵە بکەی تا گەمەکە ببەیتەوە، هەندێك جووڵەی دیکەش ئەنجام دەدەی کە پێویستە لەسەرت ئەنجامی بدەی.

دواتر شەمس بە سوڵتان وەلەد دەڵێ: با بۆ دواجار ئاوابوونی خۆر لە دیمەشق ببینم، بەیانی زوو بە ڕێ دەکەوین. لەو کاتەدا کە شەمس ڕوو لە فرانسیس دەکا تا

بەردەوام بن لە گەمەی شەترەنج، فرانسیس بە ڕوویەکی سەرکەوتووانە پێی دەڵێت: ئاگادار بە کش و مات.

دوای گەڕانەوەی شەمس بۆ قۆنییە و شادبوونەوەی بە ڕۆمی، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆمی هەست بە شادی و بەختەوەرییەکی زۆر بکا، بەڵام دواتر نیگەرانی جیابوونەوەی لە شەمس دایدەگرێت.

ڕوحی جەوهەرەی خێزانی کۆچکردووی ڕۆمی دێتە لای کیمیا و پێی دەڵێ کە تۆ دەتوانی ڕۆمی لەو نیگەرانییە ڕزگار بکەی، شوو بە شەمس بکە تا لەو شارە سەقامگیر بێت و ڕۆمی بە جێ نەهێڵێ، ئەمەش وا لە کیمیا دەکا کە خۆی بە ڕۆمی بڵێ کە حەز دەکا ببێتە هاوسەری شەمس، ڕۆمیش هەرچەندە عەلائەددینی کوڕی داوای هاوسەرێتی لەگەڵ کیمیا لێ کردبوو، بەڵام بەرهەڵستی خواستنی کیمیا ناکا و پێی ڕازی دەبێت، کیرا یەکەمین کەسێك دەبێت کە کیمیا ئەم هەواڵەی پێ دەڵێ. ڕۆژێك پێش گواستنەوە، کیرا لە چێشتخانەدا خەریکی دروستکردنی نانێکی شیاو دەبێ بۆ میوانانی بووك گواستنەوە، بە بێ ئەوەی ئاگاداری خۆی بێ لە هەویری بەردەستیدا پەیکەرێکی شێوەی دایکە مریەمە دروست دەکا، بە چەقۆیەکەی بەردەستی کراسە درێژەکەی بۆ دروست دەکا. لەو کاتەدا شەمس بەسەریدا دێ و دەیبینێ و پێی دەڵێت: ئەمە مریەمەیە؟ بەڕاستی جوانە! زۆر پەرۆشی دایکە مریەمەی؟

- ماوەیەکی زۆرە من بوومەتە موسڵمان، من ئێستا ئافرەتێکی موسڵمانم.

- لەوانەیە پرسیار بکەی بۆچی ڕەمزی مێیایەتی وەك مریەمە لە ئیسلامدا نییە؟ بە دڵنیاییەوە ئەم ڕەمزە لە ئیسلامیشدا هەیە، حەزرەتی عائیشەمان هەیە، حەزرەتی فاتیمەمان هەیە، بەڵام لەوانەیە پێت وابێت ئەم مەسەلەیە جیاوازی تێدایە، بەڵام ڕێگام پێ بدە چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، چوار گەشتیاری یۆنانی و عەرەبی و فارسی و تورکی بە یەکەوە لە سەفەرکردن بوون، پارەیەکی کەمیان پێ بوو، دەبووایە تەنیا یەك شت هەڵبژێرن و بیکڕن، هەر یەکەیان گوتیان خواردنی ئەوان باشترین

خواردنی دنیایە، فارسەکە گوتی ئەنغور، یۆنانییەکە گوتی ستافالیۆن، عەرەبەکە گوتی عەنەب، تورکەکەش گوتی ئوزوم، هەموویان مەبەستیان یەك شت بوو، بەڵام هیچ یەکیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەدەگەیشتن، مشتومڕێکی زۆریان لەم بارەوە کرد. تا سۆفییەك دەچێتە لایان و پێکیان دەهێنێت، بەو پارەیەی لای هەر چواریانە چەند بۆڵە ترێیەك دەکڕێت و دەیخاتە ناو قاپێك و دەیکوشێت و دەیکاتە شەربەتی ترێ، ئینجا داوایان لێ دەکات سەرپات و پەلکەکانی ترێیەکە بخەنە لاوە و شەربەتەکە بخۆنەوە. لەبەر ئەوە پێویستە گرنگی بە کرۆکی بەرهەمەکە بدرێت نەوەك پەلك و سەرپاتەکەی. ئەو کاتە هەر چوار گەشتیارەکە بە مەبەستی خۆیان گەیشتن. گاورەکان و جوولەکەکان و ئیسلامەکان بەم چوار گەشتیارە دەچن، لە کاتێکدا لەسەر شێوازی دەرەکی مشتومڕیانە و ناوەرۆکیان فەرامۆش کردووە، بەڵام سۆفی بەدوای ناوەرۆك و گەوهەرەکەدا دەگەڕێت، ئەوەی دەمەوێت پێت بڵێم ئەوەیە کە پێویست بە نیگەرانی ناکات خولیای دایکە مریەمەی، لەبەر ئەوە نابێت دەستبەرداری بیت، هەرچەندە ئافرەتێکی موسڵمانی، بەڵام هەر دەتوانی بە دایکە مریەمەوە پەیوەست بمێنیتەوە.

- نا نەخێر، وابزانم ئەمە کارێکی باش نییە.

- بۆچی کارێکی باش نییە؟ ئایینەکان هەموویان وەك ڕووبارەکان وانە، هەموویان لە دەریا دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی دایکە مریەمە ڕەمزی بەزەیی و خۆشەویستی بێ مەرجە، ئەمە ڕەمزێکە بۆ هەمووان، وەك ئافرتێکی موسڵمان دەتوانیت بەردەوام بیت لە خۆشەویستی دایکە مریەمە، تەنانەت دەتوانی کچەکەشت ناوی مریەمی لێ بنێی.

لەدوای ئەم گفتوگۆیە، کیرا و شەمس بەیەکەوە سەیری وێنە دروستکراوەکەی مریەمە لە هەویر دەکەن، هەستی پاکی و هاوگونجانی دایاندەگرێت. ئەو کاتە کیرا هەست دەکات بە چاوی ڕۆمی شەمس دەبینێ، کە پیاوێکە خاوەن دڵێکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئەوەی هەیە کە پیاوێکی شیاو بێت بۆ هاوسەری کیمیا.

شەوی بووك و زاوایی شەمس دەچێتە لای کیمیا، بەڵام ناتوانێ کاری زاوایەتی لەگەڵ بووك بکات و داوای لێبوردنی لێ دەکا و دەیەوێ بڕوات و بووکەکەی بە تەنیا جێ بهێڵێت، بەڵام کیمیا داوای لێ دەکات لای بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر جێی بهێڵێت، خەڵك دەڵێن ئەو ئافرەتە کچ نەبووە، ئەو کاتە دەبێت هەموو ژیانی باجی شوورەیی بدات. شەمس پێی دەڵێت: چەسپاندنی ئەم ڕێسایە نادروستانە لەلایەن کۆمەڵگاوە بە سەر تاکەکاندا زۆر نیگەرانم دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێسای شەرەف کە خودا چەسپاندوویەتی لەگەڵ ئەو ڕێسایەی شەرەف ناگونجێت کە مرۆڤەکان لەسەر خۆیان چەسپاندوویانە. پێویستە خەڵك گرنگی بەکاروباری خۆیان بدەن و خۆیان بە کاروباری خەڵکەوە سەرقاڵ نەکەن، ئینجا شەمس چەقۆیەك دەهێنی و ناو لەپی دەستی ڕاستی بریندار دەکات و خوێنی لێ دەچۆڕێنێ و بە کیمیا دەڵێت: ئەم خوێنەیان نیشان بدەو دەمی خەڵکەکە بگرە، ناوت بۆ هەمیشە پاك دەمێنێتەوە. دواتر بۆی دەردەچێت، کیمیا بەدوایدا هاوار دەکات: تکایە چاوەڕوان بە مەڕۆ، ئێستا من بوومەتە خێزانی تۆ.

لەو کاتەدا شەمس هەست دەکا بەو هاوسەرگیرییەی هەڵەیەکی گەورەی کردووە، نەدەبووایە پیاوێکی وەك ئەو ژن بهێنێت، ئەو بۆ ژیانێکی جێگیر نەخولقاوە، ئەوەی زۆر نیگەرانی کرد، ئەو باجە بوو کە دای لە پێناو ئەو ڕاستییەی کە پێی گەیشت. دەیویست لە هەموو شتێك ڕابکا، نەك هەر لەو ماڵە و لەم هاوسەرگیرییە و لەو شارە، بەڵکو لەو جەستەیەی کە پێی بەخشراوە، بەڵام کاتێك ڕۆمی دەبینێ ناچار دەبێت بمێنێتەوە و بیر لە ڕۆیشتن نەکاتەوە.

عەلائەددینی کوڕی ڕۆمی بەم هاوسەرگیرییەی شەمس و کیمیا زۆر نیگەران دەبێت، بەڵام هەوڵدەدات بەسەر خۆی نەهێنێ، هەست دەکا شەمس ئەو ئافرەتەی لێ بردووە، کە ئەو بەنیاز بوو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا، بیر دەکاتەوە کە باوکی کیمیای کردووەتە قۆچی قوربانی شەمس، بەڵام دواتر سوڵتان وەلەد پێی ڕادەگەیەنێ کە کیمیا خۆی ویستوویەتی مێرد بە شەمس بکا، لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێت.

سوڵتان وەلەد بە براکەی دەڵێت: تکایە براکەم با هەستەکانت بینایيت نەگرن لە بینینی ڕاستییەکان، تۆ ئیرەییت بەرانبەر شەمس هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت ئیرەییش بە شێوەیەکی باش لە پێناو ئامانجێکی باڵا بەکار بهێنی. براکەم گوێ بگرە لەو ڕێسایەی عەشق، ڕێسای سی و پێنج کە دەڵێت[٦٤]: (ڕێسای سی و پێنج)(٣٥) لەم جیهانەدا شتە لێك چووەکان و ڕێکخراوەکان نەشونمامان پێ ناکەن و بەرەو پێشەوەمان نابەن، بەڵکو ئەوە دژەکانن وامان لێ دەکەن بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین، لە ناوەوەی هەر یەکەماندا هەموو دژەکانی ئەم گەردوونە هەن، لەبەر ئەوە پێویستە لە سەرباوەڕداران ڕووبەڕووی ئەو کافرە بێ باوەڕییە ببنەوە کە لە ناوەوەیاندا پاڵکەوتووە، تا ئەو ڕۆژەی مرۆڤ دەگاتە قۆناغی کەمال، قۆناغی مرۆڤی نموونەیی، باوەڕ شتێك نییە جگە لە پرۆسەیەکی بەرەبەریی -تەدەڕوجی-، لەبەر ئەوە بوونی باوەڕ پێویست دەکات بەرانبەرەکەی-دژەکەی کفر(بێ باوەڕی) هەبێت.

Thirty-Fifth Rule: In this world, it is not similarities or regularities that take us a step forward, but blunt opposites. And all the opposites in the universe are present within each and every one of us. Therefore the believer needs to meet the unbeliever residing within. And the non-believer should get to know the silent faithful within him. Until the day when one reaches the stage of Insan-i Kamil, the perfect human being, faith is a gradual process and one that necessitates its seeming opposite: disbelief.

عەلائەددین بەو قسانەی براکەی دڵتەنگ دەبێت، چونکە دەزانێ قسەکانی شەمسی بۆ باس دەکا، بە تووڕەییەوە بە براکەی دەڵێت: بزانە من لەو قسانەی

---

**(٦٤) رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٤٤.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P309

دەروێشان و سۆفییان بێزارم، چی وام لێدەکات گوێت لێ ڕابگرم، هەموو هەڵەی تۆ بوو، دەبووایە لە دیمەشق واز لە شەمس بهێنی، بۆچی گەڕاندتەوە ئێرە؟ ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر بێت، ئەوە تۆ لێی بەرپرسیار دەبیت.

❈ ❈ ❈

شەمس و کیمیا حەوت مانگ بەسەر هاوسەرگیرییان تێپەڕ دەبێ، بەڵام بۆ یەك جاریش شەمس وەك پیاوێك سەرجێی لەگەڵ کیمیا ناکا. زۆربەی کاتەکانیان بە قسە و خوێندنەوە بەسەر دەبەن، شەمس لەزەتێکی زۆری لە قسەکردن وەردەگرت، بە یەکەوە لەگەڵ کیمیا چەندان چیرۆکی عەشقی وەك قەیس و لەیلا و فەرهاد و شیرین و یووسف و زولەیخا و گوڵ و بلبلیان خوێندەوە. کاتێك لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان دەبوونەوە، شەمس باسی چل ڕێسای سۆفییە موسڵمانە گەڕۆکەکانی دەکرد، ئەو چل ڕێسایەی بنەما سەرەکییەکانی ئایینی عەشقیان پێکدەهێنا.

کیمیا پەنا بۆ گوڵی بیابان دەبا تا بتوانێت لە سەرنجڕاکێشانی شەمس بۆ لای خۆی و سەرجێی لەگەڵکردنی یارمەتی بدات، هەرچەندە گوڵی بیابان ئەو هۆکارانەی بۆ دەستنیشان دەکا کە دڵی پیاوان بۆ لای ئافرەتان ڕادەکێشێ، بەڵام کاتێك کیمیا پەیڕەوی ڕێنماییەکانی ئەو دەکا و خۆی ئامادە دەکا و دەچێتە لای پیاوەکەی تووشی کارەساتێکی گەورە دەبێ، شەمس پاڵی پێوە دەنێت و پێی دەڵێت: کیمیا هیوا بڕاوت کردم، تکایە وازم لێ بێنەو بە تەنیا جێم بهێڵە. ئەمە کیمیا تووشی شۆك دەکاو دواتر بە تەواوی لە شەمس دوور دەکەوێتەوە و نەخۆش دەکەوێ و لە ژوورەکەیدا پاڵ دەکەوێ و ئاگای لە دنیای دەوروبەری نامینێت، هەست دەکات بەرەو نەبوونی دەچێت، هەموو ڕەنگەکانی لا دەبنە ڕەنگی سپی، هیچ کەسێك ناناسێتەوە و قسەکانی خەڵك وەکە پسە پس کردنێك دێنە بەر گوێی، لە دەریای نەبوونیدا مەلە دەکا، هەست دەکا ئەوە هەمان ئەو هەستەیە کە کەسێك زۆر بە قووڵی قورئان دەخوێنێتەوە و لە بێ کۆتاییدا مەلە دەکا.

❈ ❈ ❈

سلێمانی سەرخۆش بە سەرخۆشی گوێی لە چەند کەسێك دەبیٚ پیلان بۆ کوشتنی شەمس دەگێڕن، وا دەزانیٚ خەون دەبینیٚ، بەڵام دواتر دڵنیا دەبێت کە کەمێك سەرخۆش بووە نەیتوانی کەسەکان بناسێتەوە کە باسی ئەو پیلانەیان کردووە. یەکسەر هەوڵ دەدا شەمس بدۆزێتەوە و هەواڵەکەی پیٚ ڕابگەیەنێت، بەڵام شەمس ئەو هەواڵەی زۆر لا ئاسایی دەبێت، وەك ئەوەی ئاگاداری پیلانگێڕانی کوشتنی خۆی بێت، لەبەر ئەوە بە هەواڵەکە ناشڵەژیٚ، لەبەر خۆی قسە دەکا..لا یصیبنا الا ما کتب الله لنا. دواتر باسی ڕێسای سی و شەش دەکا[٦٥]: (ڕێسای سی وشەش) (٣٦)ئەم دنیایە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕ خولقاوە، هەموو مرۆڤێك ئەگەر بەقەد گەردیلەیەك چاکەی کردبیٚ، پاداشت دەکرێت، ئەگەر بەقەد گەردیلەیەك خراپەی کردبیٚ، سزای خۆی وەردەگریٚ، لە پیلانگێڕی و تەڵەدانانەوەی کەسانی دیکە مەترسە، ئەوەت لەبیر بێت ئەگەر کەسێك ویستی شتێکت بەسەر بهێنیٚ، ئەوە دیارە تەدبیری خوایە، لەبەر ئەوەی بەرنامەڕێژی گەورەی دنیا خودایە، گەڵای دارێك بە بیٚ ئاگاداری خودا جووڵە ناکا، بە تەواوی باوەڕت بەوە هەبێت کە هەموو شتێك خواوەند بە شێوەیەکی جوان ئەنجامی دەدا.

Thirty-Sixth Rule: This world is erected upon the principle of reciprocity. Neither a drop of kindness nor a speck of evil will remain unreciprocated. Fear not the plots, deceptions, or tricks of other people. If somebody is setting a trap, remember, so is God. He is the biggest plotter. Not even a leaf stirs outside God's knowledge. Simply and fully believe in that. Whatever God does, He does beautifully.

---

(٦٥) **روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٧٣.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P330

لە ئازاری ١٢٤٨ بکوژ باس لە کوشتنی شەمس دەکا لە حەوشەی ماڵی ڕۆمی.
شەمس بەو شەوە باراناوییە چرایەکی بەدەستەوەیە و دێتە ناو حەوشەکە وەك بڵێی بە بکوژەکەی بڵێ: ئەم شەو شەوێکی خۆشە، وا نییە؟ لە تەبریز مامۆستایەکم هەبوو فێری کردم هەموو شتێك کاتێکی دیاریکراوی هەیە، ئەمە ڕێسایەکە لە ڕێساکان(٦٦):
**(ڕێسای سی و حەفت)** (٣٧) کارەکانی خوداوەندا وەك کاتژمێرێکی دروست وایە، بۆ هەمووان بەو شێوەیە ڕێکخراوە کە هەموو شتێك لەسەر ڕووی ئەم زەمینە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ڕوودەدات، هەر کەسێك کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ خۆشەویستی و کاتێکی دیاریکراویشی هەیە بۆ مردن.

Thirty-Seventh Rule: God is a meticulous clockmaker. So precise is His order that everything on earth happens in its own time. Neither a minute late nor a minute early. And for everyone without exception, the clock works accurately. For each there is a time to love and a time to die.

بکوژەکە گوێی لەو قسانەی شەمس دەبێت، وا دەزانێ کە قسە لەگەڵ ئەودا دەکا، پێی سەیرە چۆن ئەوی بینیوە! بەبیریدا دێت کە باسی جادوویی شەمسیان دەکرد، دواتر هێرش دەکاتە سەری و دەستی خۆی لێ دەوەشێنی، لەو کاتە شەش کەسی دیکە پەیدا دەبن و هێرش دەکەنە سەر شەمس، تا وای لێ دێت بکوژەکە دەبێتە شاهێدێکی بکوژەکانی شەمس لەلایەن ئەو شەش کەسەوە، بەڵام بکوژەکە دوا خەنجەر لەسەر دڵی شەمس دەدات و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت، پاشان تەرمەکەی دەخەنە ناو بیری حەوشەکەی ماڵی ڕۆمی و دواتر ڕادەکەن. ڕۆمی هەست بە تاوانەکە دەکا و دێتە حەوشەکە و لای بیرەکە هاوار دەکا: شەمسیان کوشت.

❁ ❁ ❁

(٦٦) **رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٧٧.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P333

ئیلا کە دەستنووسی ئەم ڕۆمانە (کفرێکی شیرین-چیرۆکی شەمسی تەبریزی و مەولانا) دەخوێنێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕۆمانەکە و گۆڕانکاری بەسەر ژیانیدا دێت، لە ئافرەتێکی دڵ بە تاڵ کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆ پیاوەکەی تێدا نییە، دەبێتە مرۆڤێکی دڵ پڕ خۆشەویستی و نووسەری دەستنووسی ڕۆمانەکە (عەزیز)ی خۆش دەوێت. لە کۆتایی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، بۆ دواجار لە چێشتخانەکەدا وەك پیشەی هەمیشەی، خواردن بۆ خێزانەکەی ئامادە دەکات و دەست دەداتە جانتاکەی کە پێشتر بۆ سەفەرکردن ئامادەی کردبوو، بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەندامانی خێزانەکەی بکاتەوە،ماڵەوە بە جێ دەهێڵێ و لە شاری قۆنییە سەفەر بۆ لای عەزیز دەکا. ئەو کاتەی دەست دەداتە جانتاکەی ئەو ڕێسایەی شەمسی تەبریزی بە بیر دا دێت[٦٧]: **(ڕێسای سی وهەشت) (٣٨)** بە هیچ شێوەیەك ئێستاکە درەنگ نییە لە خۆت بپرسی: ئایا من ئامادەم ئەو ژیانە بگۆڕم کە تێیدا دەژیم؟ ئایا ئامادەم لە ناوەوە بگۆڕێم؟ تا ئەگەر تاکە ڕۆژێك لە ژیاندا مابێت وەك ڕۆژەکەی پێشوویەتی، لە هەر تەمەن و ساتێکدابین، هەر شتێك لە ژیانماندا ڕوودات، دەتوانین سەر لەنوێ ژیانمان نوێ بکەینەوە، نابێت هیچ ڕۆژێکی ژیانمان بە ڕۆژێکی پێشووترمان بچێت، پێویستە لە هەر ئان و ساتێکدا لە هەموو هەناسەدانێکدا نوێ ببینەوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەین، پێویستە پێش ئەوەی کاتی مەرگمان بێت بمرین.

Thirty-Eighth Rule: It is never too late to ask yourself, "Am I ready to change the life I am living? Am I ready to change within?" Even if a single day in your life is the same as the day before, it surely is a pity. At every moment and with each new breath, one

---

**(٦٧) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٨٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P336

should be renewed and renewed again. There is only one way to be born into a new life: to die before death.

❊ ❊ ❊

عەلائەددین دەچێتە لای باوکی، دەیەوێت پاکانەی خۆی بکا و بێ تاوانی خۆی لە کوشتنی شەمس نیشان بدات، بەڵام دواتر پەڵە خوێنی سەر کراسەکەی شاهیدی هاوبەشیکردنی لە تاوانی کوشتنەکەدا دەدا، دواتر خۆی دان بە ڕاستییەکاندا دەنێت کە بووەتە ڕێ نیشاندەری بکوژەکە و لەگەڵ بیبرس و ڕاس واوی کە پاسەوانی لەشفرۆشخانەیەو کەسانی دیکە تاوانەکەیان کردووە. عەلائەددین باسی ئەوە دەکات کە هەر لەو کاتەی شەمس هاتووەتە ژیانی ڕۆمی باوکی خۆشەویستی هەموو ژیانی داگیر کردووە، دڵی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان کردووەتەوە، هەر تەنیا بەرانبەر موسڵمانان نەرمونیان نییە، بەڵکو بەرانبەر گاور و جوولەکەکان، تەنانەت بتپەرستەکانیش نەرمونیانە، بازنەی خۆشەویستی ڕۆمی زۆر فراوان بووە، سەرخۆش و گەدا و ئافرەتانی لەشفرۆش و خەڵکە پەراوێزخراوەکانی بەخۆوە گرتووە، عەلائەددین وای بۆ دەچێت کە باوکی لەوانەیە لە بکوژانی دیکەی شەمس خۆش بێت، بەڵام تەنیا یەك کەس هەیە لەوانەیە خۆشی نەوێت، ئەویش کوڕەکەی عەلائەددینە.

❊ ❊ ❊

لە ئەیلوولی ١٢٤٨ سوڵتان وەلەد باسی ئەوە دەکات کە ڕۆمی باوکی، دوای کوشتنی شەمس زۆر غەمگین بووە، هەموو ئەو زێڕ و زیوانەی هەیبووە بەسەر سەرخۆش و بێ دایك و باوکان و ئافرەتانی لەشفرۆشی بەخشیوە، وازی لە هەموو ماڵ و موڵکی خۆی هێناوە، ڕۆمی دەڵێت: شەمس ڕۆیشت، منیش ڕۆیشتم، زانا و گوتاربێژ نەمام، بەرەو نەبوونی دەچم.

ڕۆژێك بازرگانێکی فێڵباز و درۆزن دەچێتە لای ڕۆمی پێی دەڵێت کە چەند ساڵ لەمەوپێش شەمسی ناسیوە، ئەو کاتەی لە بەغدا بووە، شەمس نەمردووە و لە ژیاندایە، لە شوێنێکی دوور لە هیندستان دەژی، چاوەڕوانی دەرفەتێك دەکا، تا

دەرکەوێتەوە. ڕۆمی لێی دەپرسێت: لەبەرانبەر ئەو هەواڵە خۆش و مەزنەدا چی لێ دەوێت تا پێشکەشی بکا؟ ئەویش پێی دەڵێت: کە منداڵ بوو حەزی کردووە ببێتە دەروێش، بەڵام ژیان بەلایەکی دیکەیدا بردووە، ئێستا حەز بەوە دەکات کڵاو و پۆشاکی زانایەکی ئایینی بەناوبانگی وەك ڕۆمی هەبێت. ڕۆمی یەکسەر کڵاوە مەخمەلی و پۆشاکە گرانبەهاکەی خۆی لەبەر دەکاتەوە و پێی دەدات. سوڵتان وەلەد پرسیار لە باوکی دەکا کە بۆچی ئەو کڵاو و شمەکە گرانبەهایەی خۆی دایە ئەو پیاوە کە دەزانی قسەی ڕاست ناکا و درۆزنە؟

ڕۆمی وەڵامی کوڕەکەی دەداتەوە: وا دەزانیێ بەهای کڵاو و شمەکەکەم بەرانبەر بەهای درۆکەی ئەو کابرایەیە کە گوتی شەمس زیندووە؟ کوڕم ئەگەر ئەو کابرایە لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بووایە کە شەمس زیندووە، ئەو کات هەموو ژیانی خۆم، ڕوحم پێشکەشی دەکرد.

لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٢٦٠ ڕۆمی دوا قسەی خۆی لەم ڕۆمانەدا دەکا، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئازار دەگۆڕێت و دەبێتە غەمگینی، غەمگینیش دەبێتە بێ دەنگی، بێ دەنگیش دەبێتە گۆشەگیرییەکی گەورە و فراوان، وەك ئۆقیانووسە تاریکەکان.ئەمڕۆ شازدە ساڵ بەسەر یەکەم دیدارم لەگەڵ شەمسدا تێپەڕ دەبێ، هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە چل ڕێساکە ڕادەمێنم و هەموو ڕێساکان بە بیرخۆم دەهێنمەوە و لێیان ورد دەبمەوە، بەڵام لە عەقڵمدا جگە لە خولیای شەمسی تەبریزی، هیچی دیکەی تێدا نییە، شەمس وەك ڕۆژ وەك چرا سەرجەم خاڵە قووڵ و تاریکەکانی ڕوحم بە ڕۆشنایی خۆی ڕووناك دەکاتەوە.

کاتێك کەسێکت خۆش دەوێت و دواتر لەدەستی دەدەیت، تۆش وەك ئەو نابووت دەبی، وا بە خەیاڵتدا دێ کە ناتوانی بەردەوامی بە ژیانت بدەی، ڕۆشنایی ڕوحت کوژاوەتەوە و لە تاریکییەکی هەمیشەییدا دەژی، بەڵام کاتێك نوتەکی هەڵدەڵووشی و هەردوو چاوەکانت لە جیهاندا دادەخەی، چاوی سێیەم لە دڵتدا پەیدا دەبێت، کە

چاوێکی هەمیشە کراوەیە، ئەو کاتە دەزانی کە هیچ غەمێك بۆ هەمیشە بەردەوام نابێت، دوای وەرزی خەزان، وەرزی بەهار دێ، دوای هەر دابڕانێك وەسڵەت دێ.

ئەگەر بە چاوی سێیەم بڕوانی دەتوانی گیانی هەموو ئەو ئازیزانە ببینی کە کۆچیان کردووە و لە دەستت داون، لە هەر دڵۆپێکی ئاو، لە هەر بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ئاوی دەریا، لە هەر کزە بایەك کە هەڵدەکا، لە تریسکانەوەی بڵێسەی ڕووناکی فانۆسێکدا، دەتوانی گیانی ئازیزانت ببینی. کاتێك من لە هەموو شتێك و لە هەموو جێگایەك ئەو ببینم، چۆن دەتوانم بڵێم شەمس ڕۆیشتووە و زیندوو نییە، دەنگی ئەو لە ناوەوەمدایە، هەرچەندە وای بۆ دەچم کە وشەکان ڕاڤەی گەشتی ناوەوەم ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم بە وشەکان هەیە، زانا و گوتاربێژ نەماوم، عەشق ئەو کانیاوانەی لێ وشك کردم و پڕی کردم لە شیعر.

لەو ڕۆژانەی ژیانم کە دوای کۆچکردنی شەمس بەسەرم بردووە، تەنیا دوو کەس هاوڕێ و هاوکارم بوون، سوڵتان وەلەدی کوڕی گەورەم و سەلاحەددین زرگوبی، کاتێك بۆ یەکەم جار دەنگی چەکوشی زێڕەنگەری سەلاحەددینم لە دوکانە بچووکەکەی گوێ لێ بوو، کە خەریکی چاککردنی زێڕ بوو، هەستم بە ڕیتمی جیهان کرد، ئەو دەنگە ئیلهامی سەمای دەروێشانی پێ بەخشیم، ئەو دەنگەی لەو دوکانە بچووکە دەردەچوو، وەك لێدانی دڵی گەردوون وابوو، ئەو ڕیتمە خواوەندییەی کە شەمس باسی لێوە دەکرد، منیش زۆر گرنگیم پێ دەدا.

سوڵتان وەلەدی کوڕم فاتیمەی کچی سەلاحەددینی هێناو کردییە هاوسەری خۆی، کە کچێکی باش و وریا بوو، کیمیای ئازیزمی بەیاد دەهێنامەوە، دواتر فاتیمە بووە چاوی ڕاستەم و خوشکەکەی بووە چاوەکەی دیکەم، کاتێك بمویستبایە کارێك بکەم ئەم دوو چاوەم ڕێنماییان دەکردم، پێشتر کیمیای ئازیزم بۆی سەلماندبووم کە کچان هیچیان لە کوڕان کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبن بۆ ئەوەی ببنە قوتابی زیرەك و باش. دەستم کرد بە ڕێکخستنی سەمای سۆفییان بۆ ئافرەتان، بە بەردەوامی داوام لێ دەکردن کە سەما بکەن.

پێش چوار ساڵ دەستم بە هۆنینەوەی شیعرەکانی مەسنەوی کرد، یەکەم دێڕم لە کازیوەی بەیانێکدا بە خەیاڵدا هات، ئەو کاتەی چاودێری هەڵهاتنی خۆرم دەکرد کە تاریکی شەوی پارچە پارچە دەکرد، هەر لەو کاتەدا هۆنراوە لە خۆڕا دەهاتە سەر زارم، من خۆم نەمدەنووسییەوە، سەلاحەددین زۆر بە پەرۆش بوو بۆ نووسینەوەی شیعرەکانم، سوڵتان وەلەدی کوڕیشم پاکنووسی دەستنووسەکەی ئەوی دەکرد، بە هۆی ئەوە شیعرەکانم نەفەوتاون و ماونەتەوە. ئەگەر ئێستا داوای گوتنەوەی ئەو شیعرانەم لێ بکەن، یەك دێڕم بە یاد نایەتەوە، چونکە وشەکان وەك باڵندە کۆچەرەکان لەسەر زارم هەڵدەنیشن و زۆر خێرا هەڵدەفڕین، منیش وەك کەنار دەریایەك وابووم بۆ پشوویەکی کورتی ئەو وشە باڵندە کۆچەرییانە تا دەگەنە شوێنی ئارامی خۆیان.

کە شیعرێکم دەگوت، هیچ پلانێکی پێش وەختەم بۆ دانەدەنا، کە شیعرێکی کورت بێ، یان درێژ کە قەسیدەکە کۆتایی دەهات، هەستم بە هێمنی دەکرد، ئەو کاتە دەکەوتمە بێ دەنگی و خامۆشی، لەبەر ئەوە زۆربەی غەزەلەکانم بە نازناوی خامۆش واژۆ دەکرد، هەندێکی دیکەی شیعرەکانم بە ناوی شەمسی تەبریزی واژۆ دەکرد و بڵاودەکردەوە.

جیهان بە خێرایی دەڕواو دەگۆڕێ، ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بەسەریدا زاڵ بین، لە ساڵی ١٢٥٨ شاری بەغدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆلییەکان، ئەو شارەی کە وەك مەڵبەندێکی شارستانی جیهانی شانازی بە شکۆمەندی و خۆشگوزەرانی و جوانی ئەفسوناوی و خۆڕاگری خۆیەوە دەکرد، مەغۆلییەکان وێرانیان کرد. سەلاحەددین لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، بە کەرنەڤاڵێکی دەروێشانە تەرمەکەیان شاردەوە.

لە ساڵی ١٢٦٠ مەمالیکەکانی میسر شکستیان بە مەغۆلییەکان هێنا، سەرکەوتووی دوێنێ بووە شکستخواردووی ئەمڕۆ، هەموو سەرکەوتوویەك لەو باوەڕەدایە کە بۆ هەمیشە بە سەرکەوتوویی دەمێنێتەوە، هەموو شکستخواردوویەکیش وادەزانێ بۆ هەمیشە لە شکستدایە، هەردوو بۆچوون لەبەر

یەك هۆكار لە هەڵەدان، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە گۆڕاندایە، تەنیا خودا نەبێت کە هەمیشە وەك خۆیەتی و نەمر و نەگۆڕە.

لە پاش کۆچکردنی سەلاحەددین قوتابییەکی دیکەم بە ناوی حیسام هاوکاری کردم، کە خێرا نەشونمای کرد و کەوتە سەر ڕێگای منەوە، ئەو هەموو مەسنەوی بۆ نووسیمەوە، کە مرۆڤێکی زۆر خاکی و دڵنەرم بوو. ئەگەر پرسیارت لێ بکردبووایە: تۆ کێی و چی دەکەی؟ یەکسەر وەڵامی دەدایەوە: من هەژارێکم لە دوای شوێن پێی شەمسی تەبریزی هاتمە ناو کاروانی عەشق، من نە موریدم و نە نیازی بوونە مورشیدیشم هەیە، تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە میراتی مرۆڤێکی شەرەفمەند لە فەوتان ڕزگار بکەم تا لە بیر نەکرێت.

بەم شێوەیە ڕۆژان و شەوان و ساڵان دەگوزەرێن، دواجار پیر دەبی، سەرەتا جەستەت هەست بە پیری دەکا، بەرەبەرە بەرەو کەماڵ بوون دەچی، بە چل ساڵی دەگەی، دواتر پەنجا ساڵی، یەکسەر بۆ شەست ساڵی شۆڕ دەبیتەوە، هەر دە ساڵ جارێك سەیری ڕابوردوو دەکەم، پاشان بەردەوامی بە ژیان دەدەم، خاڵێك نییە لەم گەردوونە پێی بگەی، گەردوون دەسووڕێ، بە جێگیری و بە بەردەوامی، هەروەها زەوی و مانگیش بەهەمان شێوە، بەو زانیارییانەوە ئێمەی سۆفی و دەروێشەکان بە ڕێگا و شێوازی خۆمان دەسووڕێینەوە و سەما دەکەین، لە کانگای نیگەران و شەڕ و ئاژاوەکان، لە برین و ئازار و دڵ خۆشییەکانمان، بە ئاسوودەیی سەما دەکەین، وەك هەلڕژانی ئاو لە خوێنماندا سەما دەکەین، هەست بە هاوگونجاندنێك و هاوسەنگییەکی تەواو لەگەڵ گەردووندا و لەگەڵ ئەوانەی لە ناو گەردووندان دەکەین، هەموو شتەکان لە نوێبوونەوەدان، مەقامەکان و ناوەکان لە گۆڕانکاریدان، هەر قسەیەك کە دەیکەین، هەر زیانێك کە بە کەسێکی دیکە دەگەیەنین، دووبارە بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، بەڵام مرۆڤەکان زۆربەیان ئەمە نازانن، لەبەر ئەوە زۆربەی خەڵك کە تووشی گرفتێك دەبن، کەسانی دیکە خەتابار دەکەن.

خاڵەکان بەبەردەوامی دەگۆڕێن، خاڵێك شوێنی خاڵێکی دیکە دەگرێتەوە، بەڵام بازنەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەوەتا ڕێسای سی و نۆیەمین دەڵێت[٦٨]: **(ڕێسای سی ونۆ) (٣٩)** هەرچەندە لە دنیادا بەشەکان دەگۆڕێن، بەڵام گشت هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، چونکە کاتێك دزێك دەڕوات، دزێکی دیکە پەیدا دەبێت و دێتەوە شوێنی دزە ڕۆیشتووەکە، کاتێك کەسێکی ڕاستگۆ و باش دەمرێت، ڕاستگۆیەکی دیکە لە دایك دەبێت و شوێنی دەگرێتەوە، بەم شێوەیە هیچ شتێك نامێنێتەوە کە نەگۆڕێت، بەڵام شتێك هەیە کە هەرگیز ناگۆڕێت، گشت لە ناو ناچێت و هەموو شتێك لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، وەلێ هیچ ڕۆژێك بە ڕۆژێکی دیکەی پێشووتری ناچێت، هەر سۆفییەك کە دەمرێت، سۆفییەکی دیکە لە شوێنی ئەو دێتە دنیاوە.

**Thirty-Ninth Rule**: While the parts change, the whole always remains the same. For every thief who departs this world, a new one is born. And every decent person who passes away is replaced by a new one. In this way not only does nothing remain the same but also nothing ever really changes. For every Sufi who dies, another is born somewhere.

ئایینی ئێمە ئایینی عەشقە، هەموو مرۆڤەکان بە زنجیرەی دڵەکانیان بەیەکەوە پەیوەستن، ئەگەر ئەڵقەیەك جیابێتەوە، ئەڵقەیەکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە، هەرچەندە شەمسی تەبریزی مردووە، بەڵام شەمسی تەبریزییەکی دیکە لەسەردەمێکی نوێدا بە ناوێکی جیاواز سەرهەڵدەدا، ناوەکان دەگۆڕێن، دێن و دەڕۆن، بەڵام جەوهەریان یەك شتە.

❁ ❁ ❁

---

**(٦٨) روایة قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٤٩٢.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, ,P343

له کۆتایی ئەم ڕۆمانەدا ئیلا باسی کۆتایی ژیانی شەمسی تەبریزی سەردەم دەکا که نووسەرەکەی کفرێکی شیرین -عەزیزە.

له ٧ ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٩ ئیلا لە ژوورێکی نەخۆشخانەیەکی شاری قۆنییە لەسەر کورسییەکی پلاستیك لە تەنیشت سیسەمی عەزیزەوە نوستووە، دەنگێکی چاوەڕواننەکراو دەکەوێتە بەر گوێچکەکانی و چاوەکانی دەکاتەوە، دەنگەکە چەند وشەیەك بوو پێشتر گوێی لێ نەبووبوو، دواتر درکی بەوە کرد کە ئەم دەنگە بانگی بەیانییە بۆ نوێژکردن، ڕۆژێکی نوێ خەریك بوو دەست پێ بکات، بەڵام ئەو هەستی بەوە دەکرد کە ئەم ڕۆژە دەبێتە کۆتایی شتێکی دیکە.

ئەگەر پرسیار لە هەر کەسێك بکەی کە بۆ یەکەم جار گوێی لە بانگی بەیانی بێت، هەمان ئەو هەستەی ئەوی دەبوو، ئای چەند هەستێکی جوان و تەمومژاوییە، هەستێکی ئەفسووناوی ترسناك داتدەگرێ، هەروەك عەشق وایە.

که ئیلا لەگەڵ ئەو بانگی بەیانییە لە خەو بە ئاگا هات، دوای ئەوەی لە تاریکیدا چاوەکانی کردەوە، بۆی دەرکەوت ئەو دەنگە نێرینەیە لە پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەیدا هاتووەتە ژوورەوە، بە ئاگا دێتەوە کە ئەو ئێستا لە ماساشوستس-ئەمریکا نییە، لەو ماڵە فراوانە نییە کە لەگەڵ پیاوەکەی و منداڵەکانی تێیدا دەژیا، کە زەمەنێکی ڕابوردووی ئەو بوو، ئێستاکە ئەو لەو زەمەندا ناژیت، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەی جیهاندا دەژی، لە نەخۆشخانەیەك لە شاری قۆنییە لە تورکیا، ئەو هەناسەیەی کە لەو ژوورەدا گوێی لێیەتی، هەناسەی عاشقەکەیەتی کە پیاوەکەی لە پێناویدا بە جێ هێشتووە. ئەو لەوە دەگەیشت کە کۆمەڵگا ڕیسوای دەکا، چونکە پیاوەکەی و منداڵەکانی، لە پێناوی پیاوێکدا بەجێ هێشتوون کە هیچ دوارۆژێکی نییە، بەڵام ئەو ئافرەتێکە کە وازی لە دوارۆژی خۆی هێناوە لە پێناو ئێستایدا.

گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساند و بە چاوەکەی ژوورەکەی دەپشکنی، وەك بڵێی دەیەوێت دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو چەند کاتژمێرەی خەوی لێ کەوتبوو بارودۆخەکە وەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە.

ژوورەکە بچووکترین ژووری نەخۆشخانەیەك بوو کە لە ژیانیدا بینیبێتی، هەرچەندە نەخۆشخانەی زۆری نەبینیوە، سیسەمەکە هەموو پانتایی ژوورەکەی گرتبوو، دۆڵابێکی داری لە تەنیشت بوو، لەگەڵ مێزێکی چوار گۆشەی بچووك، کورسییەك، گوڵدانێکی بە تاڵ، سینییەك چەندان جۆر حەب و دەرمانی تێدابوو، لە تەنیشتیدا کتێبی (من و ڕۆمی) دانرابوو، کە عەزیز لە سەرەتای گەشتەکەیاندا دەستی بە خوێندنەوەی کردبوو.

چوار ڕۆژ بوو گەیشتبووە شاری قۆنییە، ڕۆژی یەکەمی گەیشتنی وەك گەشتیارێکی ئاسایی لەم شارە بە سەر برد، سەردانی شوێنەوارەکان و موزەخانەکانی کرد، چەندان وێنەی فۆتۆگرافی شوێن و دیمەنەکانی ئەو شارەی گرت، وێنەی هەموو شتێکی گرت، کاتەکانی ئاسایی دەگوزەران. تا دوێنێ کە عەزیز کەوتە نەخۆشخانە، دوای ئەوەی بەیەکەوە لە چێشتخانەیەکدا نانیان دەخوارد، باری تەندروستی تێکچوو، کەوتە سەر زەوی، لەو کاتەوە کە گوازرایەوە نەخۆشخانە، ئیلا لە تەنیشت سیسەمەکەی عەزیز لەسەر کورسییەك دانیشتووە و نازانێت چی ڕوودەدات. لە خودا دەپاڕایەوە، خودایە چۆن ئەو عەشقەی درەنگەوەختێك پێت بەخشیم، وا بە خێرایی و زوو لێم وەردەگریتەوە، کەی ئەمە ڕەوای هەقە؟! نەدەبووایە ئەو عەشقەم پێ بدەی کە پێت دام، لێم مەستێنەوە و بۆم بهێڵەوە.

ئیلا سەیری عەزیزی عاشقەکەی دەکرد، کە لەسەر سیسەمەکەی خەوتبوو، نەیدەویست بانگی بکات، بەڵام حەزی لەوە دەکرد کە گوێی لە دەنگی بێت: لەبەر ئەوە بانگی کرد: عەزیز خەوتووی؟ عەزیز خەوتووی؟

عەزیز بە ئاگا هات و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: خەوتبووم، ئازیزەکەم لەخەو هەڵستاوی؟

- بانگی نوێژی بەیانی بە ئاگای هێنامەوە.

- نوێژی بەیانی نوێژێکی تایبەتە، دەزانی لەو پێنج نوێژەی ڕۆژانەی موسڵمانان، دەڵێن نوێژی بەیانیان لە هەموویان پیرۆزترە، بەڵام لە هەموو نوێژەکانیش سەختترە،

چونکە لە هەموو نوێژەکان زیاتر بابەتی تاقیکردنەوەی مرۆڤەکانە.
- لەبەر چی؟
- وابزانم لەبەر ئەوەیە کە لە خەوکانمان بە خەبەرمان دەهێنێت و وریامان دەکاتەوە، تا بەرەو ئەو حەقیقەتە بێین کە بانگەکە داوەتمان دەکا، بۆیە دەستەواژەیەك تەنیا لە بانگی نوێژی بەیانیان هەیە و لە بانگی نوێژەکانی دیکەدا نییە، کە دەڵێت نوێژ باشترە لە خەوتن (الصلاە خیر من النوم).
ئیلا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لەوانەیە خەوتن بۆ من و تۆ باش بێت، ئای چەند هیواخوازی ئەوە بووم کە بەیەکەوە خەوتباین، ئەو حەزی بە خەوێکی هێمن دەکرد، خەوێکی قووڵ بۆ ماوەیەکی درێژ، تا سەت ساڵان بێدار نەبنەوە، تا ئەو ئازار و خەم و کەسەرەی سەر دڵی کەم دەبووەوە.
دوای ئەوەی دوا دەنگی بانگی بەیانیان سەدای دەدایەوە، دواتر نەما، دنیا کەوتە بێ دەنگی و کپ بوو، بێ دەنگییەك کە بەرگەی نەدەگیرا. ساڵێك بەسەر یەکتر بینینیان لەگەڵ عەزیزدا تێپەڕ بووە، ساڵێك لە خۆشەویستی و درك کردن، زۆربەی ئەو کاتانە تەندروستی عەزیز باش بوو، دەیتوانی بەردەوامی بە گەشتەکانی لەگەڵ ئیلا دا بدات، بەڵام لەو دوو هەفتەیەی دواییدا باری تەندروستی تێکچوو.
ئیلا سەیری عەزیزی کرد، بینی جارێکی دیکە نووستەوە، ڕوخساری هێمنانە دەهاتە بەر چاو، مێشکی ئیلا پڕ بوو لەبیرکردنەوە و تێکچڕژانی بیر و بۆچوونەکان، خۆی پێ نەگیرا لەژوورەکەدا بمینێتەوە و چووە دەرەوە، خۆی گەیاندە حەوشە بچووکەکەی نەخۆشخانە کە تێیدا حەوزە ئاوێکی بچووك و لە ناوەڕاستیشیدا پەیکەرێکی بەردی فریشتەیەك دروستکرابوون، سەیری ئاوەکەی کرد کە چەند سکە پارەیەکی تێدا بوو، دیارە کەسانێك بەنیازی مەرامی خۆیان فڕێیاندابووە ناوی، ئیلا لە گیرفانیدا بە دوای سکەی پارەدا گەڕا، تا ئەویش بە نیازی مەرامی خۆی فڕێی بداتە ناو ئاوەکەوە، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە، دواتر چەند وردە بەردێکی ساف و بریقەداری لە نزیك حەوزەکە دۆزییەوە، بەردێکی هەڵگرتەوە و چاوەکانی نوقاند و

خستییه ناو حەوزە ئاوەکەوە، بە مەرامێك بەردەکەی فڕێ دا کە دەیزانی نایەتە دی، بەردەکە بە دیواری حەوزەکە کەوت و بەرزبۆوە و کەوتە باوەشی پەیکەری فریشتەکەی ناوەڕاستی ئاوەکە. ئیلا لەگەڵ خۆیدا گوتی عەزیز ئێستا لێرە بووایە لەمەدا ئاماژەیەکی بەدی دەکرد.

دوای نیو کاتژمێر گەڕایەوە ژوورەکەی عەزیز، بینی پزیشکێك و سستەرێکی گەنج جەستە و ڕوخساری عەزیزیان دادەپۆشی، دیاربوو عەزیز کۆچی دوایی کردبوو.

عەزیز وەسیەتی کردبوو کە وەك ڕۆمی تەرمەکەی لە قۆنییە بنێژرێت، ئیلا ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەی ڕێکخست، بۆ ئافرەتێکی گەشتیاری وەك ئەو ئەم کارە هێندە ئاسان نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو کە خودا یارمەتی دەدات لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی کە نەیدەتوانی ئەنجامیان بدات، سەرەتا پارچە زەوییەکی ئامادەکرد لە گۆڕستانێکی کۆنی موسڵمانان بۆ ناشتنی تەرمەکەی عەزیز، هەروەها ئەو میوزیکژەنانەشی دۆزییەوە کە میوزیکی سۆفیانەیان لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمدا دەژەنی. نامەی ئەلیکترۆنی بۆ هەموو هاوڕێکانی عەزیز لە دنیادا نارد بۆ ئامادەبوون لەو ڕێوڕەسمە.

ئیلا زۆر دڵخۆش و سەرسام بوو بە ئامادە بوونی ئەو هەموو خەڵکە، ئەوانەی لە شوێنی زۆر دوور هاتبوون، لە کیپ تاون، سان پترۆسبۆرگ، مورشد ئاباد، ساوبا یۆ، کە خەڵکانێکی جۆراوجۆر بوون، خەڵکی پیشە و بیرو باوەڕ جیاواز، فۆتۆگارفیست وەك عەزیز، زانا و ڕۆژنامەنووس و سەماکار و پەیکەرتاش و کشتوکاڵکار و ئەو منداڵانەی کە عەزیز بە منداڵی خۆی دادەنان. لە هەموو بیروباوەڕەکان خەڵك ئامادە بووبوون. بەم بۆنەیەوە هەر هەموویان ئاهەنگیان دەگێڕا، هەروەك عەزیز حەزی لێ بوو کە ناشتنەکەی بەم جۆرە بێ، منداڵەکان بە شادییەوە یارییان دەکرد، شاعیرێکی مەکسیکی نانی مردووانی بە سەر خەڵکەکەدا دابەش دەکرد، هاوڕێیەکی عەزیز کە ئسکوتلەندی بوو گوڵی دابەش دەکرد، هەر گوڵەك ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە مەرگ شتێکە نابێت مرۆڤ لێی بترسێ. پیرەمێردێکی موسڵمانی قەمبووری خەڵکی قۆنییە،

سەرسام بووبوو بەو کەرنەڤاڵە و ڕوخساری زەردەخەنەی گرتبوو، لەبەر ئەوەی پێی وابوو لە مێژووی شاری قۆنییە جگە لە کەرنەڤاڵەکەی ناشتنی جەلالەددینی ڕۆمی، هیچ ڕێوڕەسمێکی شاردنەوەی تەرمی بەو شێوەیە بەخۆوە نەبینیوە.

سێ ڕۆژ دوای ڕێوڕەسمی ناشتنی عەزیز، دوای ئەوەی میوانەکان هەموویان گەڕانەوە و ڕۆیشتن، ئیلا بە تەنیا مایەوە. بەهەموو سووچێکی ئەم شارەدا دەسووڕایەوە، سەیری ئەو خێزانانەی دەکرد کە بە تەنیشتیدا تێپەڕ دەبوون، سەیری بازرگانەکانی دەکرد لە دوکانەکانیان، سەیری فرۆشیارە گەڕۆکەکانی دەکرد، کە پێداگیرییان دەکرد ئەو شتێکیان لێ بکڕێت. خەڵك سەیری ئەو ئافرەتە ئەمەریکییەیان دەکرد کە بە چاوێکی سووربووەوە لە گریان و فرمێسکاوی بە ناویاندا دەڕۆیشت، لەو شارە ئافرەتێکی تەواو نامۆ بوو، نامۆیە لە هەموو شوێنێك، گەڕایەوە هۆتێلەکەی، پێش ئەوەی پارەی مانەوەکەی بدات و هۆتێلەکە جێ بهێڵێت، پاڵتۆکەی لەبەر کردەوە و بلووزێکی لە خوری ئەنقەرە دروستکراوی لە بەرکرد، ئینجا تەلەفۆنی بۆ جانێتی کچی کرد کە تاکە منداڵی بوو لە نێوان سێ منداڵەکانی پشتگیری دایکی دەکرد لەبڕیاردانی خۆی کە بە دوای دڵدا بڕوات، بەڵام دوو منداڵەکەی دیکەی ئورلی و ئافی تا ئێستاکە هەر قسە لەگەڵ دایکیان ناکەن، لەبەر ئەوەی بە دوای دڵیدا ڕۆیشتووە و ئەوانی جێهێشتووە. ئیلا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ جانێت دەکرد وەك بڵێی لە بەرانبەریەتی: عەزیز کۆچی دوایی کرد.

- ئای دایە گیان، سەرەخۆشیت لێ دەکەم، ئێستاکە ناگەڕێیتەوە ماڵ؟

ئیلا لەگەڵ ئەو پرسیارەدا سەری خۆی شۆڕکردەوە، کەوتە بیرکردنەوە، پرسیارێکی دیکەی بە مێشکیدا هات، ئایا دەگەڕێتەوە لای مێردەکەی لە شاری نورسمیتۆن؟ ڕێکاری تەڵاقدانەکە ڕابگرێت کە بووەتە مەتاهاتێکی پڕ لە تاوانبارکردنی یەکتر، چی دەکات ئێستاکە ئەو هیچ پارەی نییە، هیچ کارێکی نییە، بەڵام دەتوانێ وانەی تایبەتی ئینگلیزی بڵێتەوە، یان لە گۆڤارێك کار بکات، لەوانەیە ببێتە نووسەرێکی باشی بواری ئەدەبی، چاوەکانی بۆ خولەکێك خستە سەر یەك و پێشبینی ئەوەی کرد

کە بە باوەڕبوون بەخۆیەوە دەتوانێت ئەو ڕۆژانەی داهاتووی پێ بەرگە بگرێت، هەرچەندە لە ژیانیدا بەو جۆرە بە تەنیا نەماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە تەنیایی نەدەکرد، لەگەڵ کچەکەیدا بەردەوامی بە قسەکانی دا، ئازیزەکەم زۆر پەرۆشی ئێوەم، تۆ و خوشك و براکەت، دێن سەردانم بکەن؟

- بەدڵنیاییەوە دایە گیان، سەردانت دەکەین، بەڵام ئێستاکە چی دەکەی؟ ئایا دڵنیای ناگەڕێیتەوە؟

- دەچمە ئەمستردام، لەوێندەر ئەپارتمانی بچووك و جوان هەیە کە دەکەونە سەر کەنار دەریا، یەکێکیان بە کرێ دەگرم، دەبێت فێری لێخوڕینی پایسکل ببم، نازانم کچەکەم هیچ پلانێك دانانێم. هەوڵ دەدەم ڕۆژێك بژیم و ببینم دڵم چیم پێ دەڵێت، ئەمە ڕێسایەکە لە ڕێساکان، وا نییە کچەکەم؟

- کام ڕێسا دایە گیان!؟ باسی چی دەکەیت؟

ئیلا لە پەنجەرەی ژووری هۆتێلەکە نزیك کەوتەوە کە تێیدا بوو، سەیری پانتایی ئاسمانی شینی کرد، یەکسەر لە خۆڕا خولایەوە، لە نەبوونیدا توایەوە، ڕووبەڕووی چەندان ئەگەر بووەوە، وەك دەروێشێك لە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، ئینجا لەسەرخۆ بە هێمنی گوتی[٦٩]: **(ڕێسای چلەم)** (٤٠) ژیان بە بێ عەشق هیچ بەهایەکی نییە، لە خۆت مەپرسە جۆری ئەو عەشقەی کە دەتەوێت چییە؟ ڕوحییە، یان ماددییە؟ خوداییە، یان دنیاییە؟ خۆرئاواییە، یان خۆرهەڵاتییە؟ دابەشبوونەکان دەبنە هۆی زیاتر بوونی دابەشبوون، عەشق هیچ ناوێکی نییە، هیچ ئاماژەیەکی نییە، بێ پێناسەیە، وەك خۆیەتی پاك و بێ گەرد و سادە.

عەشق ئاوی ژیانە، عەشق ڕوحێکە لە ئاگر.

گەردوون زۆر جیاواز دەبێت کاتێك ئاگر عەشقی ئاو دەبێت. (لاپەڕە ٥٠٠ عەرەبی، ل ٣٤٠ چاپی ئینگلیزی).

---

**(٦٩)رواية قواعد العشق الآربعون، المصدر السابق، ص٥٠٠.** Elif Shafak, The Forty Rules of Love, P350

Fortieth Rule: A life without love is of no account. Don't ask yourself what kind of love you should seek, spiritual or material, divine or mundane, Eastern or Western. . . . Divisions only lead to more divisions. Love has no labels, no definitions. It is what it is, pure and simple. Love is the water of life. And a lover is a soul of fire! The universe turns differently when fire loves water.

# سەرچاوەکان

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئەم بابەتە خودی ڕۆمانەکەی ئەلیف شافاکە بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی. من پێم وایە ئەم کارەی من بە پشت بەستن بە خودی ڕۆمانەکە بە هەر سێ زمان باسی ناوەرۆکی ڕۆمانەکەم کردووە، هەرچەندە لە زۆر جێگا کاری وەرگێڕانم کردووە، بەڵام هەوڵم داوە ئەو شوێنانەی کە چل ڕێساکەی تێدا خراوەتە ڕوو وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی.

**بەزمانی عەرەبی:** الیف شافاق، قواعد العشق الاربعون (روایە عن جلال الدین رومی) ترجمە: خالد الجبیلی، دار گوی للپقافە والنشر والاعلام، لندن، الگبعە الاولی، ٢٠١٢.

**بە زمانی فارسی:** الیف شافاك، چهل قانونی عشق، ترجمە مرچیە احدی، ئەم کتێبە بە پی دی ئێف لە سایتی ئینتەرنێتی خوارەوە هەیە:

http://mihandownload.com/2012/03/download-ketab-40-ghanoon-eshgh.php

بە زمانی ئینگلیزی:

Penguin ،The Forty Rules of Love ،ElifShafak
2011،London،Books